# گۆڤارێکی ئەدەبیی ڕۆشنبیریی گشتییە

ژمارە ( ٤ و ٥ )

**خاوەن ئیمتیاز**

د.پەخشان سابیر

**سەرنووسەر**

هێمن عومەر خۆشناو

**بەڕێوەبەری نووسین**

جەمال نەجاری

**ستافی نووسین**

دڵشاد کاوانی

فەرهاد عەزیز

**بەرگ**

ئاسۆ مام زادە

* ئەو نووسینانەی بە ناوی خاوەنەکانیان بڵاو دەکرێنەوە سابات لێیان بەرپرس نییە.
* ڕیزکردنی بابەتەکان پەیوەندی بە لایەنی هونەرییەوە هەیە.
* دەتوانن بەم پۆستە ئەلیکترۆنیانە بابەت بۆ سابات بنێرن:

ئیمێڵی سابات sabatgov@yahoo.com

یان ئیمێڵی hem992003@yahoo.com

مۆبایل: ٠٧٥٠٤٧٠٧٤٢٩

## لەم ژمارەیەدا

### لێکۆڵینەوە


– ئیپستمۆلۆژیای شیعری کوردی....... ...............................................ساڵح سوزەنی ٣
– گەردەلوولی سپی هەنگاوێکی تری شیعری لەتیف هەڵمەت..............................ئومێد سەلیم. ١٥
–دوبارە بوونەوەی دەنگ لە دیوانی نوقڵێ ....................................عەبدوڵلا نامق ٣٣
– شیعر لە نێوان بەهرەو کارتێکردندا ..........................مستەفا ساڵح مستەفا. ٤٢
– لایلایەو تێڕوانینێکی ئەدەبی ..........................................شیروان حوسێن حەمەد ٤٨
– ئاوێتە بوونی شیعری نیشتمانی و دڵداری لای........................ئەڤین ئاسۆس.٥٢
– بیری ناپەسند لە پەندی پێشینانی کوردی.............................................نوخشە محەمەد. ٥٦


### زمانەوانی


– شێوەو ئەرکەکانی (ی) لە زمانی کوردی.............................................دلاوەر شێخ محمد ٦٢
–چەند دیاردەیەکی فۆنۆلۆژی شێوەزاری شوانی.........................................هیوا احمد عصاف.٦٦
–ناوی تایبەتی و ناوی ناسراوی ..........................................جمعە حەمید ٧٤


### چاوپێکەوتن


–چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەمین گەردیگلانی.........................................................ئا: سابات.٧٧


### ساباتی شیعر


– مەلهاکانی جەنگ.......... ........................عبدالستار باغەمرەیی.. ٨٥
– منم شاعیری ژنانی چاوەڕوان..............................................یونس ڕەزایی ٨٩
– ڕۆشنایی قەدەرێکی نامۆ...........................................................عەلی مستەفا.٩٢
– لەژێر قەرەوێلەکەمدا پیاسە دەکەم......................................../و: عەلی دەسماڵی .٩٤
– مناڵە کوێرەکە...............................................................و: زیوەر ئەنوەر. ١٠٥


### دیمانە:


– دیمانە لەگەڵ چیرۆکنوسی عێراقی: ئامینە ئەلزەهەبی...........................ئا: یوسف هەولێری١٠٧


### ساباتی چیرۆك


– لنگە جزمە سورەکە ..................................................فەرهاد عەزیز خۆشناو١١٢
– دووکورتە چیرۆك............................................................دلشاد کاوانی.١١٥
_ گەرانەوە.........................................................................و: هیرش هشامی١١٧
– داود پشت کووڕ.......................................................................و: ف.ع.١٢١
– ئافرەتێك لە مەرمەر.......................................................و: یوسف هەولێری.١٢٥


### پەنجەرەکانی سابات


– ئامۆژگارییەکانی ماکیاڤێلی بۆ کام.............................................رزگار ئەمین نەژاد.١٢٦
– سیستەمی فەرمانرەوایی لە کۆلۆنییەکانی.........................و: توانا کریم ١٣٤
– ئەدەب و سروشت.........................................................ئەحمەد محەمەد.١٣٨
– نامەیەکی د. فازڵ قەفتان .................................................................١٤١
– دوا وێستگە.......................................................................هێمن عومەر خۆشناو١٤٣

# ئیپستمۆلۆژیای شیعری کوردی*

**سالّح سوزەنی**

میشیل فۆکۆ کاتێ دێته سەر ئیپستمۆلۆژیای زانست، سێ بڕگەی زانین دەست نیشان دەکا، کە بەڕای من ئەتوانێ سێ بڕگەی جیاوازی هونەری ئەدەبیش بێ لەباری زمان وەك سیستەمی نیشانەکانەوە:

١- نیشانەکان لەباری وێکچوونیانەوە دەچنە جەدوەلی نیشاندان/ نمایش.
٢- نیشانەکان لەبارەی جیاوازییانەوە دەچنە خانەی پیشاندان.
٣- مرۆڤ دێته جێگەی نیشاندان و وەك سووژە و ئوبژە خۆی بەسەر زماندا ئەسەپێنێ.

زمانی ئەدەبی کوردەواری لە ئەدەبی زارەکی و کلاسیکی دا بەگشتی هەوڵی نیشاندانی نیشانەکانیان هەبووە لە خشتەی لێکچوویی دا... وێنە شیعرییەکان زۆربەیان تەشبیهن و کە دەگاتە ئیستعارەش مەبەستی تەشبیهی تێدایە و دێته خانەی لێکچوونەوە:

حەیران، " دەڵێم کاکە چەند خۆشە لە سەری سەفینی/ کەپرێکی لە بۆ بەژنی باریك و ئەوی نازدارە حەیرانێ دروست کەم/ دیواری شووشە بی/ هەلآشی گوڵە وەنەوشە بی، ئاڵ و داری لە گوڵی/ لە سوورە گوڵی/ کاریتەو کولەکەی رەشە رەیحانە بی/ گڵەبانی خەنە بی/ دەرکەو پەنجەرەی لە داری مەوتەنی/ نارنج دەکەم بە خاسە ڕەنگی.....

بڕواننە بازنەی وشەکان بە نیشانەی شیئی( شت) و شوێن.

سەری سەفین، کەپر، دیواری شووشە، هەلآش، گوڵە وەنەوشە...ئاڵ و داری لە گوڵی سوور و هتد..../ کە جگە لە نیشاندانی وەسفیی، دێنە خانەی تەشابوهاتەوە.

**قەتارە:**

***بریا کلێك بام کلە سوبحانی/ پوختەیان کردبام لە کن لوقمانی/ نازدار بە پەنجەی موبارەکی کێشابامی لە گۆشەی چاوەکانی/***

***پائیزە:***

***ئەوە دەمدی سوورە گوڵ و سمبل و هەلآڵەو بەیبوونێ/ سەریان دەردینا لە گڵێ لە خۆڵێ/ خۆیان ڕادەوەشاند دەگەڵ بارانی پیرە پەڵێ/ مەمکی نازدارێ بە قەد هەنارێکی بوون ئەوساڵ بوونەوە پڕ باغەڵێ....***

لێرەشــدا نیشــانەکان هــەوڵی نوانــدن و شــوبهاندن ئەکــەن و مەســەلەکە نــەگۆڕاوە. بازنــەی و شەکانیش لەیەك نزیکن و دەخرێنە جەدوەلی تەشابوهاتەوە.

لەشکەری:

***ڕۆژی موبارەك هەڵاتر/ سەری لە بورجی منەوەر دەرهینا/ زەرد و سووری دەکردن تالارو کوشك و پەنجەرە و شانشینە/ موزەییەتی کردن/ ئاوێنە بەند و شووشە بەند و دوو دەرینە/.***

ئەبینن کە زمان وەك نیشانە لەگەڵ نیشاندان ڕێك و پێك ئەکرێن و دەخرێنە پاڵ یەك و جەدوەلی لەیەکچوونیان بۆ ساز دەبێ.

لە ئەدەبی زارەکییەوە بۆ ئەدەبی کلاسیکیش/ کلاسیك بە مانای دەقی شیعری عەرووزی و بڕگەیی/ بڕگەییەکی ئەوتۆ ناکەوێتە بەین، چگە ئەوەی لەباری کێشی شیعرییەوە... واتە ڕێك و پێکی نیشانەکان لە باری مۆسیقای وشەوە... دەخرێنە جەدوەلێکی نوێوە و بحووری عەرووزی و بڕگەیی بەسەریاندا دەسەپێ:

***بوورە بوورە کە جانانم تۆیی تۆ***

***بوورە بوورە کە سوڵتانم تۆیی تۆ***

***تۆ خود زوونی کە غەیر ئەز تۆ نەزوونم***

***بوورە بوورە کە ئیمانم تۆیی تۆ*** / بابە تاهیر/

کە نیشانەکانی جانان و سوڵتان و ئیمان و تۆ/ هاتوونەتە ناو بازنەی لەیەکچونەوە و مۆسیقای دەنگدانەوەی /وو/ زاڵە بەسەریانا، یان:

***" کە چەرخ ئەسکەندەری دی دەردەدارە***

***وتی: ئەم هەم بووە هەم دەردی دارا***

***لەبەر زاراو نەزاری بوومە وەك پووش***

***دە ئەمجا ڕابوێرە من بە زارا"***

لەم دەقەدا جیا لە لێکچواندنی نیشانەکان/ ئەسکەندەر و دارا/

بڕواننە لێکچونی ڕواڵەتی وشەکانیش. هەروەها چەند پاتبوونەوەی پیتی دال لەو لێکچواندنەدا ٨ دالی ٥ بە ٣

لە نێوان زارو نزارو زاری ئاخر/ بە مانای دەم/ دا جەدوەلی شوبهاندن هەیە، کە جگە لەو باری/ مەدلوول/ یەوە لەباری نیشانە وەك پیشاندانی ڕواڵەتی/ دال/ و هارمۆنیای دەنگەوە ئەلف و" ز" دوپاتبوونەتەوە.

لـەم دەقانـەدا تەنانـەت کـاتێ باسـی جیـاوازی نیشـانەکان / نـاخودا و بـاخودا/ ئـەکرێ، ئەچـنە جەدوەلی تەشابوهاتەوە:

***غەیری ئەمە کە سوێندی درۆی پێ بخۆن و بەس***
***قوربانی ناوی لە ناوا نەما خودا***
***تا زوڵمەتی وجوودە تەریکی لە نووری ئەشق***
***سێبەر نەما هەتاوە کە مەحوی نەما خودا*** / مەحوی/

واتـە سـوێندی درۆی شـوبهاندوە بـە " نـاوی لـە ناوانـەما" دا هـەروەها بڕواننـە بازنـەی وشـەگەل زوڵمەتی وجود و سیبەر و مەحوی و....تاد، یا:

***ئەسیری چاهی خەم بێ، خانە با دەر بەستە بێ مەجنوون***
***لە خەیمەی نازدا عوشرەت دەکا لەیلا چ دەربەستە.***

بڕواننـە لێکچواندنی ئەسیری چاهی خـەم و خانـەی دەربەسـتەی مـەجنوون خەیمـەی نـاز و عوشرەتی لەیلا، هەروەها پێوەندی نێوان دەربەستەی مەجنوون و دەربەستەی لـەیلا، کـە بـاوەکو بـە رواڵـەت جیـاوازی ماناییـان زۆرە، بـەلأم وەك رواڵـەت یـەك نیشـانەن. واتـە دالێکـە بـۆ دوو مەبەست/ مەدلوول/ کە جـەدوەلی تەشابوهی هـەردوو لا لەیـەك نزیـك ئەکاتـەوە، هـەروەها خێمـەی نازی لەیلی و خانەی مەجنون...

دەقـی/ نموونـە/ زۆر، بـەلأم ئێمـە بـە پێـی پێویسـت هەوڵئـەدەین، هەنـدێکیان بخەینـە بـەر توێژینەوەی کارکردیی باسەکەمان.

دەقە بەناو بانگەکەی شیرین تەشی ئەڕێسی، دێتە تەوەرەی نواندن و تەشابوهاتەوە:

***" تایێکی ریشەیی دڵ، بە نووکی غەمزە دا دا***
***دەستێکی بۆ سەما برد رووبەندی ماهی لادا***
***نافەی گوڵی عەیان بوو عەتری بەدەم سەبادا***
***باریك و لووس و ناسك دوو زولفی خاوی لادا***
***وەك شاخی گوڵ بەلادا، شیرین تەشی ئەڕیچسی..."***

دەقێکی تر:

***هەر چەندە کە من عەبدم و روو زەردم و عاسیم/ مەئمووڵە/ خەلاسم***
***قوربانی بیلالم، کە هیلالانە هەلأتم- هەر عەفوە خەلأتم***
***ئەی قوببەبی تەبیبە کە دەڵێی حوققەیی تەیبی- مەئوایی حەبیبی***
***مسکینم و بۆ خاکی عەتر ناکە کە هاتووم- بەو بۆنەوە هاتم...***

یا:

***ئەستێرە هەموو مەحوە لە نێو نووری قەمەردا***

***یا شەمسی جەمالت شەوی گێڕاوە بە فەردا***

***خاکی بەری پێت هەم گڵ و هەم گوڵ بە سورشکم***

***وەقتی غەم و شادی ئەوە کردوومە بە سەردا...***

بڕواننە جەدوەلی نواندنی نیشانەکان لە ڕووی شەباهەتەوە:

ئەستێرەی روو، نووری قەمەر، شەمسی جەمال، گڵ و گوڵی خاك و تاد....

دەقێکی تر:

***" بالاّ خانەی چەم دیوانەکەی تۆن   با نەناوە گڵ ئاسانەکەی تۆن***

***تکەش عاجز کرد خەیاڵت تیشدا   ئازیز بۆ جاریّ پا بنیّ پێشدا"***

یا:

***ئیمساڵ نەو بەهار چون خەزان سەرد   بەرگ وەرد باغ مەعدووم بەر پەی هەرد***

***مشیو تاڵەی من خبلاف ئەنگیز بۆ   وەرنەکەی، کیّ دی وەهار گوڵ ڕیز بۆ؟***

نیشانەکان لێرەدا تەنانەت پایز و بەهار دەخەنە خانەی ویکچوونەوە و "تالع" یان بەختی خیلاف ئەنگێزی شاعیر ئەنوێنن.

**پیشاندانی خشتەی نیشانەکان بە پێی جیاکردنەوەیان لە یەکتر:**



***سوارەی ئێلخانیزادە***

شیعری نوێی کوردی هەر لەسەر هەڵدانەوە دەکەوێتە ئەم برگە زمانیەوە........... لەیەك جویّ ببنەوە و جیاوازییەکانی مەدلوول وەبەر چاو ئەکەویّ... بڕواننە ئەم دەقە کە تەنانەت جەدوەلی تەشابوهاتیش لە خزمەت جیاکردنەوەی شارو دیّ دایە لەلایەك و شاعیر و گوڵەکەی لەلایەکی تر:

***گوڵم دڵم پڕە لە دەردو کوڵ***

***ئەڵێم بڕۆم لە شارەکەت***

***لە شاری چاو لەبەر چرای نیۆن، شەوارەکەت!***

واتە جیاوازییەکی گەورە زەقدەکرێتەوە، لە نێوان / گوڵم و شار و چرای نیۆن و شەوارە وەك بازنەیەکی نیشانەیی/ لەگەڵ/ شاعیر و دیّ و مانگە شەو و بزە/ " بڕۆمە دیّ کە مانگە شەو بزێتە ناو بزەت"

شاعیر و گوڵەکەی – دێ و شار– مانگە شەو و چرای نیۆن– بزەو دەردو کوڵ لەم شیوەدا لەیەك دادەبڕێن و دوو بازنەی زمانیی جیاواز ساز دەکەن و بەڕەنگاری یەکتر دەبن:

*چلۆن بژیم لە شارەکەت*

*کە پڕ بەدڵ دژی گزەم*

بەرە بەرە بازنەی وشەکان لە هەردوو لاوە بەرین دەبنەوە... گزە دێتە ناو بازنەی نیشانەیی شارەوەو دواجار ئاسن و منارە و دارە تێل / وەك مەزهەری قەنارە/ و دووکەڵی/ مەتبەخی ماڵە دەوڵەمەند/ دارە تەرمی کووچە تەنگەکان و ڕێوی و....

لەم لاشەوە مەلی ئەوین، تیشکی/ بێگوناهی خۆرە تاو... تاوی گەرمی بەر دەوارەکەی عەشیرەت... شێر... دێتە خانەی بازنەی نیشانەیی شاعیرەوە و لەگەڵ یەك ڕانایەن و تەنانەت ئەشقیش ناتوانێ ئاشتیانکاتەوە و ئەو بەرەنگارییە لە بەین بەرێ... واتە گەلاڵەی سەرەکی شیعرەکە لەسەر جیاکردنەوەی نمایشی/ پیشاندان/ نیشانەکانە تەنانەت وشە بە وشە و دێر بە دێر..

لە گوڵی خوێناویشدا بازنەی وشەکان وەك نیشانە گەلێکی جیاواز بەرامبەر یەك پیشاندەدرێن، کە نزیکبوونیان لەیەك مردنی لە شوێنە شایی... چۆپی...زوڕنا...شمشاڵ...ژن و پیاو... هارەی هەیاسە/ نیشانەکانی ئەشق/ لەگەڵ

نیشانەکانی ڕق :/ باغچەی پاشا... خێڵی دوژمن... دەورەدان... ڕێ گیران.../ دژایەتییەکی ئانتاگونیستییان هەیە:

*باغچەی پاشا لەوبەر ئاوە   خێڵی دوژمن دەورەی داوە*

*ئەرۆم ڕێگام لێ گیراوە   نارۆم چاوکاڵ لێم تۆراوە...*

لە بووکی ناکام یش دا هەروەهایە: ئاغای خاوەن شکۆ... خاوەن سامداری دەست درێژکەر/ مەدلوولی دەستەلآت/ لەگەڵ بازنەی وشەگەلی لەتیف، وەك" گەردنی گوڵە کێوی هەڵکەندراو... نمی فرمیسك.. کلی چاو... ئەوەندە جیاوازی پیشان ئەدەن، کە بۆ خوێنەری ئاسایی–ش وەبەرچاوە.

لەم دەقەدا سێ بازنەی نیشانەیی بۆ/ دەسەلآت/ زەرافەت/ ئەشق/ دەکرێتەوە، کە جیاوازییەکی ئەوتۆ ئەنوێنن:

**... تیری خوای ئەشق تا سەرپەڕی دڵی دڕی بوو...**

نموونەی دەقی وا زۆرن، بەلآم بۆ ئەوەی درێژدادڕی نەکرێ، توێژینەوەی زیاتر دەدەمە دەست خوێنەران...

**بەشی دووهەم**

لەم بڕگەدا مرۆڤ وەك بابەتی شوناس و شوناسەر/ سووژە و ئوبژە/ دێنە جێگای نیشاندانی نیشانەکان واتە لێکدانەوە( تحلیل) دێتە جێگەی نمایش، توێژینەوە لە چۆنیەتی هەڵ و مەرجی نیشاندانی نیشانەکان، تایبەتمەندی ئەدەبی مۆدێرنە، مرۆڤ کەی و لە چ دەرفەتێکدا و بۆچی شتەکان ئەنوێنی؟ لێرەدا مرۆڤ ئەقڵانیەتی خۆی سەبارەت بە هەموو شتێ پیشان ئەداو ئەدەبیش دەبێتە مەیدانی دەربڕینی ڕەوایات و حیاسەی قەبە قەبە بۆ جیهانێکی بە شکۆی ئینسانی لە لایەکەوە و لە لایێ ترەوە دەقەکان ترس و ڕەشبینی و شکستی جەماوەر و تاك لەگەڵ پەنا بردن بە قولایی دەروونی ئینسانیدا ئەنوێنن.

ئەلف: ***دوای تۆفان بوو / هەڵ و مەرجی کۆمەلایەتی بۆ دەربڕینی نیشانە/***

***گەردەلوولی ترس و بیم و تەم تۆمان بوو***

***هێشتا زریکەی زەمین و قیژەی درەخت***

***وەك زریکەی هەڵدێراوی دایکانی گوند... دایکانی شار***

***لەسەر دا ئەزرینگانەوە***

***وەکوو منداڵ، هێشتا کانی ئەوتی ترسی دڵ خۆی بوو***

***دەربەند، ئەشکەوت، مەزرا.. باغچە وەکو گەورە وەکو ئێمە***

***گینگڵ گینگڵ***

***لە گێژەنی دووکەڵێکی پەنگخواردوودا ئەتلانەوە...***

لەم دەقەدا دار و بەرد و ئەشکەوت و مەزرا لە روانگەی پرسۆنی فیکەشنەوە/ وەك ڕۆحی زیندووی مرۆڤ/ دێنە گفتوگۆ و " دال" ەکانی نیشانە، نە بۆ یەك مەدلوول بەڵکو بە شێوەی خوازەو مەبەستگەلی ئینسانی دێنە ئاراوە و هەڵ و مەرجی تایبەتی دوای " تۆفان" ئەنوێنن. بڕواننە بازنەی وشەکانی / تۆفان.. گەردەلوول... تەم تومان...گێژەن...دووکەڵ.../ کە هەموویان مەدلوولی حالاتێکی ئینسانی وکۆمەلایەتین/ زرینگانەوەی مێشکی سەرو ترسی منداڵ و گەورەی وەك ئێمە/

***هەر چۆنێ هەنگاو بنێم/ ڕێچکەی دڵۆپە دڵۆپە خوێنی زامەکەی تۆ دەبینم***

***تارماییشت شەپۆڵ و/ هێرشی پەیتا پەیتای تەتەر و هۆلاکۆیە***

***بە سەرما ئەبارێن و قولاییم داگیر ئەکەن***

زمان لە دەقە شیعرییەکانی ئەم بەشەدا بە نیشانەی بەرەنگاری هاتۆتە مەیدان و کەم شیعر هەیە زمانی نەکردبێتە کەرەسەی بەرەنگاری:

*خەمەکانی کرد بە شیعر*
*کردیە شانی... تەوری گوللەی مەترەلۆزی سوپای دوژمن...*

*کوڕەکانی هەلاکۆ خان*
*کاتێ بەسەر شیعرەکانما نەوتیان پژاند*
*بوو بە جەژنی وشە کوژان..*

*" شاعیرێکیان/ بە اوانی شیعر گوتن/ لە دار ئەدا/*
*وتیان وەسیەت:*
*بۆ دوایین جار*
*شاعیر لێوی لێك هەڵبڕی*
*باڵندەی شیعرێکی تازە*
*لە شەقەی باڵیدا و فڕی..."*



**باباتاهیر**

یان:

*" شەوە/ هەی دادگەلی یاران/ تاو لە تاوی مەیە وا دیلی نەهاتە، بە هەرایە گوندی شوومی شەوەزەنگ.."*

*" بەسەر پردی دووکەڵینی جەستەی گڕ تێبەر بوی خۆما/ هەنگاو دەینم..*
*زامەکانم: دەرزی ئاژنی خەمێکن/ کە بەتەنیا ئەشق و هەناسە ئەزانێ/ هەرگیز ساڕێژ نابنەوە..."*

وەك دەبینن بیناو فەزای دەقی شیعری کوردی لەم ئاستەدا لەسەر مرۆڤ و بۆ مرۆڤی مەزڵوومی کوردە ، تاو شەو جەستەی گڕ تێبەر بوو هەڵۆی سوورو ...هەمووی بۆ ئینسان هاتوونەتە دەقی شیعرییەوە..

*من قەقنەسم! / لە ئەفسانەو لە مێژوودا ناوم هەیە/ گەر بمکوژن هەزاران جار/ من خۆڵە مێش ئەکەم بە هێلانەی هاوار!*

ب:

گومان لە ڕیوایەی گەورەو دروشمە جیهانییەکان و رەشبینی و ترس و پەنابردن بە ناو خۆدا بەشێکی تری ناسینی مرۆڤە لە دەقە شیعرییەکانی کوردیدا:

*" وەختی باوێشك دانی مێژوو*
*وەختی نووسینی راستی..گوزەشتن..گوزەشت*

*لەم بەندەرە سامدارەدا*
*ئەوینی زەرنەقووتەی ئێمە چۆن باڵ بگرێ!؟*
*ئاوێزانم بە مەرگ ئەڵێ: درەنگە*
*عەدەم ئەڵێ: درەنگە*
*بەهەشت و دۆزەخ ئەڵێن درەنگە*
*فەنا بوون یەك ساتەو هەموو سات*
*ئەی کچی مەرگەسات*
*ئەی ژنی بەفر ڕەش*
*ئەی کچی وڵاتی تاعوون و کارەسات.."*

بڕواننە بازنەی وشەکان کە ڕەشبینی لێ ئەبارێ:
باوێشك..گوزەشتی راستی..بەندەری سامدار.. مەرگ.. عەدەم... دۆزەخ.. بەهەشت.. فەنابوون..مەرگەسات، بەفری ڕەش تاعوون.. کارەسات.. ئەم هەموو وشەگەلە کاتێ بە دەور نیشانەوە بسوڕینەوە، جگە لە ترس و ڕەشبینی و گومان لە مێژووی مرۆڤ مەدلوولێکی تری نییە.

*" بایەکی ئێسك گرانی دەنگ گڕی دۆزەخیم بینی...*
*وا هاتووە: سەرمان... خەونمان... پەنجەکانمان... گوڵدانەکانمان...ژێ و گیتار و گەرووی وشەو سەرمای گیان و ڕەشبەڵەك و پەرداخەکانی خەییام و باڵندەکانی مەستوورە و سروودەکانی بێکەس و هەرچی هەوری ژان گرتووە... هەرچی کرمی ئاوریشمنی ئایندەیە... هەرچی گەرای چراکانە... هەمووی بدرێ..."*
*" ئەمە مەرگی نوورانیەو بە شەپۆڵ دێ...."*

ئینسان لەناو هەڵ و مەرجی هاتنە ئارای ئەو وشانەدا چۆن بژی؟ وشە غەزەبی لێدەبارێ و نەفرەت لە وجودی ئینسانی تاك... ئینسانی سەدەی بیست... کە نە زانست دەستی گرتووە نە ڕیوایەگەورەکان داڵەیان داوە...

*تێکەڵاوی ترس و غوربەت و بێهوودەیی/ ٣٠ ساڵە چرایەکی بەرگژە بام/ تیشکم بە خشیوە بە کۆڵانەکانی مردن و / ئەو دارستانە ژاراوییانەی تێکڕا نەبنە تابووت...*
ئەم وشانە ڕەنگە زەمینە بێ بۆ هاتنە ئارای دەقێکی دیکەی شیعری..."
*جامێ، خاڵی*
*خاڵـــی*


*خاڵـــــــی*

*خاڵـــــــــی*

*منیش: توونی*

*توونی*

*توونی.... توونی.*



فەرهاد پیرباڵ

**<u>بەشی سێیەم</u>**

**پێشەکی:**

**بـەر لـەوەی بچـمە سـەر باسـەکە ئـەخوازم پێشـەکییەکی نابـەجێ بێنمەوە:**

**بـە پێـی خوێندنـەوەی دەقـە شـیعرییەکان لـە ڕوانگـە جـۆراو جۆرەکـانی ڕەخنـەی نـوێی وڵاتـانی ڕۆژئاوا و وەرگێڕانی ئەو وتارو کتێبگەلە بە زمانی فارسی و عەرەبی و دواجار کوردی، هـەروەها ئاشنایەتی هێندێ لە شاعیران و ڕووناکبیرانی کورد بە زمانگـەلی بیـانی/ ئـەو وڵاتانـەی بـە لێشـاو پەنابەر و کۆچکردوویان بۆ دەچێ، شاعیرانی بەرەی نوێی کورد هەوڵـی ئـەوەیان داوە، تێکـەڵاوی ئەو نوێخوازییە بن:**

**فەرهاد پیربال شاعیری فۆرمالیستی کورد ئـەڵێ: ئـاڵای پرۆسـەی نوێخـوازی شـیعری ئـەمرۆ، لـە ساڵەکانی هەشتاوە لەسـەر دەسـتی ع.ع.یوسـف- ئـەنوەر مەسـیفی و هاشـم سـەراج و دلشـاد عەبدوڵلاّ و کەریم دەشتی و جەلال بەرزنجی و ئەوانی تر بەرزکرایەوە.**

**ئاڵای پرۆسەی نوێخوازی لای فەرهاد پیربال دەغدەغەی فۆرمە لە شیعری کوردیدا.**

**فـۆڕم چـییە؟ بـە ڕای مـن فـۆرم مەیـدان دانـە بـە زمـان وەك سیسـتـەمیکی نیشـانەی وانمـوودە SIMVLACRMU بۆ دەرخستنیئەوپەڕی وانموودگەری و دەرچوون لە بازنەی " موسولی" ئەفلاتونی، واتە زمان گومان لـە خۆشـی دەکـا، وەك حەقیقـەتێك و ئیـتر نایهـەوێ دەوری واقیـع و شـبهی واقیـع بگێـڕێ و جـەخت بکاتـە سـەر مانـا و کۆمـەڵ و کەسـایەتی شـاعیر، بـەڵکو هـەوڵی سازکردنی فۆڕم ئەدا بە شێوەگەلی جۆراو جۆر...**

## قۆناغی زمان بە نیشانەی وانموودە:

**لەم قۆناغەدا زمان هەوڵ ئەدات بە دەمامکی / نەوەك ئاڵای/ وانوێنراوییەوە، فۆرمگـەل خـۆی بنـوێنێ و ئالاچـی سـەربەخۆیی هونـەر و سـتاتیکا بەرزکاتـەوە... لێرەدا شـیعرییەتی دەق نـە لـە ڕووی وێکچـواندن یـان جوێکردنـەوەی نیشـانەکان و تەنانـەت بـە نیشـانەی مـرۆڤ وەك سـووژە و**

ئوبژە وەیە، بەڵکو وەك فۆرم و تەکنیکی ڕووداوەکانی زمانیی دێتە ئاراوە و ئەوپەڕی توانای خۆیان دەخەنە ڕوو. فەرهاد پیربال نایهەوێ بڵێ " هەموو ڕیگاکان دەگەنەوە بانە" کە هەڵبەت بە پێی خوازەی شیعری ڕەنگە پڕیش بێت لە مانا. بەڵکو ئەیەوێ پیشانی بدات، کە ئەو دێرە بە چەند شێوە و فۆرمی جیاواز ئەتوانێ بنوێنرێ و چۆن ئەو تواناییەمان دەداتێ کە تووشی ٣٦ یان زیاتر ڕووداوی زمانی ببینەوە. لێرەدا چێژی شیعریش نە لەڕووی ماناوە، بەڵکو لە ڕیگەی کەشف و دۆزینەوەی وزەی زمانەکەمانەوەیە، وەك سیستەمی وانموودەکان/ واتە جۆری ئەبستراکتی شیعری/.

زمان بە نیشانەی سیستەمی وانمووده بە چەند شێوە هاتۆتە ناو دەقە شیعرییەکانەوە:

١-یەکەم وەك گوترا بە شێوەی فۆرمالیستی یانی هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی فۆڕمی نوێ بە پێی بنەما یا بنەما گەلیکی نوێی نامۆکردنەوە- جێگۆڕکێ بە وشەکان و وێناکردنی جۆری نووسین و پێوەندی سازکردنی دەستەواژەکان بۆ دەربڕینی ئەو مەبەستەی کە نایهەوێ بنووسرێ:

*ئاسمان*
*ئا....سمان*
*ئاس...مان*
*ئاسما....ن (١)*

یان:

*ژیان ژیان ژیان ژیان*
*چەند ساڵ ژیام ژیان (٢) سەباح ڕەنجدەر*
*چەندین ساڵی تریش بژیم ژیان*
*ناتناسم ژیان*
*ژیان ژیان ژیان ژیان*


سەباح ڕەنجدەر

*بە چل چەمەدا سەر ئەکەوم*
*ئەگەڕێمەوە بۆ ئاسمان (٣)*
*ن ا م س ئا*

*یان "وەنەوشە" بە داریا ئەفڕم* ( سوزەنی)

هەروەها:

*" بە خەمی مەرگەوە دەبارای*

*كەچی فنێك بێ خەون و لە چایی*
*تا بەیانی لە جگەرە و لیمۆ هەی لیمۆ دەسوتم" (٤)*
*" لە کوێوە بڕووخێن*
*بە دیار هەرچی ئەستێرەو ئایەندەو فەرەجی*
*ئەسپەوە کەویرم"*

*ئەم ئەوینە بێدەنگانە*
*هەر خولیای ترس و لەززەتە (٥)*
*ئەیانخاتە سیویلکەی ئا ئەم رەسمە*

لە دەقی یەکدا فۆرمگەڵی جیاوازی نووسینی ئاسمان، هەروەها دووربوون لە ئاسمان بێ ئەوەی بنووسرێ وانموود ئەکرێ( ئەنوێنرێ).

لە دەقی دووهەم دا مەحکوم بوون لە خشتەو بازنەی ژیان دا بێئەوەی بنووسرێ، ئەنوێنرێ/ واتە: ژیان جەبرە/.

لە دەقی سێیەمدا لە جێگۆرکێ بە وشەگەل دار وەنەوشە و شکاندنی سینتاکسی باو و وانموودی فڕین بە وشەو دەنگ پیشان ئەدرێ.

لە دەقی چوارەمیشدا، ڕووداوی زمانی، لە جێگۆرکێی دالەکاندایە و وانموودگەریی زمان بۆ سازکردنی شوێنیتر و فەزایەکی ناباو! ئەگەر ئەو دەقە بە زمانی باو بنووسرێ، دەبێ بەمە:
کەچی تا بەیانی ئەسووتام بە بێ خەون/
بە فنجانێك چایی و جگەرە و/ گۆرانی/ لیمۆ هەی لیمۆوە تا دوایی...
کە هیچ جوانییەکی شیعری تێدانییە.

٢- بە شێوەی دێفۆرمەو هەڵوەشاندنەوەی مانا و بنەما" زمان ئالۆزی و فرەدەنگی و سێڵاوی هۆش، مەیدان دەدرێتە وانموودەکان کە دەرکەون و بە ئاشکرا خۆیان لە واقیع و شبهی واقیع جیابکەنەوە و سەر لە نوێ تێکەڵی ببنەوە، بە چەشنێ کە جیاکردنەوەیان لە یەکدیمەحاڵ بێ، ئاخر ئێمە لەسەردەمی وانمووده دا دەژین و نازانین دەوروبەرمان چی وانموودە دەکات و چی حەقیقەتە و کامە شبهی حەقیقی.

هەرچەندە شیعر ئیتر لەوە ناکۆڵێتەوە..شیعر بە زمان هەڵدەفڕێ، جا چ بە راستی بزانن و چ بە درۆ لەم قۆناغەدا دوانە لێکدژەکان سەرەو نخوون دەکرێن، بۆ وەی ئەوەی لە زماندا لە دەستی

بێکا و " شوێنی تر" سازکا.. شوێنی تر فۆکۆ گوتەنی: ترسناک بێ یا ڕووخێنەر و یا گۆڵمەز وانموودەیە بۆ رووخاندنی جاران و ئافراندنی زمانێکی تر... جیهانێکی تر.. گێرانەوەیەکی تر.

*چ سەرسوڕمانێکی زەردەخەناوییە/* ئاوزەنگی دان

یان:

*ئەی ئاسکترین شۆخ بە سرکیەکانی سوتانەکانی حەسرەت...*"(سەراج)

*" کامە ژین گوڵەکەم!*

*درێژتر لە هەرچی ماشینە*.( شێخی)

*وەکو مانگ کە ئەستێرە شینە لە چاوتا* " ( سووزەنی)

شوێنی تر سازکردن بۆتە بێ بنەمایەك بۆ شیعری ئەمڕۆی نوێتر خوازانی لاو و تا کوێ ئەتوانن بیشکێنن و بچنە پێشێ یان پاشێ... شوێنی تر دەزانێ و بێ ماناییەکی تر:

" *سەرگەردانی لە شەقامە جەنجاڵ و لنجەکانی بوون..."*

*تا ئێرە خەونێکی ئاگرین، لە گەرووی نارنجێتی تلووعستان* " ( عەلی پوور)

یان:

*" هێلانەیەك لە تاوان/ هێلانەیەك لە غوربەت/ هێلانەیەك لە سووتان*

*درەختێکە – بە میووەی دیوارەوە– بڵیند– تاریك* " ( رۆستەمی)

*" کیژەکان بوونەتە رووبارو غەزەلی من بەشی پێکەنینیان ناکا* "( رەزایی)

" *بە شوێن شابانووی ئارامشەوە/ لەگەڵ مەیتەرەکانی رووناکی پیر بووم*" ( رەزایی)

ئەم فەزا شیعرییە لە جیهانی واقیع دا نادۆزێتەوە...

لە واقیعیش ناچن،

خەونگەلێکن کە لە زماندا ڕوو ئەدەن و بەس

شوێنی تر زمانی تریشی پێویستە کە تەنیا شاعیر دەوێرێ سازیکات.

(١) پۆلێتکارییەکانی زانست/ صور تبنیدهای دانایی/ معرفت شناسی Epistmologg .

* ئەم وتارە لە یەکەم کۆنگرەی شیعری نوێی کوردی ، زانکۆی طبا طبایی تاران/ خوێندرایەوە.

# " گەردەلوولی سپی"
## هەنگاوێکی تری شیعری (لەتیف هەڵمەت)



**ئومێد سەلیم فەتاح- سلێمانی**

ئەدەبیاتی نوێی کوردی بە تایبەت لە دوای سالآنی حەفتای سەدەی ڕابردوو، گرو تینێکی تازەی بە خۆوە بینی و سەرەتایەکی فراوان بوو بۆ  گۆڕانکاریی لە شیعرو ئەدەبیاتی کوردیدا، ئەمەش بە کاریگەریی ئەو گۆران و بزوتنەوە نوێیانەی لە ئەدەبیاتی جیهان و ناوچەکەدا ڕوویان دەدا و هاوکاتیش گۆرانە سیاسی و کۆمەڵایەتیەتیەکانی کوردستانیش کاریگەریی خۆیان هەبوو. (لەتیف هەڵمەت) وەك ئەندام و دەستەی دامەزرێنەری گروپی( کەرکووك – کفری)و هاوشان و هاوڕێبازی بزووتنەوی ڕوانگەتایبەتمەندیی خۆی هەیەو ڕۆڵی تایبەت و دیاری هەبووە لە تازەگەریی شیعری کوردیدا. لەم لێکۆڵینەوەیدا مەبەستمانە ئەو ڕۆڵە تایبەت و دیارەی لەتیف بخەینە ڕوو بۆ ئەم مەبەستەش دیوانی " گەردەلوولی سپی "مان هەڵبژاردووە تاکو لە ڕێی شیکردنەوە و لێکۆڵینەوە لە ناوەڕۆك و ڕووخساری شیعریی ئەم دیوانە چەندین لایەنی داهێنان و تایبەتمەندیی لەتیف مان بۆ دەربکەوێت.

***ناوەڕۆکی هۆنراوەکانی (گەردەلوولی سپی )***

١- خۆشەویستی نیشتیمان و نەتەوە و بەرەنگاریی .
٢- هەڵزێست.
٣- باسی شیعر
٤- ئافرەت و ئاوێتە بە خۆشەویستی نیشتمان.

٥- شیعری منداڵان.
٦- پێداهەڵدان.

**یەکەم/ خۆشەویستی نیشتیمان و نەتەوە و بەرەنگاریی:-**

شاعیر شێواز و دەربڕینێکی تایبەتی هەیە لە وەسف کردن و دەربڕینی هەڵوێستی نیشتیمانی و نەتەوەیی خۆی لەهۆنراوەکانی (تانجەڕۆ ماچی پەمەیی لە دەمدایە، ئەستێرە، ئاوی کوێستان، ئەگەر و جوانترین خــــۆر، بتانەوێ و نەتانەوێ ڕۆژێ لە ڕۆژان نالی هەر بۆ شارەزوور دەگەڕێتەوە، ئەشێ وناشێ، پێتان دەکرێ، بەهــاری مەزن، نیشتیمان دەزگیران نیە)دەبینێتەوە کە بە شێوەیەکی گشتیی ناوەڕۆکە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی هۆنراوەکانی هەڵمەت بریتین لە:

١-گوزارشتکردن لە برینداریی نەتەوەکەی و بەردەوامیی شۆڕش و بزووتنەوە سیاسیەکانی لە پێناو ڕزگاریی خاکی کوردستان.

2-خەباتی بەردەوام لە پێناو ئازادیی و سەربەستیی و بۆ بەدیهێنانی ئامانجێکی دوورو درێژدا ، کە ئەویش ئازادیی سەرتاسەری کوردستانە بە هەرچوارپارچەکەیەوە و لە گەرمیانیەوە بۆ کوێستانی.



لەتیف هەڵمەت

3-دەربڕینی هەستی دڵسۆزیی و وەفا بۆ خاك و نیشتمان، بە جۆرێك ئەگەر جارێکی دیکە نەخشەی جیهان بکێشرێتەوە، ئەو هەر خاکی کوردســتانی لا خۆشەویســتە و هــەردەم دێتــەوە بــۆ ئــەوێ(واتــە پابەندبوون و هۆگریی بۆ خاك).

**نموونەی شیعری نیشتمانیی لای لەتیف هەڵمەت:**

لە هۆنراوەی ( تانجەڕۆ ماچی پەمەیی لە دەمدایە):

ئەگێڕنەوە .... شەوێ لە شەوان هۆلاکۆ
زەنگۆڵ .. زەنگۆڵ .. دەنگی گۆرانیيە زیوین
گوێچکەی سمی و شیلەی خەوو .
وە نەوزی لە چاودا کرد بە وورده شوشەو درکەزی
ئەوە کێیە هێشوی خەونم دەدزێت و
گوڵە گەنمی خەونەکانم دەوڵێت و
دەیدا بە چۆلەکەی باکان ... ل ١٧

**دووەم / خۆشەویستی ئافرەت ئاوێتە بە خۆشەویستی نیشتیمان:**

شاعیر بە شێوازێکی تــر هاتووە ناوەڕۆکی خۆشەویستی ئافرەتی بەستووەتەوە بە خۆشەویستی نیشتیمانەوە و ئەم دوو خۆشــــەویستە دەبنە تەواوکەری یەکتر لای شاعیر و شاعیر ئەم مەبەستە شیعریەی لەم ناوەڕۆکانەی خوارەوەدا دەربڕیوە.

١-وشیارکردنەوەی ئافرەتی کورد بە هەستی نەتەوەیی و داوایان لێدەکات کە بە برژانگ و برۆ بەرگری لە شار بکەن، مەرجی خۆشەویستیی خۆی بۆ هەر کچێك دەبەستێتەوە بە هەڵوێستی نیشتمانپەروەریی و نەتەوەیی ئەو کچەوە.

٢-شاعیر توانیویەتی لە خۆشەویستی بە مانا فراوانەکەی بدوێ و خۆشەویستی کچ و نیشتمانی تێکەڵ کردووە و توانیویەتی هلاوکێشەیەك بۆ هەست و سۆز و ئەندێشەی بدۆزێتەوە.

٣-باسکردنی جوانیی و سروشتی شارەکەی و بۆ خۆشەویستەکەی.

-4-ئەو ئافرەتەی شاعیر خۆشی دەوێت دەبێت ژنێکی ئازا و چاونەترس و بە جەرگ و نیشتمانپەروەر بێت.

نموونەی ئەم مەبەستە شیعریەش لەم هۆنراوەیەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

من کچێکم خۆش دەوێ  
من کچێکم خۆش دەوێ بە دەستی خۆی  
تاڵ .. تاڵ .. برژانگی ..برۆی  
هەڵکێشێت و هەمووی بکا  
بە پەرژینی ئەم شارە  
من کچێکم خۆش دەوێ  
تاڵ ..تاڵ قژی بچنێت و  
بیکا بە پەتی سێدارە  
بۆ زۆردارێك ...  
گوڵی کرد بە هەوری دوکەڵ  
لەم هەوارە ... ل١١

لەم هۆنراوەیەدا شاعیر دەیەوێت ئافرەتی کورد وشیاربکاتەوە بە هەستی نەتەوەیی و داوایان لێ دەکات کە بە (برژانگ و برۆ و قژ) ی بەرگری لە شار بکەن، مەرجی خۆشەویستی خۆی بۆ هەر کچێك دەبەستێتەوە بە هەڵوێستی نیشتمانپەروەری و نەتەوەیی ئەو کچەوە، دەبێت کچێکی فیداکار و خاوەن هەڵوێست بێت.

<u>سێیەم/ باسی شیعر و شاعیر:</u>

١- شانازیی کردن بە شیعرەوە یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی ناوەڕۆکی هۆنراوەکانی لەتیف هەڵمەت.

٢- باسکردن لە تایبەتمەندیی و نرخی شیعر و شاعیران. سەیرکردنی شیعر وەك شتێکی نهێنی.

٣- بەرگریکردن لە شاعیران.

٤- باسکردن لە گەورەیی شیعر.

<u>چەند نهێنی یەك</u>

با

هاوڕێتی کەس ناکا

هۆنراوەش هەر وەکو بایە

جار جار دێت وجار جار نایە

کە شیعردەنوێ

گژوگیای بێ دەنگی

لە هەموو زەوی دا دەڕوێ

هەو ر هەورەو

شەکر .. شەکر

شیعریش .. شیعر...!.. ل٦

لەم هۆنراوەیەدا شـــــاعیر باسی لە نهێنی بوونی شیعر دەکات چەند سیفەتێکی شیعر وەك نهێنی دەخاتە ڕوو . شیعر دەچوێنێت بە (با) مەبەست ئەوەیە، کە با میتافۆری جوڵە و جێگۆڕکێ و نا جێگیرییە، شیعریش وەك "با" وایە مەرج نیە هەموو کاتێك هاوڕێ و هاودەمی

مرۆڤ بێت. باس لە خۆشی شیعر دەکات، دەڵێت کە شیعر نەبوو ئیتر گژوگیای بێدەنگی لە زەوی دەڕوێت.

**چوارەم / هۆنراوەی منداڵان**

شاعیر منداڵانیشی بێ بەش نەکردووە، هۆنراوەکانی (منداڵ، شینایی ئاسمان، گیان) هەر یەکیان بە ناوەڕۆکێکی جیاوازەوە بۆ منداڵان نووسراون.

١-تێگەیاندنی منداڵ لە ڕەمزە شووم و خراپەکارەکانی وەك ( قەلەڕەش).

٢-گۆشکردنی منداڵ بە هەستی خۆشەویستی کوردستان.

3-هاندانی منداڵ بۆ هەستکردن بە ڕوودا و ئەو شتانەی لە دەوروبەریدا ڕوودەدەن.

٤--باسکردن لە بەرائەت و پاکی منداڵ.

٥-چاندنی تۆوی هیوا لە دڵی منداڵی کوردا.

**شینایی ئاسمان**

ئێوارانێ قەلەڕەشێ ووتی: دەبی بە شاباڵم
هەموو شینایی ئاسمان ڕابماڵم
قەلەڕەشی ئێسك تاڵ
هێند باڵەکانی لێکدا لێی بڕانین
پێوە نەما پەڕو باڵ
لەسەر پشت دای لەسەر زەمین
کە دوا نیگای هەڵهێنا
ڕوانی ئاسمان
هەر شینە و هەر شین
وەکو جاران .. ل ٥

تێگەیاندنی منداڵان لەوەی کە هەمیشە (قەلــەڕەش) ڕەمزی شووم و حەزکردن لە خراپەیە ، لێرەدا ڕوواندنی هیوا و ئاواتە لە دڵی منداڵاندا، کە نابێت لە ڕەمزەکانی خراپە و ڕەشی بترسن، چونکە هەموو هەوڵەکانیان بە لەناو چوونی خۆیان کۆتایی دێت.

پێنجەم / پێدا هەڵدان

پێداهەڵدانی کەسی لای شاعیر دوو لایەنی هەیە.

١- پێدا هەڵدان وەك لاواندنەوە.
٢- پێداهەڵدان بەمەبەستی هاندان و چاو لێکردن.

بەکارهێنانی کەسایەتییەکە وەك (ڕەمز) ی نەتەوەیی و نیشتیمانی.

١-لاواندنەوە:-

گەردەلوولی سپی مەبەستی سەرەکی ئەم هۆنراوەیە، لاواندنەوەی شاعیری گەورە "ئەحمەد هـــــەردی" یە، کە گوایە هەواڵی کۆچی دوایی لە هەندەران بڵاوبۆتەوەو، شاعیریش ئەم هۆنراوەیەی بەو بۆنەیەوە وەك لاواندنەوەیەك بۆ مامۆستا "ئەحمـــەد هەردی" وتووە.

**هەموو تۆزقاڵێکی لەشی خۆت**

**کرد بەپێ و هەر نەگەیشتی بە هەواری**

**ست فاتمەکەی جاری جاران**

**هەموو تۆزقاڵێکی هەستی خۆت**

**کرد بە چاو و جارێکی تر کەوی نیگات**

**تێری نەخوارد لە بۆنی بارانی کوردستان .... ل ٥٥**

بەستنەوەی ژیانی شاعیر بە مردن و ئاوارەیی‌یەوە، بە"هەردی" دەڵێت " تۆ ڕۆیشتیت و هـــــەموو گیانی خۆت کرد بۆ ئەوەی بگەیت بە ســــــت فاتیمە و هەر نەگەیشتیت پێی، هەموو هەستەکانی خۆت کرد بە چاوو، بەڵام هـــەر تێرت نەخوارد لە بارانی کوردستان تەنانەت لە دوای کۆچی دوایشت هەر نەگەیشتیت بە گردی سەیوان و لـــە غەریبی نێژرایت دەنگیشت هەر نەگەیشت بە منداڵانی وڵاتەکەت، هەموو شتەکانی وڵات لە دوای ڕۆشتنی "هـــــەردی" سەرەڕۆ بوون و سەر لێشێواو بوون، تەنانەت دڵی بەردی ست فاتیمەش تواوەتەوە و بووە بە ئاو، ئەویش هەست و سۆزی گۆڕاوە، ئـــەو کۆچی کردووە و تەنانەت تابووتەکەش لە دار بەڕووی هەڵگورد نیە، لاشەکەی بۆ کورد نیە! شاعیر ژیانی دوورە وڵاتی "هەردی" پێناخۆشە و دەڵێت:-

( کێ گەورەیی تۆ دەزانێت لـــە وڵاتی غەریبی، کێ لەوێ دەزانێت، کە دڵت پڕە لە شیعری تەڕو پاراو و ناسك، کـــێ دەزانێت گیانی تۆ نەخشەی وڵاتێکی تێدایە، کە بەزۆر و زەبر پارچە پارچە کراوە؟!. لێرەدا شاعیر پەندێکی کوردیی هەیە کە دەڵێ: " بەرد لەجێی خۆیدا ســـەنگینە " ی لـــە زەینـــدا ا هـــەبووە، بـــەڵام ئـــەم بـــیرەی بـــێ ئـــەوەی هـــیچ پەیوەندی‌یـــەکی ڕاستەوخـــۆیی پەندەکەی پێوە دیاربێت دەربڕیووە، ئەوەش نیشانەی توانای شاعیر و بەهرەی زاڵیەتی.

١- پێدا هەڵدان بەمەبەستی چاولێکردن، وەك "ڕەمز" ی کەسایەتی نیشتیمانی و نەتەوەیی: لەم بوارەشدا هەردوو هۆنراوەی بۆ لاواندنەوەی " نێرودا و بۆ گیڤارا " نووسیووە.

**لاواندنەوەی " نێرودا "**
**خەوم بینی ... هەوری مەرگ بەسەر شیللی دا**
**دا دەباری وەکو ئەسپێ ... وەکو کرم**
**یا ساوڵ و چەتە و سیخوڕ**
**هەر زاو زێیان وەکرد وەك لم ..........ل ٢٨**

بۆ " گیڤارا "
**بوی بە گوڵی گشت دارەکان**
**بە گۆرانی منداڵی گشت هەوارەکان**
**بە دڵداری هەموو کچە هەژارەکان**
**بووی بە هەوری خوێنی تووڕە و**
**لافاوی خۆت بەخشییە گشت**
**ڕووبارەکان .... ل ٣١**

**شەشەم / هەڵوێست : ڕەنگە بەستنەوەی ناوەڕۆکی هەندێك لە هۆنراوەکان بەیەك لایەنی یان ناوەڕۆکی دیاریکراوەوە کارێکی ئاسان نەبێت، چونکە لە هەندێك لەم هۆنراوانەدا شاعیر چەند ناوەڕۆکێکی کۆکردوٚتەوە و زیاتر لە مەبەستێکی پێکاوە، بۆیە ئەم هۆنراوانە لە ژێر ناونیشانی " هەڵوێست" دا کۆدەکەینەوە، چونکە شاعیر لەم هۆنراوانەدا هەست و بۆچوون و هەڵوێستی خۆی لە ئاست زۆرێك لەو ڕووداوو ڕاستی و کێشانە دەربڕیوە کەلە دەوروبەریدا ڕوویان داوە و پەیوەندییان بە خەم کێشەی ڕەوای میللەتەوە بووە، هۆنراوەکانی:( بەهاری مەزن، پایتەخت، دەریا، ڕۆژنامە و ناونیشانی شانۆیەکی کۆن) لەو هۆنراوانەن.**

**دەریا**
**لێیان پرسیم بە دوای چیدا دەگەڕێ**
**وتم : بە دوای دەریایەکدا**
**لەناو دڵما بزر بووە**
**لێت تێ ناگەین تۆ چی دەڵێی**
**ئەو زمانەی تۆ پێی دەدوێی**
**نایزانین و لە کەس نەمان بیستووە ... ل ٨٢**

هۆنراوەکە لە شێوەی گفتوگۆدا، پرس لە شاعیر کراوە، کە بە دوای چیدا وێڵە ئەو وتوویەتی دەریایەك، بەڵام کـــەس تێی نەگەیشتووە، پێیان ووتووە ، کە ئەو زمانەی ئەو پێی دەدوێت، کەس پێی ناگات و لەمەو پێش نەیـــان بیستووە، شاعیر دەڵێت هیچم نەوتووە ئەگەر بێمە زمان و هاوار بکەم دەڵێم شارەکەم نووستووە، مردووە. لێرەدا شاعیر باس لە خامۆشی و بێدەنگی شارەکەی دەکات، کە ڕاناپەڕن و وەك ئەوەی کەسی تێدا نەبێت.

## چەند لایەنێکی شێواز و تەکنیکی " گەردەلوولی سپی "

شیعر بەگشتی، جا کۆن بێت یان نوێ، پابەندی تەکنیك دەبێت، هەندێ جاریش شیعری تازە مامەڵەی نوێتر لەگەڵ تەکنیکەکانی پێشوودا دەکات، بە واتایەکی تریش دەتوانین بڵێین سەردەم و گۆڕانکاری تازە، تەکنیکی نوێتر دەهێنێتـــە ناو شیعرەوە. (٤:١٣٨)

( گـــــەردەلوولی سپی) وەك بەشێك لە هۆنراوەی نوێ و سەردەمی ڕوانگە ، مامەڵەی لەگەڵ تەکنیکی تازەی هۆنراوەی کوردی ئەو سەردەمەدا کردووە، لەم بەشەدا هەندێك لە لایەنی تەکنیکی " گەردەلوولی سپی" دەخەینە ڕوو، لەوانە:

١- وێنەی هونەری .

٢-بەکارهێنانی ڕەمز.

٣-زمانی شیعری

٤-کێش و سەروا.

یەکەم /وێنەی هونەری :-

زۆرجار کە پێناسەی شیعر دەکرێت دەڵێن شیعر واتە " وێنـــە" مەبەست لە وێنە ئەو ئامێرە هــــونەریانەی ڕەوانبێـژی و ناسك بێژی‌یە، کە شاعیرێك بەکاری دێنێ، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی هونەری و ناڕاستەوخۆ هەست و نەست و ئەندێشەی خۆی یان هەڵوێستی لە سروشت و واقیع و ژیان دەربڕێت. یەکێك لەو لایەنە گرنگانەش بۆ خەملاندنی شیعر" وێنە" یە.

لە شیعری کوردیدا دوو سەرچاوە هەن بۆ " وێنەی هونەری":

١-سەرچاوەی خودی.

٢-سەرچاوەی بابەتی.

١-سەرچاوەی خودی:- وێنەی هونەری ئامرازێکە بۆ دەربڕینی هەست وسۆز و ڕاوبۆچوون و هەڵوێست بەرامبەر بەودیاردانەی لە دەوروبەردا ڕوو دەدەن، دیارە ئەم دیاردانەش هەمووی لە ئەزموونی گشتی شاعیردا یەکدەگرنەوە و دەخرێنە سەریەك. (١:٢٧٧)

٢-سەرچاوەی بابەتی:- لایەنەکانی سەرچاوەی بابەتی بۆ وێنەی هونەری لە شیعری کوردیدا زۆرن لەوانە: ئەدەبی پێشین، کەلەپوور، فۆلکلۆر داستان ، پەند، بەیت، داب و نەریت و سروشت و واقیع دەگرێتەوە، و هەروەها کەلەپوور و کلتووری جیهانی و سەرچاوەی مێژوویی و سەرچاوەی ئایینی و ئەدەبی گەلانی دەگرێتە خۆ.

سەرچاوەی وێنەی هونەری لای " لەتیف هەڵمەت" لە"گەردەلوولی سپی" دا جگە لە سەرچاوەی خودی بریتین لە:

١- واقیع.

٢- سروشت.٣-ئایین.٤-مێژوو.

١- واقیع : ئەو واقیعەی، کە شاعیر تیایدا ژیاوە و پێگەیشتووە، بە گشت سیما و خەسڵەتەکانییەوە بەشێکە لە پێکهێنەری وێنەی هونەری لای شاعیر، دیارە واقیع بە خۆش و ناخۆشی باش و خراپی و هەموو لایەنەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری ڕەنگدانەوەیان دەبێت لە وێنە شیعرییەکاندا.

دەرمانی پێکەنین
ئێمە لە چەرخێکدا دەژین
خەمی تیا بووە بە : هەنگوین
بە دۆندرمە
بە ئەسپرین
سەدەی مشك و کوللەیە
سەدەی برین
لە چ دەرمانخانەیەك
دەرمان هەیە
بۆ پێکەنین .. ل١٠

شاعیر وێنەیەکی ئەو واقیعە دەکێشێت، کە خەم هێندە زۆرە وەك (هەنگوین و دۆندرمە و ئەسپرین) دەخورێت، ئەم سەردەم و واقیعە سەردەمی هەموو شتە خراپەکانی وەك

(مشك و كولله) يه، مەبەست ئەوانەی كە زیان بـەخشن و بیٚ سوودن، پێكەنین بووە بە دەرمان و دەست كەوتنی زۆر گرانە.

لێـرەدا شـاعیر كۆنتراكـت (شـتە دژەكـان) كۆدەكاتـەوە و لەسـەر دوو تەوەرەكـەی (چـاك) و (خـراپ)، مرۆدۆسـتی و دژە مـرۆڤی بـۆ ئـەوەی وێنـەی ئیـدیالیی ئـەو دنیایـەمان بـۆ دەربخات، كە لە خــەیاڵ و فەنتازیای شیعرەكانیدا كێشاونی و بۆ ئــەوەی لایەنە گەشـەكانی ژیـان ببینـیٚ دەبێـت لایەنـە دزێـوو ناشیرینەكانیشـی ببینـیٚ .. ڕاسـتە ئـەم چـەمكە واتـە ( كـۆكردنەوەی وێنە دژەكان) زۆر كــۆنە، بەڵام شاعیر بەسەلیقە و لێهاتوویی خـۆی مامەڵەیـەكی نوێی لەگەڵدا دەكا و لــە ئەزموونی خۆیدا بونیادی دەنێت .

٢- سروشت :هەمیشە سروشت سەرچاوەیەكی لەبن نەهاتوو بـووە بـۆ هونـەر، مـرۆڤ زۆرجـار خـۆی بـە سروشـت چـواندووە یـان بــە پێچـەوانەوە گیـانی مرۆڤـی كـردووە بەبـەر سروشتدا یان وەك لە زاراوە ڕەخنەییەكاندا بەكار دێت"مرۆڤانـدنی سروشـت"تەنانـەت جاری واش هەیە ڕەگەزەكانی سروشت بیری ئەبستراكتی شاعیر دەگرنـە خـۆو لـەوەش دەردەچـن كـە هۆیەكی یــان ئامێرێك بن بۆ ڕوونردنەوەی شتێك یان دیاردەیەك، بەڵكو خۆیان دەبنە دەربڕی بیر و بۆچوون. لە " گەردەلــــوولی سپی" دا چەندین وێنەی جوانی سروشت دەبینین:

<u>***پایتەخت***</u>

**بەفرە چڕەكان**<br>
**لەسەر لوتكەیەكدا كۆبوونەوە وبوون بە چەند ڕووبارێكی زیوینی بەرەلاو**<br>
**وەكو كۆمەڵێ منالی چەمووش**<br>
**بێستان و ڕەزەكانیان**<br>
**پڕ لە گۆرانی و فیكە فیك كرد**<br>
… ….<br>
**چەند دار بەڕوویەكی دڵدار**<br>
**لە دۆڵێكدا**<br>
**دەسلەملانی یەكتر بوون و**<br>
**پرچی سەوزی خۆیان**<br>
**دایە بەر بارانی ماچی فێنكی هەتاو ….**<br>
**دۆڵەكە بوو بە دارستان …ل٩٧**

وێنەیـەكی سروشـتی چـوێندراو بـە مـرۆڤ، لـە یەكەمیانـدا چـواندنی بـەفرەكان و داباریـنیـان و دەنگـە دەنگیـان بـە منـدالْ، لـــــەدووهەمیاندا وێنـەی چڕی و بەیەكداچوونی دار بەڕووەكانی چواندووە بە وێنـەی دڵداران و بە تینی هــەتاو گەشە دەكـەن و دۆڵەكە دەبێت بە دارستان.

٣- ئـایین: وەك سەرچـاوەیەكی وێنـەی هونـەری لای زۆربـەی شـاعیران، ئـاین هەمـــــوو لایەنـەكانی پێغەمبـەران و كێشـە ئـاینی و ڕووداوە ئاینیـەكان و چـیرۆك و بەسـەرهاتەكان دەگرێتـەوە. لـە " گـەردەلوولی سپی " دا زیـاتر لـە وێنەیـەكی هونـەری سەرچاوە گرتـوو لـە ئاینەوە دەبینینەوە، بە تایبەت ئاینی ئیسلام و ئاینی مەسیحی.

– لە هۆنراوەی (یەكەم خۆشەویستی) دا:

**من هێشتا چلەم نەچوو بوو**
**نەمدەزانی لە بێشكەدام**
**یان لە زیندان**
**هیچی ترم نەدەزانی تەنیا گریان**
**خەوم بینی فریشتەیەك**
**سپی وەك شەستە باران**
**هێدی هێدی هاتە خوارەوە لە ئاسمان**
**جومگەی سنگی یەكەیەكە**
**لێك ترازان**
**ئەڤینی ئەم چەم و دۆڵ و شاخ و داخەی**
**لە دڵما چان**
**ئێستا دڵم هیچی تری تیادا نیە**
**هەر كوردستان .. كوردستان.. ل ٨٦**

چیرۆكێكی كورت هەیە لە قورئانی پیرۆز باس لە لـەتكردنی سنگی پێغەمبـەر مان (د.خ) دەكات، خوای گـەورە دەربارەی ئـەم چیرۆكە لـە سورەتی (الانشراح). باسـی شـەق كردنـی سـنگی پێغەمبـەر (د.خ) و پاكردنـەوەی دڵـی لـە هـەموو شـتێكی خـراپ و لابردنـی بـاری گـران لەسەری و پڕ كردنی بە زانست و زانیاری و شتی چاكە دەكات.

" لـەتیف هەڵمـەت " ئـەم ڕووداوە دەكـات بـە هـەوێنی وێنەیـەكی شـیعری لـە (یەكـەم خۆشەویستی) دا. (١:٣٥٧)

وێنەی هاتنە خوارەوەی فریشتە لە ئاسمان و شەق کردنی سنگی هەمان وێنەیە، شاعیر لێرەدا خۆی لەگەڵ پێغەمبەر (د.خ) بەراوورد کردووە لەم ڕووداوە دا، جیاوازی ئەوەیە شاعیر ئەم وێنەیەی تەوزیف کردووە بۆ بەخشینی مەغزایەکی تایبەتی ئەویش چاندنی تۆوی خۆشەویستی خاك و نیشتیمانە، کە ئەویش کوردستانە لە دڵــی شاعیردا، کــە شتێکی تایبەتییە، کەچی لای پێغەمبەر (د.خ) چاندنی زانست و زانیاری و خۆشەویستی گشت موسڵمانانە، کە زیاتر گشتیەتی تێدایە (١:٣٥٨)

٤- مێژوو: مێژوو بە هەموو لایەنەکانی و ڕووداوەکانی سەرچاوەیەکی تری فراوانی وێنەی هونەری یە لە شیعردا، دیـــارە تەوزیف کردنی ڕووداوە مێژووییەکان لــــە شیعردا و بەستنەوەی بە بارودۆخی سەردەمەوە هەوێنی سـەدان وێنەی هونەرین لای شاعیران، بە تایبەت لە شیعری نوێی کوردیدا.

هۆنراوەی " هاوارم کرد" نیشاندانی وێنەیەکی مێژووییە بەستنەوەی واقیعە بە ڕووداوێکی مێژووییەوە.

هاوارم کرد : دایە .... دایە
وا ئەبرەهەو لەشکری فیل
تەنیویانە ئەم دنیایە
ووتی : ڕۆڵە
دڵۆپ دڵۆپ حەرامت بێ
بۆنی بای ئەم خاك و خۆڵە
حەرامت بێ ئاوازی قەڵبەزی زیوین
ڕووناکی ئاسمانی شین
گوڵە سوورەی ئەم گشت شاخ و
شیوو دۆڵە
حەرامت بێ ئەو شیرەی
کە تنۆك تنۆك بە گەروتا ڕژاوە
ئەگەر نەبی بەهەوری خەستی ئاگر و
بە سەریادا نەبارێنی پشکۆی ڕقی هۆنراوە ..ل٣٤

شاعیر لەم هۆنراوەیەدا، ئاماژە بە ڕووداوێکی مێژوویی شەڕی فیل ساڵی (٥٧١) ی زایینی دەکات و داگیرکەران و دوژمنانی سەردەم و لەشکرەکانیان لە وێنەی لەشکری فیل دا دەبینێت و

بە زمانی دایکیەوە داوای هەڵوێست وەرگرتن و بەرگری کردن لە خاك دەکات. دیسانەوە شاعیر وێنە دژەکان: هێزی خێر و شەڕی کردووە بە بنەمای بونیاتنانی وێنە شیعرییەکانی، نەك تەنیا وەك کەرەسەیەکی هونەری، بەڵکو وەك هەڵوێستی خۆی لە دوو چەمکە گرنگەی ژیان و بوونی مرۆڤ، هەمیشەش وەك شاعیرێکی خێرخواز لایەنی خێر و چاکە دەگرێت" لەتیف هەڵمەت" ئەم دیمەن و ڕەمزانەی کەلە کلتووری ئیسلامەوە دێنێ، بە شێوەیەکی وەستاو و میکانیکی نایانهێنێت بەڵکو دەیانخاتەگەڕ بۆ دەربڕینی ئەزموونێکی ترلە ڕۆژگارێکیتردا کەسیش لاری لەوە نیە، کە هێزی خێر و شەڕ با گۆڕانی ڕوواڵەتیان بەسەر دابێت، بەلاّم لە جەوهەردا لە هەمان بنەوانەوە چ خێر بێت و چ شەڕ بێت هەڵدەقوڵێنن و هەر سەردەمە و بەشێوەیەك دەردەکەون.

سەرچاوەی خودی:

وەك پێشتر ئامـاژەمان پێ کرد وێنەی هونەری ئامڕازێکە بۆ دەربڕینی هەست و سۆز و هەڵوێستی تایبەتی شاعیر، بە تایبەت وێنەی خودی وابەستەی ئەزموونی تایبەتی شاعیر خۆیەتی، ئەم لایەنەی وێنەی هونەری لە هۆنراوەی" دەفتەر" لای " لەتیف هەڵمەت" دەردەکەوێت:

نم ... نم ... نم ... نم

پەڵە هەورێکی قاوەیی

لە شوانی بای ئێوارەی زستانێك دەدزم ...

بەشەو دەیکەم

بە پەردە بۆ پەنجەرەکەم

بشێ ئیتر ئەستێرەی چاو پەمەیی

دەست بدەن لە دەفتەرەکەم ..ل ٢٤

شاعیر وێنەیەکی تازەی داوە بەو کەسانەی لە وێنەی ئەستێرەدا باسیان دەکات و ئەم وێنەیە دەبەستێتەوە بە وێنەی هەور و ئەستێرەکان لە سروشتدا، چوون لە بوونی هەوردا ئەستێرەکان دەشاردرێتەوە و بەرچاویان دەگیرێت، ئاواش شاعیر بۆ شاردنەوەی " دەفتەر" ەکەی کە ڕەنگە مەبەستی نهێنییەکان یان هۆنراوەکانی بێت، پەڵە هەورێك دەکاتە پەردەی پەنجەرەکەی، تاکو نهێنییەکانی لە چاوی نا حەزان شاراو بێت.

لێرەدا پێویستە ئاماژەی ئەوەش بکرێت، کە " لەتیف هەڵمەت" هەر لە یەکەم دیوانییەوە " خواو شارە بچکۆلەکەمان" پەنای بردووەتە بەر کێشانی وێنەی نامۆ و زۆر

نائاسـایی، کـە مەودایـەکی هونـەرییان داوەتـە شـیعرەکانی..ئەمـــەش کاریگـەری شـاعیرە سریالیەکانی ئەوروپا بوو، کە هاتوونە ناو ئەدەبی عەرەبی و لەوێشەوە بۆ ئەدەبی کوردی ... بـــا سـەیری ئـەم وێنانـە بکـەین: ( هـەوری قـاوەیی ... شـوانی بـای ئێـوارەی زسـتانێك ... ئەستێرەی چاو پەمەیی ). یان میتافۆرێکی وەك ئەستێرە دەست بدەن لە دەفتەرەکەی .. کە لە ڕاستیدا چەردەیەك بەهای ناسك بێژی و ڕەوانبێژی لە شێوەکانیدا دەدرەوشێنەوە.

## دووەم/بەکارهێنانی هێما ( ڕەمز

بەکارهێنانی هێما " ڕەمز" لە شیعری نوێی کوردیدا بە تایبەت لای ڕوانگەیی‌یەکان هەمان درێژە پێدەری ڕێچکەی پێش خۆیان بوون، بـــەڵام دەتوانرێت بگوترێت ڕوانگەیی‌یەکان زیـاتر ئاوڕیـان لـــە ڕەمـزە جیهانییـەکان داوەتـەوە و مامەڵـەی باشـیان لەگەڵـدا کـردوون، ڕەمزەکـانی ( خـاچ – حـەللاج – هابیـل – قابیـل – ئـادەم – حـەوا ) و زۆری تـریش لـە شـیعری شاعیرە نوێخوازەکاندا ڕەنگی داوەتەوە.(٤:١٤٧)

ئەگـەر بـە ووردی بڕوانینـە هۆنراوەکـانی " گـەردەلوولی سـپی " بـەکارهێنانی ڕەمـز پانتایی‌یەکی گەورەی داگیر کردووە لە هۆنراوەکاندا، لە هۆنراوەی ( ناونیشانی شانۆیەکی کۆن ):

پێتان دەڵێم بەخوا بڵێین
بە مریەم و حەوا بڵێین
گشت زامێکی ئەم وولاتە – عیسایەکی تیا ماتە

لێرەدا " عیسا" ی مەسیح ڕەمزی ئازارو زامی گەلەکەیەتی، وەك چۆن " عیسا " زوڵم و ستەمی بەرامبەر بەکاردەهێنرا ئەوهاش یەك بەیەکی ڕۆڵەکانی نەتەوەکەی " عیسا" یەکن و زوڵمیان لێدەکرێت.

٥–لە هۆنراوەی " هاوارم کرد "

هاورم کرد : دایە .. دایە
وا ئەبرەهە و لەشکری فیل
تەنیویانە ئەم دنیایە... ل ٣٤

لەم هۆنراوەیەدا شاعیر لەشکری فیل و ئەبرەهەی کە ڕووداوێکی مێژووییە کردوۆتە ڕەمز بۆ داگیرکەرانی کوردستان.لایەنێکی گرنگی بەکارهێنانی ڕەمز لای شاعیر لەسەر ناوی هۆنراوەکاندا

دەردەکەوێت، کە زۆربەی هۆنراوەکان ســــەر ناوەکانیان (ناونیشان) ڕەمزێکی نیشتیمانی یان نەتەوەیی یان بەرگرین، بۆ نموونە: هۆنراوەی ( لاواندنەوەی یەکەم خۆر) لێرەدا خۆر ڕەمزی نیشتیمانە. (ئەستێرە) ڕەمزی نەوەکانی ولات. لە هۆنراوەی( جوانترین خۆر) خۆر ڕەمزی شۆڕشە.

***سێیەم / زمانی شیعریی :-***

زمانی شیعری زمانی ئاماژەیە، هۆنراوە زمانێکی تایبەت بەخۆی هەیە ، کە دوورە لە دەربڕینی ڕاستەوخۆ. دیارە شاعیرە نویٚ خوازەکان بە تایبەت شاعیرانی ڕوانگە و یارانیان، تایبەتمەندی خۆیان هەبووە لە زمانی شیعردا. تایبەتمەندییەکانی زمانی شیعری لای" لەتیف هەڵمەت " و بە تایبەت لەم هۆنراوانەدا بریتین لە:

١- بەکارهێنانی ووشەی کوردی ڕەسەن و بە تەواوی دوورکەوتنەوە لە بەکارهێنانی وشەی زمانی بێگانە.

٢- زمانێکی پوخت و دوورکەوتنەوە لە درێژبڕی و پێدانی زۆرترین وێنە و دەربڕین بە ڕستەی کورتن.

٣- دوورکەوتنەوە لە واتا فەرهەنگییەکانی ووشەکان و بەکارهێنانیان بە واتای نوێوە.

قوربان ئەوە تانجەڕۆیە ناخەوێت و بۆ دڵدارە دوورەکەی خۆی .

ئەسپی کەوتۆتە کەولی و

هەر گۆرانی دەپچڕیٚ بۆی..ل ١٧

پێدانی واتای ( نەخەوتن ) بە تانجەڕۆ، کە دەزانین تانجەڕۆ چەمە و ناخەوێت. گریان، بە هەمان شێوە. دڵداریش بە واتای نیشتیمان بەکارهاتووە. لێرەدا ئەناڵۆگیایەکی شیعرێکی " گــــۆران " دێتە یادمان، شاعیر بە ئاگا یان بیٚ ئاگا بەکاری هێناوە ، " گــــۆران " لە " گەشتی قەرەداخ " دا دەڵیٚ:

بووکی تانجەڕۆی ناو

دۆشەکی سەوز

ئەترووکیٚ چاوی شینی بەوەنەوز (٢:١٤١)

چوارەم / لایەنێکی گرنگی تری یاریکردن بە زمان:-

بە مرۆڤ کردنی بیٚ گیانەکان (٤:١٦١).

بە بیٚ گیان کردنی مرۆڤەکان.

کە " لەتیف هەڵمەت " هەردوو تەکنیکە زمانییەکەی بەکارهێناوە، لە هۆنراوەی" تیر " دا دەڵێت:

بووم بە هەور و چووم بۆ ئاسمان
بەرۆکی خوام ڕاتەکان
قۆپچەی نەبوو هەڵ بوەریٚ و
دەمی نەبوو بێتە زمان
گەڕامەوە و
لقی دار بەڕوویەکی پیرم کردە
تیر و کەوان
سەرانسەری گێتیم هەژاند ..ل ١٢

لێرەدا تەکنیکی " بیٚ گیان کردنی مرۆڤەکان " ە لە خۆی بووە بە " هەور " و چوٚتە ئاسمان هەروەها تەکنیکی دووەمی بەکارهێناوە لە هۆنراوەی " وەرزی ماچ ".

شەوێکی گەرم دەریایەك شەیدای
لوتکەی کێویٚ بوو هەزار بە هەزار
حەزی کرد لەسەر سنگی کێو بنویٚ و
وەك دەوە باڵدار
لەسەر پەل و پۆی دارەکانی دا
هێلانە بکا و
بیهەژێنیٚ وەك منداڵی لاسار ..ل٨٨

لێرەدا بە مرۆڤ کردنی بێگانەکانە ( شەیدابوون – حەزکردن – نووستن – هەژاندن ) ئەمانە هەموو تایبەتن بە مرۆڤ و خراونەتە پاڵ ( دەریا )، ئەمانەش هەمووی دەچنە جوغزی میتافۆرەوە

***<u>چوارەم / کێش و سەروا :–</u>***

"شیعر بە زمانی مەجازو دەربڕینی هەست و ئیقاعەوە لە پەخشان جیادەبێتەوە، ئیقاعەکە ئیقاعی دەرالی ووشەیی دەگرێتەوە، ئیقاعی وشەیی لە کێش و سەرواو ئیقاعی ناوەوە دووبارەبوونەوەی دەنگ لە شوێنی تایبەتی و هێنانەوەی دەنگ و یاریکردن بەجێگای وشە وخستنە پاڵ یەکتری هەندیٚ دەستەواژەی لەبار دایە، کە مۆسیقای دەقەکە پتەو بکات بەرەو

چـــڕی و دوایش تەقاندنەوەی مانای ببات، کێش و سەروا لە هـــەموو ڕەگەزە ووشەییەکانی تـــر زەقترە و پتر سەرنجی شاعیر و خوێنەرانی ڕاکێشاوە" (٣:٣٠٢)

**شیعری ئازاد و سەروا:**

شیعری ئازاد بە تەواوی لە کێش و سەروا ئازاد نیە، بەڵکو لە کۆتی تەقلیدی ئەم دوو ڕەگەزە ئازادە. سەروای ئازاد، ئەوەیە کە خۆی بە هیچ قاڵبی دەرەوە نابەستێتەوە هاتنی بەپێی یاسای دەرەوە نیە، بەپێی هـــەست و نەستی شاعیرە.(٣:٣٠٥)

بەکارهێنانی سەروای ئازاد تەکنیك و شێوازێکی تازە و تایبەتی" لەتیف هەڵمەت"و سـەرجەم شـاعیرانی هـاو تەمـــەن و هاوڕێبـازی ئـەون. مامۆسـتا " د. عـەزیز گـەردی " ئـەم تایبەتمەندییانـە بـۆ سـەروای ئـازادی کـوردی دەخاتـە ڕوو، کـە " لـەتیف هەڵمـەت " یـش لـە پەیڕەوکەرانی ئەو ڕێبازەی سەروایەیە.

١-شاعیر بەهیچ جۆرێك خۆی بەهیچ دەستوورێکی سەرواو هیچ قاڵبە سەروایەك نابەستێتەوە.

٢-شاعیر لە سەروا هێنانەوەدا ، گوێ بەیاسای دەرەوە نادا ، تەنیا گوێ بۆ هەست و سۆز و بیری خۆی دەگرێ، سۆز و بیری کەی و چ جۆرە سەروایەکی بوێ پەیڕەوی ئەو سەروایە دەکا.

٣-شـــــاعیر سەرواکانی بە درێژایی هۆنراوە بڵاودەکاتەوە ، بۆی هەیە یەك سەروا سەرەتا و کۆتایی پارچە شیعرەکە بگرێتەوە.

٤- بۆ دەستەبەرکردنی یەکێتی ئاوازی شیعرەکە، شـــاعیر هەوڵدەدا سەرواکان لێك دانەبڕێنێ، بەپێی تـــوانا تێکیان هەڵدەکێشێ بۆ ئەوەی سەرواکان بەردەوامییان هەبێ و هەموویان وەك پارچە مۆسیقایەکی گشتی ئاوازی شیعرەکە بـەرز بکەنەوە.

٥- یەکێك لە ڕەگەزەکانی پتەوکردنی سەروا ئاوازی شیعر دووبارە کردنەوەکەیە، شاعیری تازە زۆرجار پەنای دەباتـــە بەر.[(٣:٣٠٢)]

نموونە /

ئەی دایە گیان
لە دوای هەموو ڕووداوەکان
خەمی کۆن قورسمان بەش کرد
لە زێی دەریا کوژراوەکان
زامی برسی و ترسمان بەش کرد
لە کۆتری بن ڕەشماڵی چەوساوەکان ..
پرچی خاتوو زینیشمان کرد

**بەسەرین بۆ**

**پاڵەوانە خەساوەکان ..ل١٣**

ئەمە ڕانانی هەندێ لەو وێنە و جوانکاری و ناسک بێژییانە بوون، کە شاعیر لەم کۆمەڵە شیعرە ناسکەیدا بەکاریهێنابوون، کە بەهرە و سەلیقەی شیعریی بە کەلەپووری کوردی و جیهانی زاخـا و دراوی خۆی تێدا هونەرمەندانە بـەکار هێناوە

*ئەنجام:*

١- لەتیف هەڵمەت یەکێکە لە پێشەنگەکانی تازەگەری لە شیعری کوردیدا چ لە ڕووی ناوەڕۆك و چ لە ڕووی ڕووخسار و تەکنیکی شیعرەوە لە حەفتاکانی سەدەی پێشوودا.

٢- دووەم/ هۆنراوەکانی ڕەنگدانەوەی سـەردەم و بارودۆخی ئەوکاتەی کوردستانن و شـاعیر هە ستی نەتـەوەیی و نیشتمانی خۆی تێکەڵ بە هەموو ناوەڕۆکە شیعریەکانی ترکردووە و لەم لایەنەشدا بەکارهێنانی ڕەمز ڕۆڵی گەورەی بینیوە.

٣- تازەگەریی لە بەکارهێنانی وێنە ی هونەریی و زمانی شیعریدا ، زمانی شیعریی سادەو ڕوان و یارییکردن بە وشە.

٤- بەکارهێنانی فراوانی ڕەمز.

٥- کێش و سەروای ئازاد بە تەکنیك و شێوازی تازە.

*سەرچاوەکان:*


١-سەردار ئەحمەد حەسـەن -بنیاتی وێنەی هونەری لـە شیعری کوردیدا (١٩٧٠-١٩٩١) سلێمانی زنجیرە کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم - ٢٠٠٤ .


٢- گۆران - دیوانی گۆران - سلێمانی - ٢٠٠٤ .

٣-عەزیز گەردی - سەروا - هەولێر - دەزگای ئاراس - ,١٩٩٩

٤-عەلی تاهیر حسین - کاریگەری ڕوانگە لە نوێگەری شیعری کوردیدا - (نامەی ماستەر ) سلێمانی ، زانکۆی سلێمانی - ٢٠٠٠.

٥-لەتیف هەڵمەت - گەردەلوولی سپی - بەغداد - چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد - ١٩٧٨ .


* ئـەم نوسـینە لـە بنچـینەدا باسـی دەرچـوونی نووسـەرە وەك بەشـێك لـە پێویسـتییەکانی بڕوانامـەی بەکالۆریۆس لە بەشی کوردی کۆلیژی زمان- زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە.ساڵی٢٠٠٦.



# دوبـاره بوونەوەی دەنگ

## لە دیوانی( نوقڵیٚ) ی

## غەریب پشدەری دا

**عەبدوڵلاٚ نامق یابا**

ڕەوانبێـژی زانسـتێکی زۆر فراوانـە، ئـەم زانسـتە چـەند بابـەتێك لـە خۆدەگرێـت، لەوانـەش بابەتی دوبارەبوونەوە، کە ئەمەش لە بەشی جوانکاری دا ئەم دیاردەیە لەناو شیعرە کوردیەکاندا زۆر بەرچـاو دەکـەویٚ، هەڵبـژاردنی ئـەم بابەتـەش ئەوەیـە کـە زۆر کـەم ئیشـی لەسـەر کـراوە. دیـاربوونی ئـەم دیاردەیـە لـەناو شیعرەکانی (غـەریب پشـدەری) وای کـرد ئـەم باسـە هەڵبـژێرم و هەروا خولیابوونیشم بەشیعرەکانی شاعیر هۆیەکی دی بوو.

**شیکردنەوەی ئاستی دەنگ**

زمان لە کۆمەڵیٚ ئاست پێکهاتووە ، هەریەکە لەوانە ئاستی گرنگی و تایبەتی خۆی هەیە:

دەنگ سازی:

(دەنگسازی:بریتیە لەو زانستەی کە لە دەنگەکانی زمان دەکۆڵێتەوە و تایبەتمەندی هەر دەنگێك دیاری دەکات ١) لێرەدا تەنها مەبەستمان ئەو دەنگانەیە کەوا لەشیعردا بەکارهاتون.

(فۆرمالیستە رووسـەکان یەکـەم کـەس بـون کـە گرنگیـان بـە ڕێبـازی مۆرفۆلـوژی دابـوو جیاوازیـان لەنێوان زمـانی قسـەکردن و ئـەدەبدا کـردووە، ئـەدەبیان واداناوە کەپـەیڕەوێکی پـەیوەندی زمانـە هەر بۆیەش لایان وابوو یەکەم زمان و ئەدەب دووەم٢)

کاتیٚ جیاوازیان لەنێوان زمانی قسەکردن و ئەدەبدا کردووە، مەبەستیان لە قسەکردنی سـەر زارەکـی خەڵکیـە. چـونکە هەرئـەو قسـانەیە لـەناو شـعردا بـەکاردێن بـەلام لـە پلەیـەکی بـەرزی هونەری. وەبەشێك لەزمانی ئەدەب زمانی شاعیرو نوسەران بەشێوەیەکی گشتی دەگرێتەوە.

لـەناو ئـەدەب جـۆرە جوانكاريـەكی تێدابـەدی دەكـرێ ئـەویش لەدوولایـەن (دەنگ،واتـا) مەبەسـتمان لـەدەنگ روخسـاری شـعرە، ئـەو دەنگانـەی كەشـعر پێـك دێـنن. مەبەستیشـمان لە(واتا)ناوەوەی شعرە كەزیاتر پابەندە بەشاعیر خۆیەوە.چونكە((شاعیران یاسادانەرانی غەیرە رەسمی جیهانن٣))

لە ئاستی دەنگدا زۆر گرنگی بە(بزوێن و نە بزوێن ) نادرێت لێرەدا مەبەستمان ئەدەبە بە تایبەت شیعر تەنها ئەو دەنگانە نەبێت كە بەشێوەیەكی زۆر بەرچاو دەكەون.

١ :(گرنگـی بـە بـزوێن نـەبزوێن) دەدرێـت بـۆ ڕازاندنـەوەی دۆخـی ئـەدەبی ( بـزوێن ، نەبزوێن،گڕوگپ، هێزدار ،بێ هێز....) جۆرەكانی بڕگە( كورت ، درێژ ، ناوەند) .

٢: پەیوەنـدی نێـوان (هـارمۆنی و هێـز...) دابەشـكردنی ڕواڵەتـەكانی جوانكـاری وەك (ڕەگەزدۆزی،سجع" ٤") وە ئەندازەی دەنگ لە كێش و ڕێكخستنی فۆنیمەكان خۆی دەبینێتەوە. (قافیە.ڕێكەوتنی دەنگەكان "٥")

دووبارە بوونـەوەی دەنگـەكان بە شێوەیەكی گشتی لە (كێش ، سەروا ، هێز،وەستان، دووبارە بوونەوە ) بەدەر دەكەوێ، چونكە هەریەك لەوانە بە كەم كردن و زیادكردنی دەنگ دەشێوێ و مانای خۆی لەدەست دەدات.

جا مەبەسـتمان دووبارەبوونـەوە بـە هـۆی دەنگـەكان بـەدەر دەكـەوێ، جا بەهـەر شـێوەیەك لـە شێوەكانی دووبارەبوونەوە .

١-پێناسەی دووبارە بوونەوە:

سەبارەت بە پێناسەی دووبارە بوونەوە چەند كەسانێك بەپێی بیروبۆچونی خۆیان پێناسەی ئەم بابەتەیان كردووە، لەوانەش (د.احمد متلوب) دەڵێ(( دووبارە بوونەوە ئەوەیە كە قسەكەر ووشەیەك بەكار دێنێ لە رستەیەكدا كەلەناو هەمان ڕستەدا هەمان ووشە كە قسەكەر ووشەیەك بەكار دێنێ لە رستەیەكدا كەلەناو هەمان ڕستەدا هەمان ووشە دووبارە دەكاتەوە، جا دەكرێ هاوواتابێ لەگەڵ وشەی پێشوو یاخود نا هاوواتابێ" ٦" )).هەروەها جگە لەم پێناسەیە چەندەها پێناسەی تری بۆ كراوە لەوانەش ((د.محمد صابر عبید "٧ ") ((زمخشری"٨ ")) ((د. شهناز"٩" )) ((شرف الدین محمد عبدالله "١٠") ((د. صفی محمد پرن"١١")

ئەمانە هەریەكە پێناسـەی تایبـەتی خۆیـان بـۆ ئـەم هونـەرە كـردووە، وەلـە چـەند لایەنـدا جیاوازیان هەبووە، وە لە هەندێك ڕووشەوە نزیكن و جگە لەمانەش لەناو كورددا چەند كەسانێك هەن كە باسیان لەم بابەتەوە كردووە لەمانەش (مەلا عبدالكریمی مدرس)ە، كە دەڵێ (رد العجز

الى الصدر ) واتـه: گێڕانـەوەی دوا برگـەی وتـار بۆ سـەرەتاکەی(١٢) )) جگـە لەمانـەش (علائـەدین سوجادی(١٣) )) ((د. عزیز گەردی(١٤) )) باسیان لێوە کردووە، ئەگەر سەیر بکەین دەبینین:

١_ لە زۆربەی زۆری پێناسەکان ڕستەو دەنگیان پشتگوێ خستووە.

٢_ هیچ پێناسەیەك هەموو جۆرەکانی دووبارەبوونەوەی لەخۆ نەگرتووە.

لەئـەنجامی ئەمانـەدا دەتـوانین بڵـێین دووبارەبوونـەوە بریتیـە: لـەو دووبـارە بوونـەوەی کـە کەرستەیەك زیاتر لەجارێك لەناو دەقێکدا بۆ مەبەستی تایبەتی نووسەر بەکار هاتووە ).


ب-جۆرەکانی دووبارەبوونەوە:.

دووبارەبوونەوەلەناو ئـەدەب تا ڕادەیـەك دەوری خـۆی گێڕاوە بـۆ دەوڵەمەند کردنـی ئـەدەب، چەند کەسانێك خۆیان بەم باسەوە خەریك کردووە کاریان لەسـەر کـردووە، چەند جۆرێکی هەیـە لەوانە:

(د. شهناز) پێنج جۆر دەست نیشان دەکات:

١_ دووبارەبوونەوەی یەك ووشە.

٢_ دووبارەبوونەوەی هەندێ ووشە لە سەرەتای هەر (مصراع) ێك (رجوع).




٣- دووبارەبوونـــەوەی ووشـــەی رســـتەیەك لـــە سەرەتای رستەیەکی تر کە بە کۆتای دەووترێ (رد العجز الی الصدر).

٤_هەنـدێ جـار وشـە لـە سـەرەتاو کۆتـایی ڕسـتە دێت.

٥_ دووبـارە بوونـەوەی دەنگـەکان کـە لـە شـیعر و قافیەدا بەدیار دەکەوێ (١٥)

(( شــرف الــدین محمــد(١٦) )) دوو جــۆر دیــاری دەکـات. (د. محمـد صـابر عبیـد (١٧) ))پێـنج جـۆر دەست نیشان دەکات، هـەروەها (عبـدلکریم مـدرس (١٨) )) دوو جـــۆر دەســـت نیشـــان دەکـــات ، وە ((ادریس عبدالله (١٩) )) چوار جۆر دەست نیشـان دەکات، (( شعبان شعبان احمد (٢٠) )) دوو جۆری تر دەست نیشان دەکات:

دووبارە بوونەوەی دەنگە بزوێن و نەبزوێنەکان:

**دووباره بوونه‌وه‌ی ده‌نگه بزوێنه‌كان:**

**دووباره بوونه‌وه‌ی ده‌نگی (ا)**

**بێنه‌وه جۆش**

**یادی كۆنه هه‌واران**

**له‌و سه‌رانه‌ی**

**تاساوان له‌بن داران (ل ١٦) ( ٢١_٨٦_١٣٣_١١٨) به‌رچاو ده‌كه‌وێ**

**بزوێنی (ە)**

**له‌لات وایه كانیاوێكم**

**تازه خوڕه‌م نایه‌ته‌وه**

**پێت ئه‌سته‌مه، بڕژێمه‌وه**

**جارێتر له سایه‌ته‌وه (ل ٨٢) له ( ٣٢ _ ١٥٠)دا هه‌یه.**

**بزوێنی (و)**

**با ئاسمان**

**ڕوو گرژ كاو ڕێبه‌ندان بێ**

**ڕوو گرژ كاو ڕێبه‌ندان بێ**

**كه ڕوكونده‌و وێران بێ (ل ١٧) ٣٨_٦٤_٦٨_٨١_٨٦_١١٩-١٣_١٥٧هه‌یه**

**ده‌نگی (وو)**

**گوڵ جروتێردی خه‌واڵووی**

**پشكووتووی ووشكه ساڵێكی**

**په‌ڵه‌ی وه‌رزی پاییزانم (ل ٦١ ) ( ٢٩_٢٧_٧١_٨١_١٤٤) دا هه‌یه.**

**دووباره بوونه‌وه‌ی (ی)**

**له‌باوه‌ش ته‌نیاییدا....**

**ئه‌ی ئیلهامی شه‌وی ته‌نیام**

**كه ده‌باریته سه‌ر جێگام (ل ٢٥) له‌(٢٧_٣٤_٣٦_٤٤_٥٠_٥٦_٥٧_٨١_٨٢_١١١_١١٢_١٦٦)**

**ئه‌م ده‌نگانه به‌رچاو ده‌كه‌وێ**

**ده‌نگی (ێ)**

**كێڵگه‌و مه‌زاری هه‌واری خۆم**

هەمووم بەسەر کردوونەوە

لە مێرگی زەنوێر و  بژوێت

کە سەرم بیر بردونەوە (ل ٢٨)لە (٣٢_٣٧_٤٥_٨٢_٩٢_١٠٦_١٠٩_١٥٢) هەیە

**دووبارەبوونەوەی دەنگە نەبزوێنەکان**

دووبارەبوونەوەی دەنگی (ب)

کە ڕاپەڕین

بووبە مە و حەوی سواران

با هەڵکا

با سریشك و تۆز و باران (ل ١٧.) لا ٣٩_٣٤_٣٦_٤٥_٥٦_٨١_٨٨_٩٢_٩٥_١٤٤_ هەیە.

دەنگی (پ)

پۆلە پەپولەی فرمێسکی پەشیمانی خۆم

لەبەر پیێ ی شەوقی پیرۆزی ، ئەتروسکە دەمرێنم(ل ٣٤_٣٧_٤٩_١٢٨) هەیە

دەنگی (ت)

ببنە کالأی

هەست و نەستی ژیانت

یا هەناسەی

گەرمی بەکۆڵی گریانت (ل ٤٠ لە ٣٧_١٣_٣٩_٥١_٥٨_٧٢_٨٨_١٠٩_١٣٠_١٣٣) دا هەیە

دەنگی (چ)

ئەو ئێوارەیەی کە توشت بووم

چاك و چۆنیت لەگەڵ کردم

لەگەڵ یەکەم ووشەی ..چۆنی

بۆچی لە خۆشیان ...نەمردم

(ل ٩٦) لە لاپەڕەی (٣٧) دا هەیە.

دەنگی (خ)

**بەچوارساڵی شەو نخونی**
**هێلانەی ئارامی _منی**
**بۆ پرخەی ئەو خەوە خۆشە**
**پەڕو باڵی خۆی بۆ رنی.(ل ٢٤) ل٢٣_٣٩_٧١_٧٥_٨٧_هەیە.**
**دەنگی (د)**
**با ئەمڕۆش**
**بەلای مندا لاسەنگ بێ، ئەو بێداریە**
**ئەو ڕۆژە دادێ**
**بۆ ڕاست کردنەوەی دەستی درێژ کا**
**سوڕانی گەردوون (ل ١٥٩) لا ١٣ دا هەیە.**

**دەنگی (ر)**
**کارمامزی دڵی شێتم**
**زۆر کەوشەنی دووری بڕی**
**دڵۆپە ئارەقی ڕێگای**
**لەسای زۆر سێبەرا سڕی (ل ٢٣)**
**لا ٢٨_٣٧_٣٨_٦٥_٧٣_٨٦_٨٨_٩١) دا هەیە.**

**دەنگی (ڕ)**
**ڕێبواری ڕێگای ئەستەمی**
**ڕەوەزی سەخت و ڕەقەنی**
**سەرەو مێژوو هەورازانم(ل_٦٠) لا٢٧_٩١_٩٣) دا هەیە.**

**دەنگی ( ز)**
**کە وشکە ساڵ پەڵەی دواخست هەڵ دەقرچێ لێوی زەندۆڵ.**
**نەمامی زڕ ، ڕەزی ڕزیو زۆر لە میوەی کەم کەم دەگری.**
**(ل ١٤) لا ٣٧_٦٦_٧١_٨١_٨٨_١١٥_١٤٥) هەیە.**

**دەنگی (ژ)**
**چۆن لە فلّتەو ژەنگ و ژاری**
**ئەم ..ژیانە دێمە وەریْ**
**کیْ دەتوانیْ ئەم پەیمانە**
**وەکو خۆم بەرێتە سەریْ (ل ١٦٥).**

**دەنگی (س)**
**بەشوێن پێی کاروانی ژینا**
**سەری کاسم هەڵگرتووە (ل٢٧) لا ٢٣_٣٧_٤٤_٥٦_٦٤_٧٠_٨١_١٢١) هەیە .**

**دەنگی (ش)**
**ووشەکانی چۆمی شەوی یەڵدابیْ**
**ڕۆشنکەری. گیانێکی شەیدا بیْ (ل ٥٦) لا٩١_٢٠_٢٧_٣٤_٤٤_٩٤_٩٧_١٣٧) هەیە.**

**دەنگی (ك)**
**هیچ کەس نەیدەزانی کێیە**
**خەڵکی کوێیە،کوڕی کێیە، (ل١٧١) لا ٨٥_٦٣_٦٤_٩٩_١٣١_١٤٢) هەیە.**

**دەنگی (گ)**
**لەگەڵ گزنگی بەیانیان**
**لق و پۆپ و گەڵاو گوڵم**
**بە تیشکی زەردی خۆر، دەشۆم (ل٦٠) لا ٣٨_٨٢_٨٨_٨٠_ ٩١_١١٣_٤٤)**

**دووبارەی دەنگی (ڵ)**
**ڕێژنەی خوڕەی ڕای ماڵیوم**
**وەبن شەپۆلانی کەوتووم**
**لە هەڵەتان هەڵدێراوم**
**لە پێدەشتان .. هەڵتگروتوم ( ل٢٨) لا ١٥١**

دەنگی (م)
کۆیەو بەزمی
گەرمە سێوان. گەرم کە
دڵی ڕەقی
قوڵە جوان .. نەرم کە (ل ١٥) لا ٢٤_١٤_٢٧_٣٢_٥٣_١١٩_١٣٦_١٤٩) هەیە.

دەنگی ( ت)
لافاوێکی بەشێت
کەنار خۆیان بۆ ناگرێ
بیوەستێت (ل ٢١) لا ٣٨_٢٩_٣١_٣٨_ ٧٣_٧٨_ ٨٠_١٠٠_١٢٠) هەیە.

دەنگی (هـ)
هەتاکو ..ئەو ڕۆژەی مابم
منیش وەك و خۆی . کەسیانم
هەرگیز نایەڵم. هەتیو بن
هەرمنیان هەبێ بەسیانم (ل ١٣٨) لە لاپەڕەی (٤٧)دا هەیە.

ئەنجام:

لە ئەنجامی تاوتوێ کردنی ئەم باسە گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١- لە شیعرەکانی غەریب پشدەری دووبارە بوونەوەی دەنگەکان بە زەقی دەر دەکەوێ

٢- شاعیر دەنگە نەبزوێنەکانی زۆر دووبارە کردۆتەوە ، ئەویش لەبەر زۆری ژمارەیان، جگە لەمەش زیاتر لەناو شیعرەکان دا دووبارەبۆتەوە.

٣- هەروەها چەند جۆرێکی دووبارەبوونەوەی دەنگەکان بەرچاو دەکەوێ.

دووبارە بوونەوەی دەنگەکان بە تەنیشت یەکتر واتە: بەدوای یەك و وە دەنگەکان دووبارە بوونەوەی دەنگەکان بە تەنیشت یەکتر واتە: بەدوای یەك و وە دەنگەکان لە کۆپلەیەك دا یاخود دووبارەبوونەوەی دەنگەکان لەسەرەتا و کۆتایی هۆنراوەکە.

**تێبینی: ئەم نووسینە پوختەی باسی دەرچوونی نووسەر بووە بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٠٥-٢٠٠٦**


پەراوێزو سەرچاوەکان:

١_یادگار رسول باڵەکی _هەندێ دیاردەی فۆنۆلۆژیی لە شێوەزاری باڵەکیاندا_گۆڤاری رامان_ ژ. ٧٢_٢٠٠٢ _لا ٢٠٣,

٢- محمد عزام _التحليل الاسنى للادب _ ديمشق_١٩٩٤_ ص_١٢٩,

٣- هارۆڵد نیکلسن_ژیان بەبێ شیعر مومکین نیە_ وەرگێڕانی لە فارسیەوە گۆڤاری ڕامان _ژمارە _٥٧_٢٠٠١_لا ٢٧٠

٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو _لا ١٣٨

٥- جۆزیف میشال شریم_ دليل الدراسات الاسلوبيه _ بيروت _لبنان ١٩٨٦ _ص_ ١٠٨

٦- احمد متلوب _اساليب البلاغيه.

٧- محمد صابر عبيد (د) القصيده العربيه الحديسه.

٨- زمخشری_ البلاغيه القانيه فی تفسير اسر مخشری.

٩- شهناز شاهين (د) تكرار ادبيات فارس.

١٠- شرف الدين بن محمد بن عبدالله _اتيان بن اتيان.

١١- صفی محمد شرف (د) التصوير ادبيات.

١٢- مەلا عبدلكريم مدرس بەدیع وعەروزی نامی.

١٣- علائەدین سجادی.خۆشخوانی.

١٤- عزیز گەردی _ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا.

١٥-شهناز شاهين(د) تكرار ادبيات ص_ ٣٦_٣٧,

١٦- للتيب _شرف الدين بن محمد بن عبدالله _التبيان فی ابيات_ ص_ ٣٠٠

١٧- محمد صابر (د) القصيده العربيه .ص( ١٨٦_١٨٩_١٩٥_١٩٩_٢٠٤)

١٨- مەلا عبدلكريم مدرس(لا_٤٩)

١٩- ادریس عبدالله_جوانکاری لە ئەدەبی کوردیدا، لا_ ٥٠_٥١

٢٠-شعبان شعبان احمد لا ٧٨.

# شیعر لەنێوان بەهرە و کارتێکردندا

مستەفا ساڵح مستەفا

ئەوەی گومانی تێدانیە ئەوەیە کە شیعر یەکێکە لە دوو کۆڵەکەکانی ئەدەب و لەڕووی دەرکەوتنیشەوە بەڕای زۆربەی زانایانی مێژووی ئەدەب پێش پەخشان کەوتووە، بەهۆی ئەو ئاوازە سوکەی کە هەیەتی بەئاسانی ئەزبەر دەکرێت و بۆماوەیەکی دووریش لەهزری مرۆڤ دا دەمێنێتەوە. بەپێچەوانەی پەخشان، کەئاوازێکی ئەوتۆی تێدانیە و بۆ ئەزبەرکردنیش ئاسان نیە. لە ڕووی دەرکەوتنەوە وەك گوتمان پێش پەخشان کەوتوە، چونکە تاکو ئێستا کۆنترین دەقی ئەدەبی کەدۆزرابێتەوە شیعرە، جا وەك ئەدەبیاتی جیهانی بێت (الیادەو ئۆدێسای هۆمیرۆس) یان وەك ئەدەبیاتی کوردیبێت (هۆنراوەکانی بابەتاهیری هەمەدانی ).

پێناسەو گەڕانەوە بۆ مێژووی ئەدەب بەگشتی و شیعر بەتایبەتی بابەتی نووسینی ئێمە نیە، بەڵکو بابەتەکەمان باسی ئەو نهێنییەیە کەشیعری دروست کردووە و بەزیندوویی بەدرێژایی ڕۆژگار هێشتویەتیەوە، وەك جادوویەك تەلیسمی تایبەتی خۆی ماوەو ڕەسەنایەتی خۆی پاراستوە. لێرەدا دەمانەوێت بەگوێرەی توانا ئەوە ڕوون بکەینەوە کە شیعر سەرەڕای بلیمەتی شاعیر بەهرەو فەلسەفەیەکی پێویستە تاکو بە نەمری بمێنێ. بۆ ئەم مەبەستەش نموونەی هەندێك شاعیرو، بیروڕای هەندێك لەنووسەران لەم بارەیەوە باس دەکەین. سەرەتا شاعیری نوێخوازی گەلەکەمان (گۆران) لەهۆنراوەی (هەڵبەستی دەروون)[1] دادەڵێ:–



عەبدوڵلا گۆران

هەرچەند ئەکەم ئەو خەیاڵەی پێی مەستم
بۆم ناخرێتە ناو چوار چێوەی هەڵبەستم
لێکدانەوەی دەروون، قسەی زمانم
بۆچی وەها دوورن لەیەك؟ نازانم

دەبێ ئەوهەستە چی بێ کە گۆران بە شارەزایی خۆیی دەتوانێت دەری ببڕێ، یان دەبێ چی مابێت گۆران باسی بکات و سکاڵای بێدەسەڵاتی خۆی بۆدەرببڕێ، چونکە ئێمە هەمووومان دەزانین گۆران چ شارەزاو زمان زان و شاعیرێکی بەتوانابووە،

**کەچی دەبینین لەڕاست هەستێك کەتوانای دەربڕینی نیە دۆش داماوە، دەبێ ئەم بارەی شاعیر لێی دەدوێ جگە لە ئیلهام چیتر بێت، گۆران دەتوانێت بەتواناو شارەزایی خۆی شیعرێك بنووسێ و هەستی دەروونی پێ دەر ببڕێ، بەڵام شاعیر ڕاستگۆیە لەگەڵ خۆیی و ئینجا لەگەڵ خوێنەرانی، هەروەها دڵنیاشە ئەوجۆرە شیعر نووسینە نەك سەرکەوتوو نابێ، بەڵکو تەمەنی زۆر کورت دەبێت. بۆیە جگە لەچاوەڕوانی هیچ چارەیەکی تری نیەو ناتوانێ بیرو خەیاڵەکانی بەزۆری زۆرداری فڕێ بداتە ئاسمانی دەربڕینەوە کاتێك دەڵێ:-**

**بەڵام ئەفسوس کەئەو شیعرە جوانانە**

**باڵدارێکن جێناهێڵن هێلانە**

**شیعر سەرەڕای بلیمەتی شاعیر، بەهرەو فەلسەفەیەکی پێویستە تاکو بە نەمری بمێنێتەوە.**

**گۆران شیعرەکانی بەو باڵدارە دەچوێنێ کەتوانای جێهێشتنی هێلانەکەی نیە، لەمەوە ئەوەش ڕوون دەکاتەوە کەنەك هەر ئەو شیعرانەی گوتونی بەڵکو شتی زیاتری لە دڵ ودەروون دا هەیە، بەڵام توانای دەربڕینی نیە. هەر لەم بارەیەوە (پەشێو)ی شاعیر لە هۆنراوەیەکی دا دەڵێت:[٢]**

**تادێشیعرم**

**خۆشتردەوێ**

**چونکە شیعر**

**وەك شۆخێکی دوودڵ وایە**

**هەمووشەوێ**

**جێی ژوانمان**


**دیاری دەکەین**

**بەدەگمەن دێ یان هەر نایە**

**لێرەدا پەشێوی شاعیر وەك گۆران دەستی لەئەژنۆی ئاڵاندوەو چاوەڕوانی هاتنی بوکی شیعردەکات تاکو هەستی دڵ و دەروونی خۆی پێ دەربڕێ.**

**دیارە شاعیر ژوان لەگەڵ شیعر دەبەستێ و حەزیش لە هاتنی دەکات بەڵام بە هێزی دەست وئارەزوی ئەو نیە تاکو هەوڵی بەدەست هێنانی بدات، بۆیە بەناچاری چاوەڕوانی دەکات و لەوانەیە هەرنەیەت وەك چۆن زۆرجاریتر بۆی نەهاتووە.**

لێرەدا دەمەوێ ئاماژە بەوە بکەم کە گۆران و پەشێو، هەریەکەیان لەکات وساتی خۆیدا وەك شاعیرێکی بەتوانا و نوێخوازو خاوەن بەهرەو سەلیقەو ڕۆشنبیرییەکی فراوان، ڕۆڵی خۆیان لە گەشەپێدانی کاروانی شیعری کوردی بینیوە و تەلاری شیعری کوردیان بەهێزو بەپێز کردوە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دانیان بەوە ناوە کەلەهەموو کاتێك وبارێك، ناتوانن شیعر بنووسن. ئەمەش ڕاستگۆیی شاعیر بەرامبەر خۆی و جەماوەرەکەی دەردەخات و بەڵگەی ئەوەشە کە شیعرەکانیان دەربڕینی هەستی قوڵی خۆیانە بەرامبەر بەبابەتی شیعرەکان و بەشێوەیەکی میکانیکی شیعرەکانیان نەنووسیوە. هەر لەم بارەیەوە (کاکەی فەلاح) لەهۆنراوەیەکی دادەڵێ:٣



عەبدوڵڵا پەشێو

**شیعر لایمن منداڵێکە زادەی هەناوە**
**باڵدارێکەو لەهێلانەی ژانا خولقاوە**
**گەوهەرێکە بەناو دەریای ئازارو دەردا**
**دەبێ‌بچم تێربگەرێم تاکو سەرهەڵ دەدا**
**شیعریش دەبێ وەك تۆ و ژیان تینوی تاسەبێ**
**بەرلە هاتن خاوەن جوڵەو بای هەناسە بێ**

شاعیر سەرەڕایئەوەی شیعر وەك منداڵێك دادەنێت و منداڵیش لەگەڵ هاتنی بۆدنیا، ئازارو ئەشکەنجەیزۆری پێوەیە بۆیە شاعیر لەو بارەیەدا کەشیعر بەئاسانی نایەت، بەڵکو ژانی بوونی شیعر هیچی لەژانی بوونی منداڵ کەمترنیە. هەروەها شیعروەك ژیان بە تینوی تاسەو خاوەن جوڵەو هەناسە دادەنێت، بەڵام کەی؟

بەدڵنیاییەوە دەڵێ: پاش هاتن. کەواتە لای شاعیر، شیعر هاتنە یان نایەت، یان ئەگەرهات، زۆر بەئازارە. لەم هاتنەی شیعردا کاکەی فەلاح لە گەڵ گۆران وپەشێو هاوڕایە کەشیعر کات وشوێنی هاتنی نیە. ئەگەرشاعیر فریای نەکەوێت لەدەست دەچێ و بۆی هەیە هەتامردن جارێکی تر نەیەتەوە. پاش ئەوەی بەهۆنراوەی سێ شاعیر بۆمان دەرکەوت کەشیعر کات و ساتی هاتنی دەوێت و دەبێ شاعیر چاوەڕوانی بکات، بەلاّم خۆ ناکرێ بلێین شیعر تەنها هاتنە و شاعیر هیچ بوون و دەسەلاّتێکی لەم کردارە نیە. خۆ ئەگەر وابێ ئەوە شاعیر تەنها دەبێتە پردی گواستنەوە لەنێوان دونیای خەیاڵ و واقعی ڕۆژانە، بەلاّم بەتەماشا کردنێکی خێرای ڕای هەندێك لەشاعیران و نووسەرانی خۆمان بۆمان دەردەکەوێت کە شاعیر دەتوانێت لەڕێگای خۆ

دەوڵەمەندکردن بە وشەو خۆ ڕۆشنبیرکردن ڕۆڵێکی کاریگەر ببینێ بە بەخشینی نەمری لەشیعرەکانیدا. ئەمەش دەتوانین بەکارتێکردنی دەورووبەری دابنێین لەسەرخودی شاعیر.

کارتێکردنیش هەموو ئەو هۆکارو ڕێگایانە دەگرێتەوە کە شاعیر دەتوانی لە ڕێگایانەوە زمانی شیعری خۆی و ئاسۆ و بیرو خەیاڵی فراوان بکات، چونکە زمانی شیعری زمانێکی جیاوازەو لەگەڵ ڕەوتی بەرەو پێش چونی ئەدەبیات دەگۆڕێت. دەبێ شاعیر فریای ئەو گۆڕانکاریانە بکەوێت و خۆی لەگەڵ بگونجێنێت وەك چۆن شاعیرانی پێشوتری میللەتەکەمان توانیان لەڕێگای گۆرینی زمانی شیعری خۆیان شیعری کوردی نوێ بکەنەوە لەزمانی بێگانە هەلاوێری بکەن. هەروەها بوونی فەلسەفەیەکی دیاریکراو لەلایەن شاعیرەوە هۆکارێکی تری سەرکەوتنی شیعرەکانیەتی واتە شاعیر بتوانێت کلاو ڕۆژنەیەك بۆخۆی بدۆزێتەوەو لەوێوە بڕوانێتە دەوروبەرو بوون هەروەك کاکەی فەلاح دەڵێت (شاعیر بۆ ئەوەی بتوانێ شیعر بنوسێو لەشیعر نەکەوێ دەبێ خاوەن فەلسەفەو بیرێکی ڕۆشن و بزوێنەر بێت). ٤

شاعیر دەتوانێت لەڕێگای خۆ دەوڵەمەندکردن بە وشەو خۆ ڕۆشنبیرکردن ڕۆڵێکی کاریگەر ببینێ بە بەخشینی نەمری لەشیعرەکانیدا

جگە لەمانەی سەرەوە شوێنی دانیشتن و ژیانی شاعیر کاریگەری زۆری لەسەر شیعرەکانی هەیە، چونکە شاعیر مرۆڤێکی هەست ناسکەو ئەوەی ڕۆژانە دەیبینێ کار لەدڵ ودەروونی دەکەن و دەبن بەهەوێنی لەدایك بوونی شیعرەکانی. دەتوانین شیعرەکانی مەولەوی لەڕیزی پێشەوەی ئەونموونانە دابنێین کە مەبەستمانە، چونکە ئەو وێنەو دیمەنە جوانانەی مەولەوی لەشیعرەکانی دا دروستی کردوون تەنها ڕەنگدانەوەی باری دەروون و هەستی ناسکی شیعرن بەرامبەر بە جوانی دیمەنی هەورامان وسروشتەکەی هەروەها دەتوانین باسی دوو هاوینە گەشتەکەی مامۆستا گۆران بکەین بۆهەورامان وقەرەداخ، کە چۆن ئەم دوو شوێنە کاریان لە شاعیر کردوەو دوو تابلۆی شیعری جوانیان لەلای شاعیر دروست کردووە.

جگە لە دەوروبەر وەك شوێنی دانیشتن دەتوانین دورووبەر وەك شوێنی کارکردنیش بەکاریگەر دابنێین لەسەر کەسایەتی شاعیر. وەك توانای مەدهۆشی شاعیر لەسەرنووسینی شیعری دڵداری و شارەزایی شاعیر لەم بوارەوە دەگەڕێتەوە بۆپیشەی خودی شاعیر کە بەرگدرووی ژنانە و هەروەك کاکەی فەلاح دەڵێ( بێ گومان پیشەی شاعیر وەك حەقیقەتێکی

گەورەی ڕۆژانە دەخلی بەسەر مەسەلەی شیعرەوە زۆرە )[5] دەتوانین شیعرێکی مەدهۆش وەك نموونە باس بکەین تاکو لەڕێگەی شیعرەکەیەوە ئەو توانایەمان بۆ دەربکەوێت:[6]

من خۆم پەروەردەی کۆڕی یارانم

هاوبەشی دەستەی دەردەدارانم

چڵکاوی زۆرم پیا هەڵپژاوە

لەدەرگای چاك وخراپم داوە

لەوەتەی بیرمە کە چۆن ژیاوم

هەتا ئەو کاتەش بێ یار نەماوم

لەم پارچە شیعرەو بەشی هەرە زۆری شیعرەکانی مەدهۆش، ڕاستی ئەو بۆچوونە دەردەکەوێت کەپیشەی شاعیر کاریگەری لەسەر شیعرەکانی هەیە، هەربۆ ئەم مەبەستەش دەتوانین شیعرەکانی (قانع) بەنموونە وەربگرین، کە ناوەڕۆکی زۆربەی شیعرەکانی لەدەوری تەوەرە هەژاری و نەداری و کێشە چینایەتییەکانەوە دەخولێنەوە، کەئەمەش بێ گومان ڕەنگدانەوەی ژیان و پیشەی شاعیرە بەسەر شیعرەکانەوە.

جگە لەوە دەتوانین دونیادیدەیی وگەڕان، بەهۆکاری تر دابنێین بۆ دەوڵەمەندی زمانی شاعیر، چونکە گەڕان دەبێتە هۆی کرانەوەی ئاسۆی خەیاڵی شاعیر و زیادبوونی فەرهەنگی وشەو بیری تازەو شارەزایی شاعیر لەژیانی میللەتانی تر و ناوچەکانی تر. بەمەش سەرچاوەکانی ڕۆشنبیریەتی شاعیر زیاد دەبن، وەك چۆن( د.خانزاد عەلی) لەبارەی حاجی قادرەوە دەڵێ:- (جگە لە بەهرەی سروشتی، حاجی کەڵکی لەچەندین سەرچاوەی رۆشنبیری تر وەرگرتوە) واتە سەرچاوەی ڕۆشنبیری حاجی جۆراو جۆرن.[7]

دیارە سەرچاوەکانی حاجی پاش خوێندنی لەحوجرەی مزگەوتەکان و گەڕان بە شارو گوندەکانی کوردستان بەتایبەتی گەشتەکەی بۆباڵەکایەتی، گەشتە گەورە وچارەنووسسازەکەیەتی بۆئەستەمبۆڵ و تێکەڵاوبوونیەتی لەگەڵ بنەماڵەی بەدرخانیەکان، هەروەها بووە بە مامۆستای منداڵەکانیان" لەم کاتەشدا مەم و زینی خانیۆ ئەو بەرهەمە تازانەی خوێندەوە کە دەکەوتنە بەردەستی، بۆیە دەبینین زمانی شیعریو ئاسۆی بیری حاجی زۆر دەوڵەمەندبوون. بەتایبەتی لەڕووی نەتەوایەتیەوە بەرهەمەکانی لەمەودوای زیاتر ڕەنگدانەوەی باری دواکەوتووی کوردو ئامۆژگاری کردنی میللەتەو هۆشیارکردنەوەیەتی لەخەوی غەفڵەت و بێئاگایی.

هەرلەم بارەیەوە د.خانزاد دەڵێ (کێ دەتوانێت ئەم هێزە سحراویە لەزمان بخاتەکار ؟ ئەگەرشارەزایی لە کەلتوورو فیکریو ڕۆحی چەند نەتەوەیەکی تر نەبێت، جگە لە نەتەوەکەی خۆی شاعیرێك و زمانزانێکی عەبقەری نەبێ لەزانستی زمانەوانی و ڕەوانبێژی و زانیاریەکانی تریش زانا نەبێ بەزمانی دایك و دیالێکتەکانی و ڕۆشنبیری نەتەوەی خۆی و مێژووی دەوروبەری، ئەمەوسەرباری بەهرەو هونەرمەندیو ڕاستگۆیخۆی).٨

لێرەوە دەردەکەوێت کە دەوڵەمەندکردنی زمانی شیعر لای شاعیر بە خویندنەوەو گەڕان بەدوای ووشەو زاراوەو بیروباوەڕی پێشکەوتوخوازو شارەزایی شاعیر لەزمانی نەتەوەکەی و هەموو دیالێکتەکانی نەتەوەکانی دەوروبەرو ئەدەبەکە، یان قەڵای شیعرەکانی پتەوتردەکات لەبەردەم شاڵاوی بەسەرچوونی ڕۆژگاردا.

لەکۆتایی دا دەتوانین هۆنراوەکانی شاعیری گەورە (هەردی) وەك نموونە باس بکەین، کەتواناو لێهاتوی شاعیر لەژێر ڕۆشنایی ئەو کاریگەریانەی باسمان کردن بەتەواوی لەودیو شیعرەکانیەوە دیارە، ئاشکرایە کە هەردی کۆمەڵێ لەشیعرەکانی لە چاپی یەکەمی ڕازی تەنیایی بەناتەواوی بەجێهێشت جا لەبەر هۆی کەم نووسین و پوخت نووسین بێت، یان لەبەر هەرهۆیەکی تربێت، بەڵام پاش(27) ساڵ چاپی دووەمی ڕازی تەنیایی بەتەواوکردنی شیعرەکانی تر کەوتە بازاڕەوە بێ ئەوەی ئەم دەستکاری کردنە بەهۆنراوەکان دیاربێت دیارە شاعیر ئەمەی بۆ بەرپەرچ دانەوەی ئەوکەسانە بوو، کەدەیانگووت هەردی وشکی کردووەو هیچی پێنەماوە. لێرەدا پرسیارێك دەردەکەوێت، ئەگەر شیعر لەڕێگەی بەهرەو ئیلهامەوە بۆ شاعیر دێت، چۆن دووجار یەك جۆر ئیلهام بۆ هەردی هات پاش ئەو ماوە دوورو درێژە،؟

لەوەڵامی ئەم پرسیارە تەنیا دەتوانین بڵێین: سەرەڕایی بەهرەی زگماك و سەلیقەو ئیلهام، شارەزایی و بلیمەتی شاعیرو دەوڵەمەندی زمانەکەیو فراوانی ئاسۆیی بیرکردنەوە، هەروەها باوەڕ بەخۆبوون و دانەبڕان لەکۆڕی ئەدیبان و خوێندنەوەی بەردەوام و نزیك بوونەوەیەکی ڕۆحی لەمیللەت و ڕوانینێکی مرۆڤانە بۆ دەوروبەرو دەیان هۆکاری تر دەتوانین شاعیرو شیعرەکانی لەمێژووی میللەتەکەیو مرۆڤایەتی بەنەمری بهێڵنەوە.

**پەڕاوێزو سەرچاوەکان**

١- سەرجەمی بەرهەمی گۆران بەرگی یەکەم محمد ملا کریم ل١٢١ .

٢- دیوانی عبدالله پەشێو.

٣- کاروانی شیعری نوێی کوردی. کاکەی فەللاح بەرگییەکەم.

٤- سەرچاوەی پێشوو ل١٦٤ .

٥-سەرچاوەی پێشوو ل١٢٧ .

٦- دیوانی مەدهۆش ل ١٦٦ .

٧- زمانی شیعری(حاجی قادر،شێخ ڕەزا ، مەحوی)خانزاد عەلی قادر،نامەی دکتۆرا ل١١٣ .

٨- سەرچاوەی پێشوو.ل ٢٧٢

* قوتابی ماستەر- کۆلیژی زمان- زانکۆی سەلاحەدین

# لایلایەو تیڕوانینێکی ئەدەبی



شێروان حوسێن حەمەد *

ژانرو لقە ژانرەکانی ئەدەب گەلێك زۆرن، بۆیە توانیویانە سنووری کات و تەمەن شوێن ببڕن و ئەدەب بکەنە بەشێکی جیانەکراوە لە ژیانی مرۆڤایەتیدا. ئەگەر چاوێك بە ئەدەبی فۆلکلۆر دابخشێنین، ئەم ڕاستییەمان بۆ ڕوونتر دەبێتەوە. چون ئەدەب خۆی بریتییە لە دەربڕینی هەست و سۆز، مرۆڤ هەر لە سەرەتای ژیانەوە ئەم دەربڕینەی بە ڕێگای جیا جیاوە کردووە.

ئەدەبی منداڵ بە هەموو ئەو بەرهەمانە دەگوترێت کە لەگەڵ هەست و سۆزی منداڵاندا دەگونجێن و چێژیان لێوەردەگرێت. ئەمەش بەزۆری لە لایەن گەورە ساڵانەوە بۆ منداڵ نوسراونەتەوە. دیارە تەمەنی ئەدەبی نووسراوی منداڵان لە نێو ئەدەبی کوردیدا دەگەڕێتەوە سەرەتاکانی سەدەی بیست، هەرچەندە لە پێشتردا هەندێك بەرهەمی کەم دەبینرێن ئەوانیش لە چەند فەرهەنگێك کە بۆ منداڵان نووسراون، خۆیان دەبیننەوە.

وەڵێ کاتێك باس لە ئەدەب دەکرێت، دەبێت بۆ فۆلکلۆر و ئەدەبی میللی بگەڕێینەوە، بۆیە ناتوانین ئەدەبی نووسراوی منداڵان لە ئەدەبی میللی دابڕین. ئەو بەرهەمە فۆلکلۆرییانەی بۆ منداڵان گوتراون، ناوەڕۆکی پێزدارو شێوەی هونەری جۆراوجۆریان لەخۆگرتوە، لە نێو ئەدەبیشدا بە شێوەیەکی سەربەخۆ لێیان دەڕوانرێت.

بەڵگە نەویستە کە فۆلکلۆر گرینگییەکی زۆری لە پەروەردەکردنی منداڵ هەیە، لە ڕوانگەی نەتەوایەتی و وەئاگا هێنانی ئەندێشەو کاریگەربوونی لەسەر دەروون و چێژی منداڵ. زۆر جار هاوشانی گەورەکان بەر ئەم کاریگەرییە کەوتوون، هەندێ جاریش بەرهەمی تایبەتی خۆیان هەبووە یەك لایەنانە چێژوو سوودیان لێوەرگرتووە.

ئەگەر ئیستێك لەسەر ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی بکەین، دەبینین بەشێکی زۆر بۆ منداڵان تەرخانکراوە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هەستکردنی پێشینەکان بۆ گرینگی پرسی پەروەردەکردن

و فێرکردن لـه ڕێگـای ئەدەبـەوە. دیـارە بەشیکی زۆری نـاوەڕۆك لـەم ئەدەبـەدا ڕەنگدانـەوەی نـاو ناخی تاکی کورد بووە. سەرباری ئەو هەموو بارە نالەبارانەی کە بەسەر گەلی کوردا هاتوون بە درێـژایی دیرۆکـی خـۆی ڕۆڵێکـی بەرچـاوی بینیـوە لـە دەوڵەمەنـدکردنی فەرهـەنگی خـۆی و ڕۆژهەلآت بەگشتی. لە نێو ئەم سامانە دەوڵەمەندە ژانری جیا جیا بۆ منداڵ دەبینرێت، لەوانە چیرۆك و حەکایـەت و گـۆرانی و لایلایـە....هتـد. کـە هەریەکـەیان پـەیامێکی بـەرزی ئـەدەبی هەڵدەگرێت و ئامانج و مەبەستێکی تایبەت دەپێکێ.

لایلایە هونەرێکە لە هەڵبەستی دایکان و، ئەو شێوە ئاوازو ناوەڕۆکەیە کە منداڵ بە کۆرپەلـەیی گوێی لێدەبێت و سترانی پێدا هەڵدەدەن؛ بە یەك ئاوازو دەنگ دەگوترێت، بەزۆری مەبەست لێی خەوانـدی منداڵـە. یـان بریتییـە لـەو هەسـت و سـۆزە جـوان و پـڕ مانایـەی کـە لـە دەروونـی دایکێکەوە هەڵدەقوڵێت، بۆ لاواندنەوەو ژێر کردنەوەو خەواندنی منداڵەکەی.

ئاشکرایە هەموو لایلایەك ئاوازو مۆسیقای تایبـەتی خۆی هەیـە، وێڕای ئەمـەش هـەموویان هەڵگری ناوەڕۆکێکی تایبەتن، کە دایکەکە بە مەبەستێکی دیاریکراو دەیانڵێت، لەژێر کاریگەری و پاڵنـەرێکی ژێـری و سـۆزداریدا ئەمـە دەدرکێنـێ. ڕەنگـە مەسەلەی نیشتمانی و نەتەوایـەتی، ئایینی، کۆمەلآیـەتی و هەندێ باری تـری تایبـەتی دەروونـی هـەبن، وا لـە دایکەکە بکەن کە ئەم نێوەڕۆکە بە لایلایەکە ببەخشێت. هـەموو ئـەم بابەتانە بە شێوەیەکی ڕەگداکوتراو دەمێننەوە لە ناو ناخی منداڵەکـەو لەگەڵیـدا گـەورە دەبـن، گـەلێ جـار رەنگـە نێوەڕۆکەکـە بـە پێـی ڕەگـەزی منداڵەکـە گـۆڕانی بەسـەردا بێـت، واتـە ئـەوەی بـۆ منـداڵێکی کـوڕ دەگوترێـت بـۆ کـچ نەگوترێت. بەشێکی زۆری لایلایەکانی دایکانی کورد باس لـە ناخۆشـی و بێهیـوایی دەکـەن کـە ئەمـەش ڕەنگدانـەوی ژیـانی خۆیـەتی، کـە دەیـەوێت ئـەوەی لـە نـاخی دایـە دەرببڕێـت، بەشـێکی تریـان پێهەڵـدان و بەرزکردنـەوەی منداڵەکـەو دانـانی نەخشـەیەك بـۆ داهـاتووی منداڵەکـەو وێنایـەکی جـوان بـۆ دواڕۆژی رۆڵەکـەی دروسـتدەکات. زۆر جار دایك غـەم و ناسـۆری خـۆی، یـان ڕووداوێکـی تایبـەتی دەکاتـە بابـەتی لایلایەکە. چەشنێکی تر هەن لە نێو ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی کە نێوەڕۆکێکی پێکەنیناوییان هەیە، ئەمەش زیاتر بۆئەو منداڵانەیە کە تەمـەنیان لـە نێوان ساڵ و نیو بۆ دووساڵی دان، چون

**بەشـــــــێکی زۆری لایلایـەکانی دایکـانی کورد باس لە ناخۆشـی و بێهیوایی دەکەن کـە ئەمـەش ڕەنگدانـەوی ژیانی خۆیەتی**

منداڵ لەم تەمەنە لە ناوەڕۆکییان تێدەگات. کەواتە ئەم چەشنانە نێوەڕۆکیان پتر بەندە بە خوێندن و گەرم و گوڕی لە شێوازی درکاندنەکەدا، وەسیەتیش بەشێکی ناوەڕۆکی لایلایەکە پێکدێنێ.

ڕوویەکی دیکەی لایلایە، روخسارە، گەر لەم لایەنەش بڕوانین، دەبینین زۆربەی وشە بەکاربراوەکان ئاوەزادارو مۆسیقای تایبەتییان هەیە، پێکەوە ئاوازێکی گشتی بۆ هەموو دەقەکە دروستدەکەن، زۆربەیان سەروادارن سەروای گونجاو و یەکسان لەهەموو دەقەکەدا دەبینرێت. ئەمەو سەرباری کێشی خۆماڵی کە زۆربەی لایلایەکان بەمجۆرە کێشە دەگوترێن، بە زۆریش لەسەر شێوەی شیعرو نیمچە شیعری پەخشان ئامێز دەبینرێن. لەگەڵ ئەوەشدا گەلێکجار دایکەکە هەوڵدەدات لەگەڵ دەنگی بێشکەکە( لانکە) ئاوازێکی گونجاو و ڕێك دروستبکات. زمان لەم هونەرەی ئەدەبی منداڵاندا تایبەتمەندی خۆی هەیە لە سادەیی و ساکاریدا خۆی دەبینێتەوە، زۆر جاریش مۆرکی ناوچەیی لە نێو زمانەکەدا دەبینرێت.

لایلایەی کوردی هەر لە سەردەمی ساواییەوە تاکو دەگاتە تەمەنی سێ ساڵی و سەرووتریش دەست پێدەکات لە هەریەك لەم تەمەنانەدا لایلایەکان تایبەتمەندی خۆیان هەیە، بە پێی بنەماکانی دەروونناسی لە هەر قۆناغێکدا منداڵ ناتوانێ سوود لە ناوەرۆکی ئەم دەقانە وەربگرێت، بەڵکو تەنها دەتوانێت چێژ لە ئاوازو مۆسیقا وەربگرێت، تاکو بە خەودا دەیباتەوە. لەگەڵ گەورەبوونیدا منداڵ لایلایە بەجێدێڵێ و پێویستی بە جۆرێك گۆرانی و رازو مەتەڵ و خێرا گوتن و حیکایەت هەیە دەتوانێت چێژ لە لایەنە هونەرییەکەو سوود لە ناوەڕۆکەکەی وەربگرێت.

دیارە لە نێو ئەدەبی نووسراوی کوردیدا زۆرێك لە شاعیران بە تایبەتی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا ئەم هونەرەیان لە فۆلکلۆرەوە گواستەوەو کردیان بە کەرەستەی ئەدەبی نووسراو، بە نموونە ( قانع) لایلایەکی پڕ لە سۆز و خۆشەویستی بۆ ڕۆڵەکەی دەنوسێ و ناخی خۆی پیشان دەدات، چەند شاعیرێکی تر ئەم هونەرەیان نووسیوەو زۆر جار لە لایەن گۆرانیبێژانەوە ئەم لایلایانە دەکرێن بە گۆرانی.

نموونەی لایلایەکی فۆلکلۆری کە لەسەر زمانی دایکێك وەرگیراوە:--

لای لایە.....لای لایە
ڕۆڵەی شیرینم لای لایە
ڕۆڵەکەم بۆچی خەوت نایە
شەوگار درەنگە دڵەکەی دایە

**رۆڵە نازانم بۆ خەوت نایە**

**دوعای عەبدانە، یان کاری خوایە**

**دە لای لای ... رۆڵەم لای لایە**

**رۆڵەم با بەس بێ گریانی بە کوڵ**

**ئۆقرەت لێ بڕیم نەما هێزی دڵ**

**فرمێسك رووی داپۆشیوم**

**سەری بە هۆش و دڵی پڕ جۆشم**

**زمان بە جوانی وا هاتۆتە گۆ**

**ورده ورده دەکات وەسفی تۆ**

**تاکەی تۆ دەگری......؟**

**تاکەی ناخەوی.....؟**

**کەی تیدەگەی کە کەوتویە داوی ژین**

**دادی تۆ نادا دڵۆپەی ئەسرین**

**ڕۆڵەم تێبگە تا دەبیستی تۆ**

**ڕۆڵەم تۆ دایەت هێناوەتە گۆ**

**دە لای لای .... رۆڵە لای لایە**

.... .... ....

... .... .....

**رۆڵەی شیرینم ئەزیزی دایە**

**ناخت هەژاندم بۆ خەوت نایە**

**رۆڵەم بنوو خەوی خێرت بی**

**با ئیـــــــتر بەس بێ گـــــــری**

**یاخوا رۆڵەکەم مەرگت نەبینم**

**یاخوا تۆ نەبی بە دڕکی ژینم.**

---


**سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:**

١- ناهیدەئەحمەد، سەرەتایەك دەربارەی سەرهەڵدانی ئەدەبی مندالآنی کورد، هەولێر٢٠٠٥

٢- حەمە کەریم هەورامی، ئەدەبی مندالآنی کورد، کۆڕی زانیاری کوردستان٢٠٠٥

٣- د. فازڵ مەجید محمود، شیعری مندالآن لە ئەدەبی کوردیدا، سلێمانی،٢٠٠٤.

٤- دەقی لایلایەکە لەسەر زمانی دایکێکی دەڤەری پشدەر وەرگیراوە.



- **ماموستا لە پەیمانگای مەڵبەندی ماموستایان- رانیە**

# ئاوێتە بوونی شیعری نیشتمانی و دڵداری لای ( هێمن ) ی مهابادی

ئەڤین ئاسۆس _رانیە

زۆر جار لە شعری کوردیدا ئەوەمان بەرچاو دەکەوێ، کە خۆشەویستی نیشتمان و دلسۆزبوون بۆی لەگەڵ خۆشەویستی یارو دڵبەردا تێکەل کراوە، بەو واتایەی شاعیر خۆشەویستی نیشتمانەکەی لە قاڵبێکی دڵداریانەدا دەردەبڕێ.

هێمنی مهابادی یەکێکە لەو شاعیرانە، ڕۆژهەلاتی کوردستان کە پیرۆزی نیشتمانەکەی و ڕاددەی خۆشەویستی بۆی، وای کردووە شیعرەکانی بەشێوەیەکی دڵداری جوان وسەرنج ڕاکێش، وەسفی خاك و ڕۆڵەکانی میللەتەکەی بکا.

هەروەك (توانیویەتی تەلسمە نامۆکان بشکێنێت و بنەمای خەیاڵی لەڕەنگ و بۆی سروشت و وێنەی دەرونی وەرگرتووە)[1] هەر ئەوەشە وای کردووە بەو جۆرە عاشقی گەل و نیشتمانەکەی بێت.

گەر بەناخی شیعرەکانیدا گوزەرێك بکەین ئەوا چەندین پارچە شیعرمان بەر چاو دەکەوێ کە ئەم جۆرە تێکەڵیەو ئاوێتە بونەی بەئاشکرا تێدا دەردەکەوێ. شاعیر زیاتر (دلداری تەرو سیاسەتی وشك لە دەفرێکدا جۆش دەدات و هەڵیان دەشێلێ و پێکەوە دەیان گونجێنێ، بەتایبەتی ئەوشیعرانەی لەژێر کاریگەری غوربەتدا وتونی...زۆرجارئافرەت و نیشتمان دەبنە مەسەلە ومەسەلەکەش دەبێتە خۆشەویستی، جێگۆڕکێیان پێ دەکات، تا هەردووکیان دەبنە یەك و توند بەیەکیانەوە دەبەستێ ...)[2] هێمن لەنامۆییدا زیاتر هەست بەغەریبایەتی دەکات و برینی نیشتمانەکەی زیاتر بەسوێ دەبێ، هەر لەو پێناوەشدا هەوڵ و خەبات دەکات و ئاوارەیی قبوڵدەکات و لە خانەوادە کەی دوور دەکەوێتەوە. هەروەك لە( ئامێزی ژن )دا دەڵێ:

بەڵێ سەختە یەکجار سەختە          دووری لەژن ،نامرادی

---

[1] رە حیمی لوقمانی ،هێمن و ناڵە ی جودایی ،گۆڤاری راماﻥ ،ژ .٥٦،هەولێر ٢٠٠١

[2] محمد فەریق حسن ،هێمن و بۆنی غەریبی ،گ. بەیان ،ژ.٦٥ ،بغداد،١٩٨٠

**بەڵام لەژن خۆشەویست تر**

**لەلای ئەمن ئەتۆی ئازادی**

لەم دێڕانەدا هەرچەندە دوور کەوتنەوە لەخێزان و بنەماڵەکەی بەکارێکی سەخت دادەنیٚ بەڵام لەمانەش خۆشەویستتر ئازاد بوونی میللەتەکەیەتی.

کاتێك پارچە شیعری (موو ناپسێنم ) دەخوێنیتەوە، پێت وایە شاعیر بۆ خۆشەویستەکەی نوسیووە، بەڵا م کاتیٚ بەناخیدا شۆڕ دەبیتەوە تێدەگەی شاعیر بۆ ڕۆڵەیەکی بە جەرگی نیشتمانەکەی نوسیووە ئەویش پێشەوا (قازی محمد ) ە، کەئەمەش وەك هاونیشتمانییەکی خۆی لەو سەردەمەدا کاری کردۆتە سەر دەروونی بەجۆریٚ بڵیٚ:



**ئەگەر چی ڕۆیی قەت ناچی لەیادم**

**دەکەم یادت بەیادی تۆوە شادم**

**کەبارگەت بۆهەوار تێك نا ئەزیزم**

**شکا ئە ستوندە گی تاوڵی مرادم**[3]

ئەم خۆشەویستیەی بۆ پێشەوا وای لێدەکا کە بەگیرانی و لەسێدارەدانی ئەم هەستەی لەناخی دڵیەوە بۆدە ربڕیٚ. ئەمەش لەو کاتەدا وادەکا کەدڵ تەنها جێگەی ئەو خەم و مەینەتیە بیٚ"٢ هەروەك دەڵیٚ:

**دڵم هێندە تەنگە و جێی تۆ دەبیٚ و بەس**

**ئەتۆش مەحکومی حەبسی ئینفرادی**[3]

ئەمەش زیاتر بەهۆی ئەوەوەیە هێمن هەر لەسەرەتای تەمەنی لاوێتیەوە پەیوەندی یەکانی لەگەڵ پێشەوادا پتەو بووە هەر ئەمەش ئەم زامە قوڵە لەسەر دڵی شاعیر دروست دەکا.

هێمن لە(ناڵەی جودایی) دا سەرەتا باس لەخۆشەویستی دەکات و باس لەو خەم و مەینەتیانە دەکات کە تووشی بووە. بەڵام کاتیٚ دەگەیتە سەر ئەو دێڕەی کە دەڵیٚ:

**هەڵبڕاوم من لەیاری نازەنین        دەر کراوم من لە خاکی دڵنشین**

تێدەگەی شاعیر دوو شتی خۆشەویستی لەدەست چووە کەسەر چاوەی خەم و مەینەتییەکەیەتی ئەویش( دڵدارو نیشتمانەکەیەتی).

---

[3] *دیوانی هێمن ،هەولێر ٢٠٠٣*
[3]

شاعیر نیشتمانەکەی دەبەستێتەوە بە خۆشەویستییەکی بەرجەستەکراوی نێوان دوو دڵداری بەتین، ئەمەش بەئاشکرا لەشیعری (تۆم هەر لەبیرە ) دا دەردەکەوێ:

**ئەتۆ شیرینی ئەمنیش چەشنی فەرهاد**
**ئەتۆ لەیلای ئەمنیش مەجنونی ناشاد**
**چ ژێردەست بم چ سەربەست بم چ ئازاد**
**ئەمن ئەی نیشتمان تۆم هەر لەبیرە**

لێرەدا شاعیر خۆی بە (فەرهادو مەجنون) ونیشتمانەکەشی بە (شیرین و لەیلا) دەچوێنێ. هەر لەبەر ئەو هەست و سۆزەشە خۆی لەڕیزی ئەواندا دەبینێتەوە و لەهەموو کات وساتێکدا لەبیری نیشتمانەکەیەتی.

هەروەها شاعیر لە(بۆسەی ڕۆژگار) دا دەڵێ:

**رەنجی دوری دلبەرم بۆکوشتنی من کافیە**
**گەر لەدونیا من هیچ مەینەتیم کەم نەبێ**

بۆیە شاعیر تەنها بەرگەی ئەو خەم و مەینەتیە دەگرێ کە دابڕانەلەنیشتمانەکەی. هەر ئەو خەمەشە وای لێدەکات لەبیری نەکات. لە(فریشتەی پەری وە)دا دەڵێ:

**بەڵێ تۆکیژی نازداری لەباری**
**منیش پیرێکی زورهان و دزێوم**
**بەڵام شیرنترە لەو شەکرە لێوە**
**وشەی کوردی هەڵدەڕژێ لەلێوم**

بەم جۆرە لەگەل ئەوەی شاعیر پیر دەبێت تەمەنی گەنجی تێپەڕ دەبێ. بەڵام هەرگیز بۆساتێکیش نیشتمانەکەی لەبیر نەکردووە، بەڵکو جوانترو شیرینتر دەبێ لەلای. لەهەمان کاتدا شاعیر لەگەڵ ئەو هەموو ناخۆشی و نەهامەتیەدا بەڵام بێ ئومێد نابێت و تروسکاییەك دەمێنێ کەدڵی خۆی پێ ڕۆشن بکاتەوە، بۆیە لەشیعری (سنور)دا دەگاتە ئەوەی بڵێ:

**ئەی ئەو کەسەی دەت پەرستم و لێم ونی**
**تۆخودانی تۆخۆشەویستی منی**
**لەئاسمان نیت تاوێت ڕانەگا دەستم**
**لەقاف نیت کاڵەی ئاسنت بۆ هەڵبەستم**

لێرەشدا شاعیر نیشتمانەکەی بە مرۆڤ دەچوێنێ، خۆشی دەوێ بەڕادەی پەرستن، بەڵام لەهەمان کاتدا لێی ونە، ئەوەش بەهۆی ئەو سنوورە دەستکردانەی کە دوژمن و داگیرکەران خستویانەتە ڕێگای ژیانی، بەلاّم ئەو بەردەوام دەبێ بۆ ئەوەی بگات بەئازادی و سەربەستی.
بۆیە تا لەشیعرەکانی هێمن ورد بینەوە زیاتر ئەو هەستەی شاعیرمان بۆ رون دەبێتەوە کەچۆن دووهەستی قوڵی خۆی ئاوێتەی یەکتری دەکات و دنیایەکی جوانی شعری کوردیان پێدەنەخشێنێ، تادەگاتە ئەوەی نیشتمان و نەتەوە دەبێتە رویەك لەرووەکانی شیعری هێمن و خۆشەویستی و دڵداریش رووەکەی تری پێك دەهێنێت، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئەم جۆرە تەکنیك و نوسینەی شاعیر لەزۆر شوێندا دەگاتە ئەو رادەیەی توشی دەمار گیری و (تگرف) ی بکات، بەجۆرێك ببێتە هۆی بەزاندنی سنوری جیاوازی نێوان نیشتمان و دڵدار و بەچەشنێك ئاوێتەی یەکتری کردوون کە جیاکردنەوەیان کارێکی گران بێت و خوێنەرێکی زیرەك و وریای بوێ، ئەمەش لەزۆر نمونەی پارچە شیعرەکانی دا دەردەکەوێ کە زیاتر بەهۆی وشەو دەربڕینەکانەوە، ئەو ڕوخسارە جوان و ناوەڕۆ کە پڕ بایەخەی لەخۆ گرتووە.

## سەرچاوەکان:


١-ره حیمی لوقمانی ،هێمن و ناڵە ی جودایی ،گۆڤاری ڕامان ،ژ .٥٦،هەولێر ٢٠٠١

٢- محمد فەریق حسن ،هێمن و بۆنی غەریبی ،گ. بەیان ،ژ.٦٥،بغداد،١٩٨٠

٣- [3] *دیوانی هێمن ،هەولێر٢٠٠٣*

# بیری ناپەسند
# لە پەندی پێشینانی کوردیدا

نوخشە محەمەد ئیبراهیم
-سلێمانی-

پەندی پێشینان بریتییە لە ڕستەیەك یان چەند رستەیەکی کورتی پوخت کە واتایەکی فراوانی هەیە و میراتێکی گەورەی نەتەوەییمانەو تا ئێستاش بۆ پتەو کردنی قسە بەکاردەهێنرێت .

لەناو پەندی کوردیدا هەموو پەندەکان پەسەند نین، بەڵکو چەندین پەندمان هەیە کە بیرەکەیان بیرێکی ناپەسندەو تا ئێستاش وەکو پەند لەناو پەندە کوردییەکان ماونەتەوە و لەسەرزاری خەڵکن و بۆ پتەو کردنی قسەکانینان بەکاریان دەهێنن، ئەگەر لەو پەندانە ورد بینەوە دەبینین کە بیرو ناوەرۆکەکانیان پەسەند نین و لە ئەنجامی هەڵەونەزانینی کەسێك بۆ ئەو کەسە نەزانە وتراوە ، رەنگە هەریەکە لەو پەندانە لە کاتی وتن و سەردەمێکدا خۆیان گونجاند بێت و پەسەند بوو بن لای ئەو کۆمەڵگەیە، بەڵام ئێستاو لەو سەردەمەدا لای ئێمە پەسند نین، بوونی ئەم پەندانەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆیەك لەوانە لە کۆمەڵگای چینایەتی دا کە لەسەر بناغەی چەوساندنەوەی مرۆڤ لە لایەن مرۆڤەوە دامەزراوە ئافرەت بە گەوج و هیچ نەزان دانراوە و هەمیشە وەك بوونەوەرێکی بێدەسەلات سەیرکراوە، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی چەندین پەندی ناپەسند لە سەر ئافرەت دابنرێ و بگوترێ و تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت ئەو پەندانە ماونەتەوە و ئەو کەسانەی کە بە چاوێکی کەم دەڕواننە ئافرەت لە زۆر شوێندا بەکاریاندەێنن، هەرچەندە پیاویش بێبەش نەبووە لەم پەندانە بەڵام زۆر کەمتر لە ژن، پەندی ناپەسند دەربارەی پیاو گوتراوە، چەند پەندێکی دیکەمان هەیە کە هۆیەکەیان دەگەڕێتەوە بۆخۆ گونجاندن و

خۆرێکخستن لەگەڵ ڕۆژگارو کۆمەڵگەدا بەتایبەت لەگەڵ زۆردارو باڵادەستەکاندا، تاوەکو زەرەرو زیان بەر خۆیان نەکەوێت و دوور بن لە هەموو بەڵایەك ، ئەمانەش بە پەندی ناچاری ناودەبرێن.

نموونەو شیکردنەوەی هەندێك لەو بیرە ناپەسندانە لە پەندی کوردیدا:

* ئاگرە سووری لە خۆم دووری.

ئەمە پەندی کەسێکە کە نەیەوێ لە کۆڕی بەرەو پێشچوونی ژیاندا ڕۆڵێکی هەبێت و سەری خۆی داخاو نەیەوێت گری قوربانیدانی ڕێگەی تێکۆشانی بەرکەوێت ، واتە هەر شتێك کە بزانی بە قازانجی خۆی ناشکێتەوە و سوودی کۆمەڵگەی تێدایە، ئەو خۆی لێ دوور دەخاتەوەو ئامادەی قوربانیدان نییە لە پێناوی هیچ کەسدا، واتە خۆپەرستە.

* کە من نەمام لەپاش من دنیا وێران بێ.

ئەمەش کەسێك دەیڵێت کە زۆر خۆپەرست بێت و تەنیا خۆشی بۆ خۆی بوێت و کەسی تری مەبەست نەبێت، واتە تەنها هەوڵ بۆ خۆشکردنی ژیانی خۆی بدات و باوەڕی بە لۆژیکی (منێتی) هەبێت و هەوڵی ئەوە نەدات کە ئیشێك بکات سوودی بۆ دوای خۆی هەبێت و کەڵکی لێوەرگرن.

- دەستێك نەتوانم بیبڕم ماچی ئەکەم.

ئەم پەندە کەسێك دەیڵێت کە زۆر زوو چۆك بۆ ناخۆشییەکانی ژیان دابدات و نەیەوێ بەرەوڕووی هیچ ستەم و ستەمکارییەك بوەستێتەوە، بەڵکو هەر کاتێك ناچار بوو، ببێتە خزەتکارو نۆکەری دوژمنانی و هیچ بەرەنگارییەك نەکات و یەکسەر ڕادەستی دوژمنانی بێت.

- ڕەش بێ و بۆر بێ هەر برا زۆر بێ.

بابایەك ئەم پەندە دەبێژێ کە تەنیا مەبەستی چەندێتی بێت، نەك چۆنیەتی، واتە مەبەستی تەنیا زۆری شت بێت نەوەك جۆریی و پاکیی و چاکی، گرنگ بەلایەوە ئەوەیە شتەکە زۆر بێ و ئەگەرچی خراپیش بێت.

- ( هەر کەس کەر بێت ، ئێمە کورتانین.)
- (لە کوێوە با بێ، ئێمە لەوێوە شەن ئەکەین.)

ئەم دوو پەندەش ئەو کەسانە دەیڵێن کە بە دوای بەرژەوەندییەکانی خۆیانەوەن و لە کوێوە بزانن قازانج و سوودیان دەستدەکەوێ بەرەو ئەوێ دەچن، بەو واتایەی بەرژەوەندیخوازن، هەرکاتێکیش زانیان ئەو شوێنە سوودو قازانجی بۆیان نەماوە بەرەو لایەکی تر دەچن و بە وەفاو ئەمەکداری هیچ کەس و لایەك نین.

- پێدەکەنم ڕادەکەم ، دنیا چۆنە وادەکەم.

واتە دونیا چۆن بێت، منیش بەو شێوەیە دەبم. ئەوانەی ئەم پەندە دەڵێن ئەوانەن کە سەر بە هیچ بیروباوەڕو پرەنسیپێك نین، بەڵكو لەگەڵ دونیا دا دەرۆن و چۆنیان بۆ بلوێ بەو شێوەیە دەکەن.

- **لەبەر خاتری خاتران دەچمە سەر دینی گاوران.**

واتە لەبەر خاتری یەکێك کە خۆشیدەوێ یان بەرژەوەندی لایەتی و ئیشێکی پێیەتی، دەچێتە سەر بیروباوەری ئەو، جا با ئەو بیروباوەرەش هەڵە بێت، ئەمەش تەنیا بۆ ئەوەیە کە لای ئەو کەسە خۆشەویست بێت.

- **دەستی خەڵك هەر ماری پیێ بگری.**

ئەو کەسەی ئەم پەندە دەڵێ، ئەوەیە کە شتی خەڵکی لا سووکەو بە خراپ بەکاری دەهێنێ و گوێ ناداتە ئەوەی کە لەوانەیە ئەو خراپ بەکارهێنانە زەرەری بۆ خاوەنەکەی هەبێت.

- **ئۆخەی ئۆخەی هەرکەس بۆ خۆی .**

ئەمەش ئەوپەڕی خۆپەرستی و خۆویستی ئەو کەسەیە کە ئەم پەندە دەڵێ، چونکە نابێ ئێمە ئەوەی دەیکەین تەنیا بۆ خۆمان بێت و هەر خۆمان لە بیر بێت، بەڵکو پێویستە هەمیشە لە خزمەتی کەسانی تر و کۆمەڵو مرۆڤایەتی دابین.

- **دەست بە کلاوی خۆتەوە بگرە با نەیبات.**

ئەمەش قسەی کەسێکە کە نەیەوێ لەگەڵ کۆمەڵدا بێت و ترسنۆك بێت و خۆی بە دوور بگرێ لەو چالاکیی و کاردانەوانەی کە کۆمەڵەکەی بەرامبەر هەر ستەم و ناهەقییەك دەیکاتن کە بەرامبەرییان دەکرێت، ئەوانەی ئەم پەندە دەڵێن لە دوورەوە سەیری ڕووداوەکان دەکەن و خۆیان لە هەموو زەرەرێك بە دوور دەگرن.

- **کە چویە شاری کۆران دەست بە چاوی خۆت بگرە.**

بە پێی ئەم پەندە پێویستە کە چوویە جێگایەك خەڵکەکەی چۆن بوون و چییان کرد ، تۆش ئەوە بکەیت، بەڵام ئەمە ڕاست نییە، چونکە ئەگەر بچیتە ناو کۆمەڵگایەك کە خەریکی خراپەکارین، پێویستە ڕێنماییان بکەیت و ڕێگای چاکییان نیشان بدەی نەك وەك ئەوان تۆش دەست بکەی بە خراپەکاری. کەواتە کە چویتە شاری کوێران دەست بە چاوتەوە مەگرە بەڵکو هەوڵبدە دەستی کوێرێك بگریت.

- **ژن قژی درێژە ، لە بیردا زۆر کورت و گێژە.**

ئەمـەش بیرێکـی تـەواو هەڵەیـە بەرامبـەر رەگـەزی ژن، چـونکە ژنـیش هـەروەکو پیـاو مرۆڤـەو هـەموو ئـەو شـتانەی کـە بـە پیـاو بەخشـراوە لـە هەمانکاتـدا بـە ژنـیش بەخشـراوەو هـەمان توانـای بیرکردنـەوەو مێشـکییان هەیـە، بـەڵام ئـەوەی وایکـردووە پیـاو ئـەم بـیرە ناپەسـندەیان هـەبێ بەرامبـەر بـە ژن، ئـەوەبووە کـە لـە کۆمـەڵگای چـینایەتییدا ژن زۆر چەوسێندراوەتەوە و سەرکوتکراوەو ئازادی لێ زەوت کراوە، ئەمەش بوەتە هۆی ئەوەی لە کۆمەڵگەدا بە دواکەوتوو سەیر بکرێت و هەمیشە بە کەمتر لە پیاو دابنرێت و پیاو هەمیشە خۆی زاڵکردووە بەسەریداو ژنیان بە گەوج و نەزان داناوە.

- دارێك لەسەر سەگ و سەد دار لەسەر ژن.

ئەمەش ئەو پیاوانە گوتوویانە کە دژ بە ئازادی ژنان بوون و هەمیشە ویستوویانە بە لێدان و زەبرو زەنگ بەسەریاندا زاڵ بن و سەرکوتیان بکەن.

- ئافرەت ئەقڵی نوقسانە.

ئـەو پیاوانـە ئـەو پەنـدەیان گوتـووە، کـە سـەیری ژنیـان کـردووە تـەنیا وەك ئامێرێـك و نەیانویستووە هیچ کاتێك لەگەڵ پیاودا بیر باتەوە و سەرکوتیان کردوون و هەمیشە بەکەم ئەقڵ و نوقسان تەماشایانکردوون.

- قسەی دری خۆت لۆ ژنێ مەکە.

ئەمـەش پەسـەند نییـە، چونکە پیـاو پیـاو کاتێـك ژن ئـەهێنێ، دەبنـە هاوسـەرو هـاوڕێ و هاوپـەیمانی یـەکتر و پێویسـتە هـەردوو لایـان متمانەیـەکی تـەواویان بـە یەکـدی هـەبێت و هەمیشە چارەسەر بۆ کێشەو گرفتەکانی یەکتر دابنێن، تا ژیانێکی ئاسوودەو بەختەوەرییان هەبێت.

- پیاوی درێژ ئەقڵی لە چۆکیەتی.

ئەم پەندەش ناپەسندە، چونکە ئەقڵ و ژیری هیچ پەیوەندییەکی بە درێـژی یـان کـورتی مرۆڤـەوە نییـە، بەڵکو پەیوەندی بە چالاکی مێشکی مرۆڤەکەوە هەیە، لەگەڵهەندێك هۆی دەرەکـی و دەوروبـەر، لەوانەیـە کەسـێك هـەبووبێت کـە درێـژو کـەم ئـەقڵ بـوو بێـت و ئـەم پەندەی بۆ گوترا بێت، بەڵام ئەم سیفەتە( کەم ئەقڵی) ناگشتێندرێ بۆ هەموو باڵا بەرزێك.

- گیا لەسەر پنجی خۆی شین دەبێتەوە.

ئەمەش وەك رووخساری پەندەکە ڕاستە کە دەڵێ ( گیـا لەسـەر پنجـی خـۆی شـین دەبێتـەوە یـان دەروێتـەوە) بـەڵام وەك نـاوەڕۆك و مەبەسـتی پەندەکـە، کـە مەبەسـت لێـی مرۆڤـە، واتـە مرۆڤ دایك و باوکی چۆن بن ،ئەویش وەك ئەوان دەردەچێتەوە.

ئەمە ڕاست نییە، چونکە لە ژیانی ڕۆژانەمان دا دەبینین کە چەندین باوکی چاك منداڵەکانی خراپن و بە پێچەوانەشەوە یان منداڵێك لەناو خێزانێکی چاکدا کەسێکی خراپ دەردەچێت و هەندێك جاریش لەناو خێزانێکی خراپدا منداڵێك کەسێکی زۆر چاك دەردەچێت، هەر لەناو پەندی پێشینانیشدا دەتوانین چەند پەندێك بە نموونە بهێنینەوە کە پێچەوانەی ئەم پەندانەن، وەك (مریشك ڕەشەو هێلکەی سپی دەکات.) یان ئەو پەندەی کە دەڵێت:( لە قەسابان گۆشتنەخۆرە پەیدا دەبێت).

- ژن چییە بە نەینۆك و کلدانێك هەڵئەخەڵەتیٚ.

لەم پەندەشدا بە سووکی سەیری ژن کراوە و بە مرۆڤێکی کەم ئەقڵ ناسێنراوە، گوایە ژن بە هەموو شتێك هەڵدەخەڵەتیٚ و ڕەگەزێکی ساویلکەیە.

- ژنی پیران بە، وەکی میران بە.

ئەم پەندەش ئەو پیاوانە گوتویانە کە لە تەمەن دا گەورە بوون و ویستوویانە کە ژنێکی زۆر لە خۆیان بچوکتر بخوازن، واتە کە ژنی پیاوێکی پیر بوویت وەکو میر دەژیت، چونکە ئەو ئەزموونی لە ژیاندا زیاترە و خۆی بە ژیر تر دەزانیٚ، بەڵام ئەمە پەسند نییە، لەبەر ئەوەی ئەو ژیری و بیرکردنەوەیەی کە پیرەکە هەیەتی ناگونجیٚ لەگەڵ بیرکردنەوەی کەسێکی گەنج داو بەمەش دژایەتی و بەگوێنەکردن لە نێوانیاندا دروستدەبێت و لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی ئاژاوەو ناخۆشی لە نێوانیاندا.

- تەیرەك هات بە گازە گاز، دایکەی بینە، دۆتی بخواز.

ئەمەش پەسند نییە، چونکە مەرج نییە دایك چۆن بێت کچەکەشی وا بێت، لەوانەیە دایك خراپ بێت و کچێکی باشی هەبێت و بە پێچەوانەشەوە.

- کەران گایان بخوازە، تەراق درایان مەخوازە.

لە ڕاستیدا ئەمەش پەسند نییە، چونکە جیابوونەوەو تەڵاقدان زۆر کات باشترین ڕێگا چارەیە بۆ دوو کەس کە نەتوانن بەیەکەوە بژین، مەرجیش نییە ئەو ژنەی کە تەڵاق درا چنێکی خراپ بێت و نەتوانیٚ لەگەڵ کەسی تر بژی، هەروەك زۆر جاریش جیابوونەوەکە سووچی پیاوەکە بووەو ژنەکەش مافی خۆیەتی جارێکی دیکە کەسێکی تر هەڵبژێرێت و لە گەڵیدا بژیێت.

لێرەدا بۆمان دەرکەوت کە پەندی پێشینان سامانێکی ئەدەبیی بەرزی نەتەوەییمانە و لە ڕێگەیەوە دەتوانین شارەزای داب و نەریتت و کەلتووری باو و باپیرانمان بین ، بە هەردوو لایەنی گەش و تاریکیەوە.

لەناو پەندە كوردييەكان دا چەندين پەندمان هەيە كە ناپەسندن، لێرەشەوە دەگەينە ئەو ئەنجامەى كە هەموو پەندو قسە نەستەقەكان لە لايەن كەسانى ژير و بير ڕووناكەوە دانەنراون، بەڵكو هەنديكيان كەسانى خۆپەرست و بەرژەوەندى ويست بۆ بەرژەوەندى خۆيان و خزمەتكردن بە خۆيان دايانناون.

**سەرچاوەكان:**


١- تاها فيچى زادە، نۆبەرە گەلايەك بۆ قاموسێكى زاراوەى، چ١ ، تاران ١٣٦٤.

٢- حەميد گەردى، گوڵێك لە گولستانى كوردستان، چاپخانەى رۆشنبيرى، هەولێر ٢٠٠٢.

٣- شوكريە رەسول (د.)، پەندى پێشينان و قسەى نەستەقى كوردى، هەولێر ١٩٨٤.

٤- عزەدين مستەفا رەسول(د.)، ئەدەبى فۆلكلۆرى كوردى ، بەغداد، ١٩٧٠.

٥- على معروف شارەزوورى، پەندى پێشينانى كورد،ب٢ ، چ ١ ، بغداد ١٩٨٧.

٦- عومەر شێخەڵلا دەشتەكى، پەندى كوردى ، ب٤، چ١ ، چاپخانەى پاك، هەولێر ،٢٠٠٢.

٧- كاكينەو مستەفا سائيب، سليمانى ١٩٢٦، قسەى نەستەقى پێشينان ، لێكدانەوەو راڤەكردنى : جمال بابان، چ١ ، چاپخانەى راز، ٢٠٠١.


- ئەم نوسينە لە بنچينەدا باسێكى دەرچوون بووە پێشكەشى بەشى كوردى كۆلێژى زمان –سەلاحەدين كراوە، بۆ سالى خوێندنى ٢٠٠٥-٢٠٠٦ ، بەڵام لێرەدا زۆر كورت و پوخت كراوەتەوە.

# شێوەو ئەرکەکانی(ی)
# لە زمانی کوردیدا

دلاوەر شێخ محەمەد

سەرەتا ئەم پیتە وەکو پیتێکی بزوێن لە زمانی کوردیدا ناسراوە، چونکە شێوەی دەربڕین و درکاندنی سووکە بەڵام لە هەمانکاتدا وەکو پیتێکی نەبزوێنیش لە هەندێ باردا دەردەکەوێت. وەکو:

أ: کاتێك (ی) لە سەرەتای بڕگەیەکی وشە بیت. بۆ نموونە:

وشەی ( یاری، یەزدان) پیتی( ی) لە سەرەتای ئەم وشانە پیتێکی نەبزوێنە.

ب: کاتێ (ی) لە کۆتایی بڕگەیەکی وشە بێت، بەڵام دیسان دەبێ بڕگەکە لە سێ پیت زیاتر پێك نەهاتبێ. بەم شێوانە:

١-: (ی) وەکو جێناوی لکاو بۆ کەسی دووەم و سێیەمی تاك دەردەکەوێ، لە دووەمی تاکدا لەگەڵ دەستەی جێناوی لکاوی ڕێککەوتنە، بەڵام لەگەڵ دەستە جێناوی لکاوی خاوەنی دەبێت بە کەسی سێیەمی تاك. وەکو: ئەو مەڕەکانی فرۆشت. (ی) ی دوای ناوی (مەڕەکان) جێناوی لکاوە لە دەستەی خاوەنی بۆ کەسی سێییەمی تاك ، ئەرکی کارا ی بینیوە. بەڵام لە ڕستەی: بینوسم. (ی) ی نێوان مۆرفی ئارایی ڕەگی کاری رستەکە جێناوی لکاوە بۆ کەسی سێییەمی تاك، ئەرکی ( بەرکار) ی بینیوە.

هەروەها لە ڕستەی : تۆ نامەکان دەبەی؟ (ی) جێناوی لکاوە بۆ کەسی دووەمی تاك لە دەستەی ڕێککەوتن.

٢- (ی) دەبێت بە نیشانەی قەدی چاوگ ، کە بە هەموو ئەو کۆمەڵە چاوگانە دەڵێن چاوگی یائی ، وەکو ( کڕین، فڕین، نووسین) هەروەها بەم(ی) ە دەڵێن مۆڕفیمی کاتی رابردوو، چونکە لە کۆمەڵەی مۆرفیمەکانی کاتی رابردووە وەکو ( ا، و، ی، د، ت) ئەم مۆرفیمانە بە

شێوەیەکی گشتی کاتی ڕوودانی کارەکان دیاردەخەن، ئەمە لە ئاستی وشەسازیدایە نەك ئاستی ڕستەسازی.

٣- (ی) دەبێت بە پاشگری بۆ دروستکردنی ناوی واتایی دروستکراو، چونکە ئێمە کۆمەڵە ناوێکمان هەن کە پێیان دەڵێن ناوی واتایی بنجی، وەکو: ( شەڕ، خەم) بەلاّم بۆ دروستکردنی ناوی واتایی دروستکراو(ی) ی وەکو پاشگرێك بە دوای ناوی تایبەتی یاخود هەر جۆرە ئاوەڵناویك دادێت و دەیان کاتیش بە ناوی واتایی دروستکراو، بۆ نموونە: ( ئازاد) ناوی تایبەتییە بە هۆی پاشگری (ی) دەکرێ بە ناوی واتایی دروستکراو. ( ئازادی) یا ئاوەڵناوی وەك( گەرم) بەهۆی پاشگری(ی) دەبێ بە ناوی تایبەتی دروستکراو، وەکو( گەرمی).

٤- (ی) دەبێت بە ئامرازی دانەپاڵ: کاتێك ناوێك یاخود هاوەڵناوێك دەداتە پاڵ ناوێکی تر یان ئاوەڵناوێکی تر. بۆ نموونە:

دەزانم تۆ گوڵی سوورت خۆشدەوێ.

٥- (ی) وەکو پاشگر بە هەندێ ناوەوە دەلکێت و ناوی پیشەیی دروستدەکات. بۆ نموونە:

شوان ← شوانی( ناوی پیشە).

باخەوان ← باخەوانی ( ناوی پیشە)

گاوان ←گاوانی ( ناوی پیشە).

٦- (ی) بۆ دروستکردنی ناوی ناسراو و نەناسراو دەبێت بە پیتێکی( ناوبڕ)، بەلاّم دەبێ ناوەکە کۆتایی بە پیتی بزوێن هاتبێت. وەکو:

- ماسی یەکی ساف و بێگەرد.

_ چیایەکی پڕ دارو بەرد.

لێرەدا (ی) ی کۆتایی ناوی (ماسی) و نیشانەکانی (ێك، ەکە) وەکو پیتێکی نەبزوێن و ناوبڕ دەرکەوتووە.

٧- (ی) دەبێتە ناوبەند بۆ دروستکردنی ناوێکی لێکدراو. نموونە:

**ئەی ئەسیری هێندە عەشقی میللەتی کوردت هەیە**

**بشمری لام وایە گردی سەیوانت دەوێ.** ( ئەسیری)

( گردی سەیوان) وەکو ناوێکی لێکدراوە، بەهۆی ناوبەندی (ی) دروستبووە.

٨- (ی) دەبێتە نیشانەی (نێر) لە شێوەی ژووروودا. بۆ نموونە:

ئازادی نان خار.

٩- (ی) وەکو ئامرازی دانە پاڵ لە دوای هاوەڵناوی ژمارەیی بنجی دێت، پێکەوە لەگەڵ (ناو) ی دوای خۆی، گرێی هاوەڵکاری کاتی دروست دەکات. وەکو:
بیست و یەکی ئاداری هەموو ساڵێ جەژنی نەورۆزە.

لێرەدا ( بیست و یەکی ئادار) بەهۆی (ی) گرێیەکی هاوەڵکاری کاتی دروستکردووە.

١٠- (ی) دەبێتە ناوبڕ بۆ دروستکردنی هاوەڵناوی ژمارەی ڕێکخستن، بەڵام دەبێ کۆتایی هاوەڵناوە ژمارەییەکە بە پیتی بزوێن هاتبێت. بۆ نموونە:
دە ← دەیەمین

١١- (ی) لە شێوەی ژووروودا لە جێی (و) ی ئاوەڵناوی کراو بەکاردێ، بۆ نموونە:
تۆ منت هێناوە← تە ئەز ئینایمە

هەروەها بەم ( ی، ە، وە) دەگوترێت: نیشانەی رابردووی تەواو.

١٢- (ی) وەکو مۆرفیمێکی پەیوەندی بۆ دروستکردنی ڕستەی سادەی فراوانکراو بەکاردێ، چونکە سادەترین رستەی سادە لە زمانی کوردیدا رستەی : ( هات، چوو) لەمە زیاتر کورتناکرێتەوە، چونکە لە ئاستی وشەسازیدا وشەن و لە ئاستی رستەسازیشدا رستەن . رستەکانی ( ئازاد هات، ئازاد چوو) رستەی سادەی ئاساییێن، بەڵام رستەی ( سەرداری باوکی ئازادی دراوسێی ماڵی باوکم دوێنێ بەیانی سەعات هەشت و نیو بۆ دهۆك چوو.) ئەمە ڕستەیەکی سادەی فراوانکراوە.

زیاتر ئەوەی جێگای داخە لە دوو باردا (ی) پشتگوێ دەخرێت و ڕەچاوی نووسین و ئەرکی ناکرێ:

أ: هەموو ئەو ناوانەی کۆتاییان بە پیتی بزوێن دێت لە کاتی ناساندن و نەناساندنیان دا(ی) نانووسرێ.

ب: هەموو ئەو چاوگانەی کۆتاییان بە پیتی (ی) دێت ، لە کاتی گەردانکردن و نووسینەوەیان، بەتایبەتی بۆ کەسی دووەم و سێیەمی تاك(ی) تێکەڵ دەکرێ لەگەڵ نیشانەی قەدی چاوگەکان.

١٣- (ی) لە کرمانجی ژوورودا دەخرێتە سەر قەدی چاوگ و ئاوەڵناوی داڕژاوی لێدروست دەبێت. بۆ نموونە: چاوگی کەفتن کە قەدەکەی دەبێت بە (کەفت) .
کەفت+ ی = کەفتی( ئاوەڵناوی داڕژاوە)

١٤- (ی) وەکو پاشگر بە قەدی چاوگی ئەلفی تێنەپەڕەوە دەلکێت و بەهۆی ئەو ناوە یاخود هاوەڵناوی پێش چاوگەکە، هەر هەموویان هاوەڵناوی کراوی لێکدراو دروست دەکەن، بۆ نموونە: چاوگی (سووتان)

ماڵ + سووت + ا + ی = ماڵسووتای.

بەهەمان یاسا دەتوانرێ هاوەڵناوی کراوی دارڕاویش دروستبکرێ . بۆ نموونە: چاوگی ( گیران) یان( ڕاکێشان):

راکێشرای = هاوەڵناوی کراوی دارێژراو

لە ڕێنووسکردنی هەندێ حالەتی تردا هەرچەندە قسەپێکەرانی زمان و شێوەزارەکان بە هۆی خستنەسەری (هێز) لەسەر(بڕگە) لە کاتی گۆکردن و درکاندنیان ئاشکرایە، بەڵام لەکاتی ڕێنووسکردنیان ئەوا دەبێ ڕەچاوی دەرکەوتن و ئەرکی (ی) بکرێت و تێکەڵ بە هیچ جۆرە (ی) یێکی تر نەکرێ. بۆ نموونە:

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| رانەبردوو | دەدزین | (د/ئ ) ە | ∅ | دز=رەگی کار | ین=ج.ل | کارایە |
| رابردووی بەردەوام | دەی دزی ین | (د/ئ) ە | کارایە/ ی | دزی= قەد | ین=ج.ل | بەرکارە |
| رانەبردوو<br>رانەبردووی بەردەوام | دەکرین<br>دەی کریین | (د/ئ) ە<br>(د/ئ) ە | ∅<br>ی | کر= رەگی کار<br>کری =قەد | ین=ج.ل<br>ین=ج.ل | کارایە<br>بەرکارە |

## سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:



١- ک.ک. کوردۆیف، ڕێزمانی کوردی بە شێوەی کرمانجی و سۆرانی، و: کوردستان موکریانی، ١٩٨٤ز.

٢- زمان و ئەدەبی کوردی ، بۆ پۆلی پێنجەمی ئامادەیی، دانانی لیژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە، ٢٠٠٤ ز.

٣- زمان و ئەدەبی کوردی ، بۆ پۆلی یەکەمی ناوەندی، دانانی لیژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە، ١٩٩٩ز.

٤- پوختەیەکی وردی ڕستەسازی کوردی، د. عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول، ٢٠٠٤ز.

# هەندێك لایەنی فۆنۆلۆژی شێوەزاری شوانی كێشك



هیوا ئەحمەد عەصاف*

**شوانی كێشك:**

شوان ناوچەیەكە لە پارێزگای كەركووك و زیاتر لە ٧٠ گوند دەگرێتەوە( دەكەوێتە باكوورو باكوری ڕۆژهەلاّتی شاری كەركووك) ئەو گوندانەش سەر بە ناحیەی شوانن ( كە ٢٥– ٣٠ كم لە شاری كەركووكەوە دوورە ) خەلكی ئەم ناوچەیەش سەر بە هۆزی شوان كە لە بنەرەتدا ناوی هۆزێكـە و پاشمـاوەی میرنشـینی شـوانكارەن كـە دوای رووخـانی میرنشـینەكەیان (٤٥٦ ك) هاتوونەتەە ئەم ناوچانە.

شوان بە پێی هەڵكەوتی جوگرافی لە دووبەش پیكدێن : شوانی سەرخاسە، ئەوانەی پشت بە ئاوی روباری خاسە دەبەستن. شوانی كێشك بەشەكەی ترە( كە لەوانەیە كێشك لە وشك– ەوە هاتبیٚ، چونكە پشت بە باران دەبەستن.

هەرچی شێوەی قسەكردنە، بە دوو شێوەیە، شێوەیەكیان كە زۆربەی خەڵكی شوان قسەی پیدەكەن هەروەك زاری ناوەڕاستە، شیوەی دووەمیان كە چەند گوندێكی ناوچەی شوان قسەی پێدەكەن، گوندەكانی( ناروجەی گەورە، ناروجەی ئەحمەد رەجەب، ناروجەی حاجی جرجیس، سمایـل بـەگی، خدرشـیرین، حـاجی بـەیخانی سـەروو و خـواروو، جـانقز، رێـدار، قـولی بـەگ،

قەرەبلاغ.....) لە چەند گوندێکی تریش بە لاوازی قسەی پیدەکەن، کە سەرجەمیان دەکاتە ٢٢ گوند، ئەم شێوەیە دەچێتەوە سەر شێوەی قسەکردنی( خانەقینی، فەیلی، سنەیی..) کە سەر بە زاری لوڕین، بەلاّم شوانی کێشك لەگەڵ ئەم ناوچانەدا هاوسنوور نییە.

**دیاردە فۆنۆلۆژییەکان**

هەموو ئەو گۆرانکارییە فۆنۆلۆژییانە دەگرێتەوە کە وەکو دیاردە لە شێوەزارەکەدا هەن و لە بارە جیا جیاکاندا دوبارە دەبنەوە و لە نموونەیەك زیاتریان هەیە. ئەگەرچی ئەم گۆرانکارییانە سەراپاگیر نین و لە هەموو بارێکدا دووبارە نابنەوە، بەلاّم دەشێ بە دیاردە ناو ببرێن و بە زەقیش لە کاتی گۆکردن دا هەستیان پێدەکرێت. دیاردەکانیش لەم شیوانەدا بەدەردەکەون:-

یەکەم:- گۆرینی دەنگ. وەك:

١- گۆرینی دەنگی / ۆ/:

- گۆرینی دەنگی / ۆ/بە / وو/: لە کاتێکدا ئەم دەنگە دەنگی دووەمی برگەی یەکەمیوشەیە. وەك:

جۆگە ← جووگە( جوگە)

لۆچ ← لووچ

خاڵۆژن← خاڵووژن

مۆر ← موور

چەقۆ← چەقو

هەروەها زۆر وشەی تری وەك ( ڕۆشن، دۆست، لۆکە، بۆر،...هتد)

- گۆرینی / ۆ/ بە / و/ لە هەمان باری پێشوودا ئەم دیاردەیە ڕوودەدا. وەك:

- گۆچان ← گوچان . وشەی تری وەك ( بۆری، گلۆڵە، دۆخەوا.....هتد)

- گۆرینی /ۆ/ بە / وی/ لە هەمان باری پێشوودا روودەدات و لەگەل ئەم گۆڕانەشدا دەنگەکەی پێش خۆی(مچموم دەکات. وەك:

ڕۆن ← ڕُین. وشەکانی تری ( بۆن، چۆن، هۆن،....هتد)

٢- گۆرینی دەنگی / وو/ ئەم دەنگە بە چەند دەنگێکی تر دەگۆڕێتز وەك:

- گۆرینی / وو/ بە / ی/ لە کاتێکدا ئەم دەنگە لە کۆتایی وشەیە. وەك

قوتوو ← قوتی. هەروەها لە وشەکانی( ماندوو، کوندەبوو، هەبوو، خانوو...هتد)

- گۆرینی / وو/ بە / وی/ لەگەڵ مەزموم کردنی دەنگەکەی پێش خۆی، هەروەك گۆرینی / ۆ/ بە / وی/ وەك:

أ- له كاتێكدا / وو/ له كۆتایی وشەیە:

دەزوو ← دەزوی. هەروەها وشەكانی ( بەڕوو، توو، زەردەلوو،....هتد)

ب- له كاتێكدا / وو/ له ناوەراستی وشەیە:

چـاڵتووك ←چـەڵتویك. هــەروەها لــە وشــەكانی تــری( لــووس، دوور، قــووڵ، چــوون، ئاڵتوون...هتد)

- گۆرینی / وو/ به /گ/ له كاتیكدا كه له كۆتایی وشه بی. وەك:

بینوو← بیانگ. ( خانوو، كوانوو، ...هتد)

یـان لـە ڕووی ڕیزمانییـەوە رۆڵـی مـۆرفیمی ئاوەڵنـاوی كـراو ببینێـت، یـان لـە كـاری رابردووی تەواودا. وەك

بەرۆژوو ← به روژگ. ( رابردوو، مردوو، خەوتووە، كردووە،...)

٣- گۆرینی دەنگی/ و/ . ئەم دەنگەش به چەند دەنگیك دەگۆڕێت. وەك:

-گۆرینی / و/ به /گ/ له كاتێكدا كه /و/ لـه ڕووی ریٚزمانییـەوە رۆڵـی نـامۆرفیمی ئاوەڵنـاوی كراو ببینیت و نەبزوێن بی هەروەها له فرمانی رابردووی تەواو دیسان نەبزوێن بیٚ. وەك:

دڕاو ← دڕیاگ.( گۆڕاو، نووسراو، خوراو، ڕزاوە، قەوماوە،سووتاوە....هتد)

- گۆرینی /و/ به / ف/ له كاتیكدا كه نەبزوێنە. وەك:

چەوت← چەفت. ( ئەشكەوت، خەوت...)

- گۆرینی /و/ به / م/ دیسان ئەگەر ەبزوین بێت. وەك:

پارشیو ← پارشیم. ( نیو، هەتیو، كەمچك...)

٤- گۆرینی/ یٚ/ به / ی/ له زۆربەی كاتەكاندا. وەك:

ئێمە← ئیمە. هەروەها( جیٚ، ڕیٚ، خوێن، ڕێز...)

گۆرینی /یٚ/ به / ە ی/. وەك:

خێرا ← خەیرا. هەروەها ( لێرە، بێرە، مێرەم... هتد)

٥- گۆرینی دەنگی / ك / به /CH/ واتە، وەك چۆن / ك/ لـە زاری ناوەراسـتدا ( یٚ، ی) لـە دوا بێت دەبێت به /CH/ لەم شێوەزارەشدا هەمان گۆرانكاری روودەدات، كاتێك ئـەم دەنگە/ و/ ی بزوێنی له دوا بێت. دەنگەكەش مەكسور دەبێت. وەك:

كوپە ← chupe . هەروەها له وشەكانی ( كوزەڵە، كوتاڵ، كەركوك.....هتد)

٦- گۆرینی دەنگی / ع/ به /ح/وەك:

سعر ← سحر . هەروەها له وشەكانی ( مەسعود، بەعسی، تەماع....).

٧- گۆرینی / ء/به / ع/.وەك:

ئیش ← عیش. هەروەها لە وشەکانی ( قورئان، ئاست، ئەبڵەق،....)

٨- گۆرینی دەنگی / ت/ بە /ك/ لە کاتیکدا / ت/ لە دوای مۆرفیمی داهاتوو(ێ) دێت. وەك:

ئەخەوێت ← خەویك. ( ئەکولێتەوە، ئەسوتێت......)

دووەم:- سوانی دەنگ. واتە ; کرتانی دەنگێك یان زیاتر. وەك:

سوانی دەنگی / ە / لە پێش فرمانی رانەبردوو، یان دەتوانین بڵێین سوانی دوو دەنگی/ ء / و /ە/ یان سوانی دوو دەنگی / د/و / ە/، دیسان لە پێش کاری رانەبردوو. وەك:

ئەخۆم ( ە خۆم) ← خۆم. لە وشەکانی تری ( ئەچم، ئەسوتێم، ئەفڕم....)

لە کاتی بەکارهێنانی( دە) ش دا:

دەتەقم ← تەقم. .. دەکڕم← کڕم

هەندێك جار لە هەندێك فرماندا ئەم حاڵەتە ڕوونادات و تەنها دەنگی / ە / دەسوێ. وەك:

ئەبم( دەبم) ← دبم ...ناتوانین بڵێین ( بم)

هەندێك جاریش هەر بۆ ئارەزوو ئەمە ڕوودەدات:

ئەکەم ( دەکەم) ← دکەم ..دەشتوانین بڵێین ( کەم)..

سێیەم:- زیادکردنی دەنگ: واتە; هاتنە ناوەوەی دەنگێك یان زیاتر وەك ئەم دیاردەە:

- زیادکردنی دەنگی / ی/ لە هەموو چاوگە ئەلفییەکاندا، دەنگی / ی / دەچێتە پێش دەنگی / ا/ وە. لە کاتی گەردانکردنیشدا لە دەمی رابردوو دا هەر دەمێنێ و دەبێتە پارچەیەك لە نیشانەی چاوگ. وەك:

دڕان ← دڕیان← دڕیاگە، دڕیاگم...بەهەمان شێوە( سووتان، کوژران،....هتد)

- زیادکردنی دەنگی /ە/ لەو وشانەی کە بزوێنی بڕگەی یەکەمی بزرۆکەیە:

- خراپ← خەراپ . بەهەمان شیوە لە( کلاش، کراس، گلاس، وتن،....)دا.

## نیمچە دیارە فۆنۆلۆژییەکان

مەبەست لەو گۆرانکارە فۆنۆلۆژییانەیە کە لە حاڵەتێك زیاتریان هەیە و چەند بارە دەبنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانرێت وەك دیاردەو بنەمایەك سەیر بکرێن و یاسایان بۆ دابنرێت. وەك ئەم گۆرانکاریانەی کە لەم دەنگانەدا روودەدات:

١- / ع/ دەبێتە/ ء/ وەك:

عەرەق ← ئارەق

عەلەف ← ئەڵف

٢- / ا/ دەبیتە / ع/وەك:

جادە← جەعدە..تازیە← تەعزیە

٣- /ی/ دەبێتە / گ/ وەك:

خانی← خانگ..، کانی←کانگ

٤- /ە / دەبێتە / گ/ وەك:

شانە← شانگ

تازە← تازگ.

٥- گۆڕینی / ێ / بە / ا/ وەك:

مێ ← ما ، پێ← پا.

٦- هەروەها سوانی دەنگ ووەك سوانی دەنگی / ت/لە کۆتایی وشەدا وەك: مەقەست← مەقەس. دەست← دەس.

## حاڵەتە فۆنۆلۆژییەکان.

ئەو گۆڕانکارە فۆنۆلۆژییانە دەگرێتەوە کە کەم دوبارە دەبنەوە و ناتوانرێ مەرج و کاتی ڕوودانەکەی دیاری بکرێت، بەڵکو تەنیا لە ئاستی تاکە وشەدایەو ناتوانرێ کۆمەڵێك وشە ڕیز بکرێ هەمان گۆڕانکاری تێدا ڕوودەدات. ئەمانەش بەچەند شێوە دەردەکەون:

یەکەم :- زیادکردنی دەنگ:

- زیادکردنی / د/:

خاوەن ← خاوەند

پەنیر← پەندیر

دەنووك← دەندووك

- زیادکردنی / ت/ :

دووپشك ← دوو پشتك

- زیادکردنی / ە/: ئاسك← ئاسکە
- زیادکردنی / ا/ :سیسرك ← سیسارك
- زیادکردنی / ڵ / : قادرمە← قاڵدرمە
- زیادکردنی دوو دەنگی / و/ ،/ ە/:
- گاسن ← گاوەسن
- دووەم:-گۆڕینی دەنگ:
- یەك دەنگ بە یەك دەنگ:

کاغەز ← قاقەز. ← ك/ بووە بە /ق/ ، / غ/ بۆتە /ق/

دکتۆر← دختۆر← ك/ بۆتە / خ/
دەمانچە← دەماڵچە← ن/ بۆتە /ڵ/
ددان← دگان ← د/ بۆتە / گ/
قامیش ← قەمیش← ا/ بۆتە / ە/
کەرە ← کەرێ ← ە /بۆتە / ێ/
چۆلەکە← چۆلەگە← ك/ بۆتە /گ/
میوان ← مێوان ← ی / بۆتە / ێ/
هونەر ← حونەر← ه / بۆتە / ح/
چی ← چۆ( پرس) ← ی/ بۆتە / ۆ/
ب: دوو دەنگ بە یەك دەنگ:
مەیە← مەو← گۆڕینی / ی، ە / بۆ / و/
پیاڵە← پێڵە← ی ، ا/ بۆتە / ێ/
دەهۆڵ ← دەوڵ← ه ، ۆ/ بونەتە / و/

**ج: یەك دەنگ بە دوو دەنگ:**

**سوور ← سوێر**

**نسیٚ ← نسرم**

**سێیەم :- سوانی دەنگەکان:**

**مامۆستا← مامۆسا← سوانی /ت/**

**سەیرکە← سەیکە← سوانی / ر/**

**کوێر← کور← سوانی / د/**

**توێکڵ← توکڵ .....**

**دەرخۆنە← خونە**

**چوارەم:- جێگۆرکێی دەنگەکان:**

**قازانج← قانجاز**

**زراعەت← زرعات**

**ناخون(فارسی) ← نوخان**

**مەکتەب← مەتکەب**

**کارتۆن← کانتۆر....خافلأن← خلأفان....تەسلیم← تەسمیل..مەدح← مەحد**

**پێنجەم:- تێکئالأن و شیوانی دەنگەکان لە وشەدا:**

**مەبەست ئەو گۆرانانەیە لە وشەدا کە بە جۆرێکە ناسینەوەی وشەکان گرانەو ئەگەر یەکێك شێوە زارەکە بزانی، بتوانیٚ وشەکان بەرامبەر یەك دابنیٚ، ئەویش تەنها لەسەر ئەو بنەمایەی کە چەند دەنگێك یان تاکە دەنگێك هاوبەش بن. واتە، لەوانەیە زیاتر لە گۆرانکارییەك لە گۆرینی دەنگ و جیگۆرکیٚ و سوان و زیادکردنی بەسەرداهاتبیٚ. وەك:**

**شووتی ← شامی....گریان ← گیرستن...تراکتۆر ← ترێنگتەر**

**کویٚ ( پرس) ← کورە...ورد← هویرد....ئەویٚ ← ئەورە**

**ریخۆڵە ← ریخەلۆك ...وتی ← وەت..جوین ← جاین..**

**حنێو ← دژوێن ( دوژمین)**

**ئەنجام:**

- **شوان ناوچەیەکە دەکەوێتە باکورو باکوری رۆژهەلاتی کەرکوك، هۆزی شوانی تیدا نیشتەجییە، ئەم هۆزەش پاشماوەی شوانکارەیە کە نیشتەجێی لوڕ ستانن.**

- شوانی کێشك بەشێکە لە هۆزی شوان و بە شێوەزارێك ئەدوێن کە جیایە لە بەشەکەی تر کە زۆرینەیە و سەر بە زاری ناوەراستە، بەلاّم شوانی کێشك سەر بە دیالێکتی کرمانجی باشووری ( لوری) ە، کە چەند گوندێك لە ناوچەی شواندا قسەی پێدەکەن.
- زۆربەی فۆنیمەکانی شوانی کێشك وەکو فۆنیمەکانی زاری ناوەراستن و وەك ئەوان دەردەبڕدرێن، جگە لە دەنگی / ڵ /، بەلاّم لە سنووری وشەدا گۆرانکاری بەسەر هەندیك لە دەنگەکان دێت.
- شیوەزاری شوانی کێشك دەنگی تایبەت بە خۆی هەیە کە لە زاری ناوەراستدا نییە ، وەك / وی/، /∅ی ر/ ویٚ/ بە بزوێنی دوولایەنە ناو دەبرێن.
- دەنگی / ۆٚ/،/ وو/ ڕێژەیان کەمە لە گۆکردنی ئەم شێوەزارەدا.
- زۆربەی گۆرانکاریە فۆنۆلۆژییەکان بەسەر دەنگە بزوێنەکاندا دێت بە تایبەت دەنگەکتانی / ۆٚ/، / وو/،/ و/،/یٚ/ وەکو دیاردە بەرچاو دەکەون.
- هەندێك لە گۆرانکارییە فۆنۆلۆژییەکان دیاردەن لە شیوەزارەکەدا . وەك: گۆرانی / ۆٚ/ بە /وو/ ..دۆٚ← دوو .هەندێکیشیان نیمچە دیاردەن وەك گۆڕانی / یٚ/ بە / ا/.پیٚ← پا. هەندێکیشیان حالەتن وەك زیادکردنی دەنگ: پەنیر← پەندیر
- گۆرانکارییە فۆنۆلۆژییەکان بە شێوەی گۆڕینی دەنگ، سوانی دەنگ، زیادبوونی دەنگ، جێگۆرکێی دەنگەکان، تیکئالاّنی دەنگەکان ڕوودەدەن.

## سەرچاوەکان

١- چەند بابەتێکی زمان و رێزمانی کوردی، د. ڕەفیق شوانی، چ١، هەولێر ٢٠٠١
٢- ڕێزمانی کوردی ، ك.ك.کوردۆیڤ، و: کوردستان موکریانی، هەولێر ,١٩٨٢
٣- زاری زمانی کوردی لە تەرازووی بەراوردا، محمدامین هەورامانی،بەغدا ١٩٨١
٤- فۆنەتیکی زمانی کوردی، محمدامین هەورامانی، بەغدا ,١٩٧٤
٥-زاری ناوچەی شوان، د. رفیق شوانی ، گۆڤاری کاروان، ژ ١٥١ ساڵی ,٢٠٠٠
٦- شوان، د. رفیق شوانی، گۆڤاری هاواری کەرکوك، ژ ٤ ساڵی ,١٩٩٩
٧- هۆزەکانی شوان ..شیخ بزینی...، گۆڤاری هاواری کەرکووك، ژ٢ ساڵی ١٩٩٨.

** ئەم نووسینە لە بنچینەدا باسێکی دەرچوون بووە، بەلاّم لێرەدا هەندێکی لیٚ لادراوەو پوختکراوەتەوە.

- قوتابی ماستەر. کۆلیژی زمان زانکۆی سەلاحەددین

**هەموو ناوێکی تایبەتی ناسراوە، بەڵام هەموو ناوێکی ناسراو تایبەت نییە**

# ناوی تایبەتی و ناوی ناسراوی



**جومعە حەمید***

**هەموو شتێك لە گەردووندا بە شێوەی ناسراویی و نەناسراوی هەیە، مرۆڤ هەر لە کۆنەوە هەوڵیداوە بگاتە ئەو شتانەی کە نەیناسیون، بۆ ئەوەی بیانناسێت و ئاشنایەتییان لەگەڵدا پەیدا بکات، ئەویش بەهۆی عەقل و هەستەکانییەوە، بەشێك لەو شتانەی کە لە دەورووبەردا هەن توانیویەتی بیانناسێ.**

**لەم نووسینەدا هەوڵدەدەین باسی ئەو ناوانە بکەین کە بە لای هەندێ زمانەوانانەوە لێڵییەك سەبارەت بە ناوی ناسراوی و ناوی تایبەتی هەیە.**

**ئەوەی زێتر دەمانەوێ هەڵوەستەی لەسەر بکەین، بریتییە لە ناوی تایبەت بە مرۆڤ، کە لە زمانی عەرەبی دا پێی دەگوترێت( علم).**

**لە زمانی کوردیدا ناوی تایبەت بە مرۆڤ نابێتە ناوی تایبەتی و ناسراوی، بەڵام بە چەند ڕێگایەك دەکرێنە ناسراوی و تایبەتی.**

**کاتێك لە زمان دەکۆڵینەوە، لە سوچێکی زمانەکە ناکۆڵینەوە، بەڵکو دەبێ زمان لە ناو کۆمەڵ یاخود واقیع لێکۆڵینەوەی بۆ ئەنجام بدرێت، هەر لەبەر ئەمەشە ناوی تایبەت بە مرۆڤ، نە تایبەت و نە ناسراوە، چونکە ناو کاتێك دەناسرێ، ئەگەر ئاماژە بێ بۆ کەسێکی دیاریکراو لە واقیع یا کۆمەڵ، بۆ نموونە ناوی( ئارام) لەناو کۆمەڵگادا نەناسراوە، چونکە تایبەت نیە بە کەسێکی دیاریکراو لەوانەیە زیاتر لە ١٠٠٠ ئارام لەناو شارێکدا بوونیان هەبێت، کەچی کە**

ناوی ئارام دێت، دەگوترێ ئەمە ناوێکی تایبەت و ناسراوە، من دەپرسم کامە ئارام، چۆن ئارامێك؟!

بەڵام کاتێك لێکۆڵینەوەی زمان لەناو شوێنە تەسکەکاندا ئەنجام دەدرێت، بۆ نموونە، لەناو خێزانێکدا کوڕێکیان بە ناوی ( ئارام) هەیە، ئەوا لەم کاتەدا ناوی ئارام تایبەتەو ناسراوە، چونکە لەناو ماڵی خۆی ئاماژەیە بۆ تەنیکی دیاریکراو لە لایەن ماڵەکەوە. بەڵام ئەگەر بێتو لە ناوی خێزانەکە کەسێکی تر پەیدا بوو بە ناوی ئارام، ئەوا دیسان ئارام دەبێتە ناوی نەناسراو، دەکرێت بە ناسراویش بەڵام بە چەند ڕێگایەك:

١-ناساندنی ناوی مرۆڤ بەهۆی ناوێکەوە، ئەویش: یان بە هۆی ناوی باوکی، یا ناوی دایکی.

بۆ نموونە لە پۆلێکدا زیاتر لە کەسێك ناوی( ئارام) ە لێرەدا ناکرێت تەنها ناوی خۆی بنووسرێ بۆ ناساندنی لە لایەن قوتابخانەکەوە، بەڵکو بەهۆی ناوی باوك و زۆر جاریش باپیر و باپیری بۆ زیاد دەکرێت. بۆ ئەوەی بە تەواوی بناسرێت کە دەڵێن( ئارام هەردی عەلی) جیاوازە لە ( ئارام نەوزاد هیوا) نووسینی ناوی سیانی یان چواری بۆ تەواو دڵنیابوونە لە ناوەکە، چونکە لەوانەیە هەندێ کەس ناوی خۆی و باوکی وەکو ناوی هاوڕێکەی بێت، بۆیە لێرەدا پەنا دەبەینە بەر ناوی سیانی و چواری بۆ ئەوەی گرفتی لەو شێوەی ناساندنییان بۆ دروست نەبێت.

زۆر جار لەناو کۆمەڵگای کوردەواری هەندێ کەس بەهۆی ناوی دایکیەوە دەناسرێت، بۆ نموونە ئارامی باجی گەلاوێژ.

٢-ناساندنی ناوی مرۆڤ بە هۆی ئاوەڵناوەوە، زۆر جار کە باسی کەسێك دەکەین لە ناو کۆمەڵگا نەناسراوە، کەچی بەهۆی ئاوەڵناوەوە ناوەکە دەکرێت بە ناوی ناسراوی. بۆ نموونە: ( ئارامی) کوێر، شەل، ڕەش، پرچ زەرد ، سەر سپی، قەڵەو ..........هتد.

هەر ئاوەڵناوێك بدرێتە پاڵی ئەوا لەناو کۆمەڵدا پێی دەناسرێتەوە.

٣-ناساندنی ناو بەهۆی پیشەکەیەوە، لەناو کۆمەڵ پێی دەناسرێتەوە. بۆ نمونە: (ئارام)ی. مامۆستا ئارام، ئەندازیار، فیتەر، بۆیاغچی.....هتد

زۆر جاری وایە لە شوێنێکدا کە هەردووکیان خاوەنی یەك پیشەن و یەك ناویان هەیە، ئەوا دەبێت پەنا بۆ ئاوەڵناوێك بەرین. بۆ نموونە: لە قوتابخانەیەکدا دوو مامۆستا بەناوی ئارامە، لێرەدا هەوڵدەدەین بە هۆی ئاوەڵناوێکەوە لە یەکتریان جیا بکەینەوە. وەك: مامۆستا ئارامی کوردی، مامۆستا ئارامی بیرکاری، بەڵام ئەگەر هاتوو هەردوو مامۆستاکە خاوەنی یەك پیشە بوون بەڵام لە یەك بابەت وانەیان دەگووتەوە، ئەوکاتە پێویستی بە ئاوەڵناوێکی تر دەبێ کە یەکێ لە مامۆستایەکانی پێبناسرێتەوە، وەك مامۆستا ئارامی سەر سپی، مامۆستا ئارامی باڵا

بەرز. کە لێرەدا بەناوی پیشەیی وانەکەیان، بانگ ناکرێن، چونکە پیشەکەیان لە پێشتر زانراوە کە هەردووکیان مامۆستای یەك بابەتن.

٤- زۆر جار ناوی مرۆڤ بەهۆی شوێنی نیشتەنی و لە دایکبوونیەوە دەناسرێتەوە، بۆ نموونە هەردوو شاعیر( عەلی) بە هۆی شوێنی لە دایك بوونیانەوە لە یەکتری جیادەکرێنەوە، کە ( عەلی بەردەشانی) جیایە لە ( عەلی حەریری) هەردووکیشیان دوو شاعیری کوردن، بە هۆی شوێنی لە دایکبوون دەناسرێنەوە، یان بە هۆی ناوچەکەیانەوە، وەك دەڤەری پشدەر، قەراج کەندێناوە.....هتد

٥- ناساندنی ناوی مرۆڤ بەهۆی گەل و هۆزەوە، دەکرێت بە ناوی ناسراو بۆ نموونە دەڵێن: ئارامی سالەیی، مەنتکی، خەیلانی، هەرکی...... هەموو ئەم گەل و هۆزانە ناوەکان دەکەن بە ناوی ناسراوی.

٦- زۆر جار ناوی مرۆڤ بەهۆی ئاوەڵناوی نیشانەو جێناوی نیشانە، ناوەکە دەکەن بە ناوی ناسراوی، بۆ نموونە: ( ئەم ئارامە دڵسۆزە) ، ئەمە ئارامە کە من بەدوای دەگەڕام، کە لێرەدا مەبەست ناساندنی و دەستنیشانکردنیان ڕووندەکاتەوە.

٧- ناوی مرۆڤ هەروەکو ناوەکانی تر بەهۆی مۆرفیمی (ەکە) دەناسرێت، بۆ نموونە: ئارامگرەکە هات. هەر وەك چۆن مۆرفیمی(ەکە) وەردەگرێت، مۆرفیمی (ێك) بۆ نەناساندن وەردەگرێت، نموونە:

نەوزادێك هات، کە لێرە مەبەستی نەناساندنییەتی بۆ بەرامبەر، بەلاّم کاتێك دەگوترێت نەوزادەکە هات، ئەوا ناساندنەکەی نیشان دەدات.

- قوتابی بەشی کوردی، کۆلیژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین.



# شیعر، راز و ئاوات و ئامانجێکی ئاشکرایە.

چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەمین گەردیگلانی

فرووغ فەروخزاد دەڵێ: من لەسەر ئەو باوەڕە نیم، بە شیعر، کلاسیك و نوێ بگوترێ. ئەوەی کە لە شیعردا گرینگە ئەمڕۆیی بوونی شیعرە. ئەوە ژیانی دوێنێی مرۆڤ لەگەڵ ئەمڕۆیەتی کە شیعری دوێنی و ئەمڕۆ لەیەك جیا دەکاتەوە، بەم چەشنە لە غەزەلێکدا دەکرێ مەبەست گەلێك بگوترێ، کە ئەمڕۆیی بێ و شیعرێکی زۆر تازەش بێ، کەوابوو ئەوەی گرینگە، ماناو ناوەڕۆکی شیعرە، نەك فۆڕم و قالب.

ئەخەوان سالسیش لەسەر ئەو باوەڕەیە کە دەکرێ شاعیر لە قالبی چامەو غەزەلدا، شیعرێ بڵێ و ئەمڕۆیی و تازەش بێ. لە ڕوانگەی ئەخەوانەوە قالبی شیعری بۆ کەسانێ گرینگە کە هەموو شتێکیان قاڵبییە.

مەبەستمان لەم ئاماژانە، ئەوە بوو کە بڵێین غەزەل ئێستاش هەر زیندووە و زیندوو دەمێنێ و بەم زوانە قسەی لێ نابڕێ. وانییە کە هەر نووسراوەیەك بە غەزەل بکوترێ، کۆن بێ. ئەمڕۆ لە ئەدەبی فارس و کورد دا شەپۆلێکی تازەگەری لە غەزەلدا زۆر بەرچاوە. لە فارسەکاندا: سمین بێهبەهانی و قەزوە و قەیسەر ئەمین پوور و بەهمەنی و ..غەزەل

**بەشێوەیەکی تازەو ئەمڕۆیی دەنووسنەوە. لە ئەدەبی کوردیشدا ئەو تازەگەرییە لە زۆربەی غەزەلەکانی " ئەمین گەردیگلانی" و چەند شاعیرێکی دیکە بەرچاو دەکەون.**

**بەبۆنەی ئەو تازەگەرییە لە غەزەل و باری ئەمڕۆی شیعری کوردی و قسەکردن لەسەر شیعر، شاعیر و وەرگێر ئەمین گەردیگلانی-مان بۆ خوێنەرانی سابات هێناوەتە ئاخاوتن.**

**بۆ یەکەم پرسیار ، شیعر لە ڕوانگەی ئێوەوە بە چی دەگوترێ؟**

شیعر، ژیانە، ئەوینە، هەر کەسێ بەڕاستی و بە دڵێکی بێگەردەوە لەگەڵ شیعر تێکەوێ و گیرۆدەی دنیا خەیاڵاوییەکەی بێ، مەحاڵە بتوانێ وازی لێبێنێ و ئەو گراوە بێ فرووفێڵە لە بیر بەرێتەوە، ئەگەر زەمانێك بێ شاعیرێك لە شیعر گوتنیش دابڕێ، دیسان شیعر ناس و شیعر خوێنێکی بە تەواو مانا دەمێنێتەوە.

هەر کەسە تاریفێکی هەیە بۆ شیعر و لەوانەشە شیعر لە تاریف نەیە و کەس نەتوانێ پڕ بە پێستی خۆی بۆ وەدۆزێ. بەڵام بە بڕوای من شیعر، ڕاز و ئاوات و ئامانجێکی ئاشکراو و ونە. تراویلکەیەکی شیرین و خەون ئاساییە، کە مرۆڤی ئەویندار بە دوای خۆیدا دەکێشێ و جار لەگەڵ جار تینووتر و تامەزرۆتری دەکات و زۆر بە دەگمەن خۆی بەدەستەوە دەدا. شیعر دنیایەکی ڕەنگاو ڕەنگە. ئاوێنەیەکە هەموو شووچە تاریك و ئاواتە ونەکانی مرۆڤی تێدا شاردراوەتەوە، من خۆم عاشقی شیعرم و پێم وانییە سەعاتێك لە ژیانمدا هەبێ کە بیر لە شیعر نەکەمەوە. تەنانەت زۆربەی خەونەکانیشم هەر پڕن لە شیعر. لە خەونیشمدا شیعر دەنووسم و دەخوێنمەوە. بەڵام بە داخەوە خەونم لە بیر نامێنێ، دەنا ئەو شیعرانەی لە خەوندا دەیانڵێم پێموایە ئەوەندە خەیاڵاوین کە لە کاتی بە خەبەریدا ڕوەنگە نەتوانم شیعری ئاوا بنووسم. خۆزگە کەرەسەیەك دەبوو خەونەکانی مرۆڤ تۆمار بکات. بۆ وێنە ئەم دێرەشیعرە، دێری غەزەلێك بوو کاتێك لەخەو ڕاپەڕیم هەر ئەو دێرەم لە بیر مابوو:( کوڵمەکانی تۆ تابووتن بۆ ماچە کوژراوەکانم) کە دواتر لەسەر هەوای ئەو شیعرە ڕۆیشتم و ئەو دێرەش لە شیعری " مەرگی ئەوین" دا جێی خۆی کردەوە.

> **بە بڕوای من قاڵبی شیعری کێش و سەروادار لە زمانی کوردیدا لە قاڵبی شیعری ئازاد نوێترە.**

جا لەلای من شیعر، ژیانە، هەناسەیە، ئاوە، هەموو

شتێکم شیعره و رۆژێك لەگەڵ شیعر لێکجیا دەبینەوە کە مەرگ چۆك دابداتە سەر سنگم، بەڵام دڵنیام ئەو کاتیش رۆحم هەر لەناو شیعرەکانیشمدا دەمێنێتەوە. چونکە هەر شیعرێکم نووسیوە لەتێکم لە رۆح و هەناسەم تێوەداوە. ئەگەرچی هێندێك جار ناهومێدییەك لە خۆیەم دەپێچێ و دەڵێم باشە شیعر چ دەردێکی من و ئەو خەڵکە دەوا دەکا، وا من تەواوی ژیانم بۆ تەرخانکردووە؟ دەڵێم ئەگەر نەشیلێم و نەشمگوتبایە چدەبوو؟ بەڵام پێم وایە ئەم بیرە لای زۆربەی شاعیران و نووسەران هەیە و تێیان دەهاڵێ. کە پێموایە لەگەڵ ئەوەی ناهومێدییە سەدان هیوای لە خۆیدا کۆکردۆتەوە، ئەوەش هەر رەهەندێکی بیر کردنەوە لە شیعرو دنیا سەیرو سەمەرەکەیەتی.

**★ بەڕای ئێوە شیعری ئەمڕۆ بە گشتی و غەزەل بەتایبەتی دەبێ خاوەنی چ تایبەتمەندییەك بێ و چۆنی هەڵدەسەنگێنی.**

> من لایەنگری پەیام و وێنەم لە شیعردا و دەقی بێ پەیام بە کۆمەڵێ وشەی مردوو دەزانم

به بڕوای من شیعر دەبێ سەرەکیترین کەڵکەڵەو هەوڵی کێشەی زمان بێ، لە شیعری ئەمڕۆدا دەبێ دەوری بنەرەتی بگێڕێ، هەروەها زمانیش پێویستی بە شیعره و لە گەرووی شیعری دەرۆستەوە هەناسە دەکێشێ. جا شیعری ئەمرۆ جگە لە کێشەی زمان دەبێ رۆحی شیعریشی تێدابێ و ئاوێنەی باڵانوێنی خەم و ئازارو چارەرەشییەکانی مرۆڤی سەردەم بێ. شیعری ئەمڕۆ دەستلەملانی هەموو وشەیەك دەبێ و سنوور بۆ زمان دانانێ، وشەی جوان و وشەی ناحەز لە شیعری ئەمڕۆدا وەکوو یەك وان و هەموو وشەیەك دەتوانێ ریسالەتی خۆی لە دنیای ماناکانی خۆیدا ئاوێتەی رۆحی شیعر بکات و هەست بە بوونی خۆی بکا.

. هەرگیز ئەو شیعارە پووچەڵەی( مانا لە بێ مانایی دایە) بە لامەوە پەسەند نییەو پێشموایە بێژەری ئەو کۆمەڵە واژانەش غەیری خۆ فریودان و کاغەز و قەڵەم خەسارکردن و سیمای شیعر روشاندن و خۆ بە شیعر هەڵواسین هیچ ئەرکێکی دیکەیان نیە. دەقێك ئەگەر رۆحی شیعری تێدا بوو، لە هەر قالبێکدا بێ شیعرە، جا چ غەزەل بێ، چ شیعری نوێ بێ. لێرەدا کەوانەیەك دەکەمەوە: (نازانم تا کەنگێ دەبێ‌شیعری کۆن و نوێ‌خەریکی کیبێشەو ململانێی فۆڕم بن، شیعرێك کە لە زمانی فارسیدا تەمەنی بە ٦٠–٧٠ ساڵ گەیشتووە و لە ئەدەبیاتی کوردیشدا سەدان ساڵە بە شێوەی بەیت و حەیران و لاوك، خەڵك

هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا کردووە و زۆر سروشتیانە وەریانگرتووە و لای هیچ کەس نامۆ نەبووە، ئێستا دەیانهەوێ وەك شتێکی غەوارەو نامۆ بە خەڵکی بناسێنن و خوێنەری پێ چاوترسێن بکەن و لەگەڵ شیعری کێش و سەروادار بە زۆرانیان بدەن؟)

بە بڕوای من زمانی کوردی هێشتا لە بواری شیعری کێش و سەروادار مەیدانی بۆ قسەکردن زۆر ماوەو ئەگەر شاعیری بەتوانا هەبێ دەتوانێ زۆر بە ئاسانی لەو گۆرەپانەدا بای باڵی خۆی بدا. ئێمە وا چاکە کارمان بەسەر کەسەوە نەبێ و گوێ بە دەرو دراوسێ نەدەین، بێین لە سروشتی زمانەکەی خۆمان ورد بینەوە. گوێ بە ترپەی دڵی هەستەکانی خۆمانەوە بنێین، بزانین هەر بە راستی چمان دەوێ و دەمانهەوێ بڵێین چی؟ رۆح و هەناسەی زمانەکەمان و هەستەکەمان زیاتر لەگەڵ چی سازگارە؟ هەر شیعرێك کێش و سەروای هەبوو خێرا مۆری کۆن و بە قەولی هێندێ کەس کلاسیك بە نێو چاوانییەوە نەلکێنین. مۆدێرنیست و کلاسیك دوو قوتابخانەی جیاوازن و ئەم شتە رواڵەتییە نین کە هەر کەس هەستا بێ ئەوەی ئاشنایەتی لەگەڵ هیچ کام لەو قوتابخانە ئەدەبییانە هەبێ، وەك لاسایی کردنەوە و خووگرتن، یەکیان بکاتە شەیتان و ئەویتریان بکاتە فریشتە. یان بە قەولی بڕێ لایەنگرانی رواڵەتی بواری نوێخوازی کە دەڵێن : ( کاتی ئاوت پێدەدەن بۆ خواردنەوە، پێت خۆشە لە دەفرێکدا بێ، لە لیوانێکی کریستاڵ و چینیدا بێ یان لە قووتوە تەنەکە و سواڵەتدا؟)

ئەوە وتەیەکی جوانە و پێموایە ئەگەر نووسەر و شاعیر و هونەرمەند لا لە خۆی نەگرێ و بە چاویلکەی کەسانی دیکەوە سەیری دەوروبەری خۆی نەکا، ئەم کێشەیە خۆی لە خۆیدا حەلکراوە. ئەوە روانگەی خۆمانە ئەو شتەمان لەبەرچاو دزێو دەکا و رەنگە روانگەیەکی داسەپاویش بێ، چ کەسەکە بەسەر خۆیدا سەپاندبێ چ بەسەریاندا سەپاندبێ، تۆفیرێکی نییە. ئێمە دەبێ لەگەڵ رۆحی خۆمان ساغبینەوە، دەبێ لەگەڵ هەستی خۆمان یەکچاو بینەوە، زۆر رواڵەتی جوانمان هەیە لە ناخەوە دزێو و لاپرەسەنن، زۆر دوورکوژی نزیك خەساریشمان هەیە. جا بۆیە من تکا لە شاعیران دەکەم درۆ لەگەڵ هەستی خۆیان نەکەن، نامەوێ لایەنگیری لە غەزەل و شیعری کێش و سەروادار بکەم، بەلاّم پێموایە . بەشەرتێ غەزەل بێ و رۆحی شیعری تێدا بێ و بە چاوێکی ئەمڕۆییانەوە سەیری مرۆڤی ئەمڕۆ و خەم و ئاواتەکانیان بکا. ئەدەبیاتی ئەمرۆ

> **غەزەل لە زمانی کوردیدا هێشتا قسەی زۆر پێماوە بۆ گوتن**

ئیتر ئەدەبیاتی پاڕانەوەو لالأنەوەو مەرایی کردن نییە. شیعری ئەمڕۆ بە شاخ و باڵی کەسدا هەڵناڵێ و بت و خودای درۆیینە لەکەس داناتاشێ. شیعری ئەمڕۆ حەقیقەتە و شاعیری راستەقینەش داوەرانە سەیری ژان و خەم و شادی و نیازەکان دەکات. لە هەموو سەردەمێکدا کەسانێکی بە ناو شاعیر و بەلأم درۆزن و ریاباز هەر هەبوون و هەر دەشبن. ئەو کەسانە با ئێستا فێڵ لە خۆیان و لە هەستی خەڵکی بکەن، خۆ ناتوانن فێڵ لە مێژوو بکەن. بێژنگی مێژوو کونەکانی زۆر گەورەیە و خۆ هەڵمساندن و هەژگەڵك بەخۆوە بەستن چاری ئەو کونانە ناکات.

**خۆزگە بە جێی ئەو هەموو شاعیرە زۆرو بۆرە، چەند خوێنەری باشی شیعرمان ببوایە**

تایبەتمەندی شیعری ئەمرۆش بە بڕوای من ئەوەیە: شیعر دەبێ بە تەواوی مانا شیعر بێ بە چاوی ئەمڕۆوە سەیری جیهان بکات و بە سیپەلکی ئەمرۆوە هەناسە بکێشێ. من شیعری ئەمڕۆی کوردی لە پلەیەکی بەرز دا دەبینم و پێموایە لە چاو ساوابوونی هەنگاوی زۆر گەورەی هەڵێناوەتەوە، ئەگەر هەلْ و دەرفەتی بلأوبوونەوەو وەرگێڕانی بۆ سەر زمانەکانی دنیاشی بۆ بڕەخسابایە، دەماندی شیعرمان لە ئاستی ئەدەبیاتی جیهانی دایەو بەو تەمەنە کەمەیەوە شان لە شانی شیعری ئەمڕۆی فارس دەدا و سەرێکە لە نێو سەراندا.

**شیعر دەبێ چ قۆناغ گەلێك تێپەر کات، بۆ وەی شیعرێکی ئەمرۆیی بێت؟**

شیعر دەبێ لێدانی نەبزی ئەمڕۆ بێ، جا بە بڕوای من قالب گرینگ نیە و قالب دەقێك لە ناشیعر بوونەوە ناکاتە شیعرو بە پێچەوانەش. ئەوە رۆحی لە خەیاڵدا کولأوی شاعیرە دەقێك دەخولقێنێ و خولیایەکە کە لە نەستی شاعیردا مەییوە و لە پڕدا کفارە دەکات، شاعیری ئەمڕۆیی بەر لە نووسینی شیعرەکەی قەت بیر لەوە ناکاتەوە چی دەنووسێ. شیعری چاك ئەو شیعرەیە کە دەستی شاعیرەکەی دەگرێ و بە دوای خۆیدا ڕایدەکێشێ. تێپەڕکردنی قۆناخی شیعری بە لای منەوە مانای نیە. چونکە شیعرێك شیعر بێ و لە قوڵپی هەناوی سەردەمەوە هەڵقوڵیبێ و ریسالەتی شیعرانەی خۆی لەسەر شان بێ، لە هەر قالبێکدا بێ هەر شیعرە، شیعری ئەمرۆ ئیجازە، دنیای ئەمرۆ دنیای قسەو قسەلۆك و شێرو ڕێوی هێنانەوە نییە،شیعری

ئەمڕۆ بە کەمترین وشە دەبێ ئەرك و پەیامی خۆی راگەیەنێ. شیعری ئەمرۆ پارووی مانا بە دەمی کەسەوە ناکات، تەواوی پرسیارو ئاماژەیە، دەرمانی هیچ دەردێك لە شیعری ئەمرۆدا نادۆزرێتەوە و وەڵامی هیچ پرسیارێکیش. شیعری ئەمرۆ ئاوێنە بەندانە، ئاوێنەیەك کە جوانی وەك خۆی، ناحەزی وەك خۆی، زوڵم وەك خۆی و عەدالەت وەك خۆی نیشاندەدات. مرۆڤ و خەمەکانی و مرۆڤ و خولیاو ئاواتەکانی و.... وەك خۆیان نیشان دەدا. کەوابوو تێپەڕکردنی قۆناغ و گۆڕانی قالب و رووکار، شیعری ئەمڕۆیی بەدیناهێنێ. هەر شیعرێ شیعری زەمان بوو زیندووەو و شیعری ئەمرۆیە.

**زمان بە وشەی ناحەز و جوانەوە زمانەو شیعریش نابێ لە هیچ وشەیەك بیرینگێتەوە.**

زمانی شیعری ئەمرۆ چۆن دەبینن؟ لە زەعف و قووەتی شیعری ئەمرۆ بدوێن؟

-ئەگەر باس لە زمانی شیعری بکەم بە راشکاوی دەتوانم بڵێم شەست لە سەدی شیعری ئەمڕۆی کوردی لەگەڵ قەیرانی زمان بەرەو ڕوە. زۆربەی شاعیران هێشتا رۆحی زمانیان نەناسیوە و زۆر سەرپێی و رواڵەتی روانیویانەتە زمان. کەچی بەو حاڵەشەوە شات و شووت و لەخۆبایی بوون سەرتاپای داپۆشیون و رەخنەی ڕێزمانی بە رەخنەی سەلەفی دەزانن، سەیرە هەر کەس دەستی دا قەڵەم، ئاوقای شیعر دەبێ و هەر لە ڕێوە دەبێتە شاعیرێکی بە قەولی خۆی" هەژدە عەیار " و بە ڕبەی کەسی تر ناپێوێ. خۆزگە نەختێك بەزەییان بەو زمانەماندا بهاتبایەو رەنجی هەزارانساڵەی زمانەکەمانیان بە فیڕۆ نەدایە. سەیریشە شیعر کە گرانترین بوارە لە زماندا راست هەڵدەکوتنە سەر ئەو.

رەنگە ئەم قسەیە بەلای هەندێك کەسەوە تاڵ بێ، بەڵام هەر دەیکەم:" . هەڵبەت شاعیری باشیشمان هەیە، بەڵام هی خراپمان هێند زۆرە، باشەکانیان ون کردووە. خەڵکیان وا لە شیعر بێزار کردووە، تا نێوی شیعر دەبیستن بێزیان هەڵدەستێ، خەڵکێك کە خەموو ئاوات و ئەوین و سۆزەکانی خۆیان لە شیعردا دەدی و ئاشقی سەودا سەری شیعر بوون، ئێستا لە بەر چاویان کەوتووە و شیعر بە کۆمەڵێ وشەی پرووپووچ و بێتام دەزانن، کە رەنگە هەقیشیان بێ.

جا شاعیری فارسی خوێنی کوردی نەزانی ئێمەش بە لاسایی کردنەوەی شیعری فارسی — کە ئەوان خۆشیان لە قەیرانێکی رەشی شیعردا پەلەقاژەیانە- سەریان لە خۆیان شێواندووە.

تەواوی ئەو خراپ حاڵی بوونانەش دەگەڕێتەوە سەر وەرگێڕان و تێگەیشتنی خراپ لە شیعری ڕۆژئاوا. دەنا من پێموانییە شیعری ئەوان تا ئەو ڕادەیە بێتام و بێسەرەوبەرە بێ. هەروەك دەبینین زمانی کوردی ئیستیلاح و دەستەواژەی وای هەیە رەنگە هیچ کەس نەتوانێ وەریبگێڕێتە سەر زمانێکی دیکە، جا ئەو دەستەواژانە ئەگەر بە مانا قاموسییەکەی وەرگێڕین، دەبینین چەندە شتێکی سەیرو سەمەرە و بێ مانا و بێتامی لێدەردێ. وەك: **کەروێشکە کردن، گوێ مشکە بوون، دەسك لە دوونەکردن، چاو لە چاو هاتن، خۆ لە دەسك نان، پێ لێ هەڵبڕین** و... ئەم وشانە ڕەنگە ئێمەی کوردی فارسی زان یان ئاشنا بە زمانێکی تر بتوانین وەریبگێڕین، بەڵام هیچ کات فارس یان ئینگلیسیەکی کوردی فێربوو نازانێ مانای سەرەکی ئیستیلاحەکە چییەو هەر بە مانا قاموسییەکەی وەریدەگێڕێ. جا زمانە ڕۆژئاواییەکانیش هەزاران ئیستیلاح و دەستەواژەی وایان تێدایە کە وەرگێڕو خوێنەری کورد و فارس تێیناگەن و ڕەنگە تەنیا مانا قاموسییەکەی بزانن. بۆیە کاتێ شیعرە وەرگێڕاوەکانیان دەخوێنینەوە هێندێکیان هێندە بێ ماناو پووچن پێمان وایە شیعری ئەوان وایە، جا فارسەکان لاسایی ئەو پێچەوانە حاڵی بوونە دەکەنەوە و ئێمەش لاسایی فارسەکان دەکەینەوە. هیوادارم وەك زاری ئاشەکەی مامۆستا هەژارمان بەسەر نەیە!! ئەگەر لاسایی کردنەوە و زمان شێواندن ئاوا بڕواتە پێشێ، خودا دەزانێ داهاتووی شیعری کوردی بە کوێ دەگات و چ هەڵدێرو هەڵەمووتێك چاوەڕوانییەتی.

زمان درەختێکە کە وشە لق و گوڵاکانییەتی و شیعر دەبێ خۆی بداتە بەر تەواوی سێبەرەکەی و ئەگەر گەڵا و لقە خوراوەکانی بقرتێنی دارەکە نیوە ڕوتەڵ دەبێ و سێبەرە چڕو پڕەکەی نامینێ. کەوا بوو کاتێ وشەیەك بەسەر زاری خەڵکەوەیەو لە کاروباری ڕۆژانە و ژیانیاندا دەوری هەیە، بەشێ لە داری زمانەو دەتوانێ لە شیعریشدا متوربە بکرێت و گەشە بکات. هەر شتێك لە جێگای خۆیدا بمێنێتەوەو جووڵە نەکات بۆگەن دەبێ و هەلا هەلا. کەوابوو زمان و شیعر پێکەوە تێکەڵاوێکی ئەبەدین و بە بێ یەکتری ناژین.

هێندێ شاعیر هەن بەناوی زمان شکێنی و کار لە زمان کێشان بەڵایەکیان بەسەر زمان هێناوە، با بە دەواری شڕی نەکردووە. کە بە داخەوە ئەو تاقمە خراپ لە تازەبوونەوە و کارکردن بە زمان حاڵین و ئەو ڕێگەی گرتوویانەتە بەر بۆ تورکستانە، چونکە زمان بە دەستوورو ڕێزمانەوە زمانە، ئەگەر لەوە ترازا هیچە و هیچی پێناکرێ. وشە لەگەڵ هەموو زمانێك ئاوێتەو ئاوەکی دەبن و تێکهەڵدەشێلرێن. کەم وایە زمانێك بتوانێ تا هەتایە دەست بەسەر وشەیەکدا بگرێ و بڵێ مڵکی هەتا هەتاییمە.

وشە باڵدارەو لەوانەیە گوێسوانەی هەموو زمانێك بكاتە هێلانە، كەوابوو ئەوە ڕێزمانە كە ڕازی زیندووبوونی زمانی لە ناخدایە. ئەوانەی زمان و ڕێزمان دەشكێنن سەر لە خەڵك و رستەو وشە دەشێوێنن. خۆرەی زمانن، دەبێ بەربەرەكانییان لەگەڵ بكرێ و نەهێ لێن كالنیاوی ڕوون و زولاڵی زمان لێڵ و لێخن بكەن.

چونكە زمان شكاندن و كایەكردن بە زمان ئەوەنییە وا ئەوان دەیكەن. ئەو كارەی ئەوان دەیكەن و بە هونەری دەزاننو بە خەیاڵ ڕۆشنبیرانە هەڵسوكەوتی لەگەڵ دەكەن ئەوە نییە، جڵەوەكەڵەی بێستانە ئەو كارەی ئەوان، خۆزگە شاعیرەكانمان بەرپرسانە هەنگاویان هەڵێنایەتەوەو پارێزەری زمانە دەستەبەرەكەمان بوایەن، نەك ڕووخێنەری، زۆربەی لاوەكانیش بێ ئەزموونانە هەڵدەكوتنە سەر ئەو جۆرە نووسراوانە و هیچ دەلیل و بەڵگەیەكیان بۆ ئەو كارەیان نییە، رەنگە ئەو جۆرە نووسینە بە ئاسان بزانن. بەڵام دەبێ بزانن خانوو بەرەی بێ خەندەك و بناغە زوو دەڕووخێ. ئێمە هێشتا زۆربەی خەڵكەكەمان خوێندنەوەو نووسینی زمانی كوردی نازانن، ئایا بە دەرخوارددانی ئەو زمانە شكاو و لەق و لۆرە چەواشە نابن؟! وشەی جۆراو جۆر و وشەی غەوارە هەرچەند زۆریش بێتە نێو زمانەوە، زەبر لە زمان ناداو بەڵكو دەوڵەمەندیشی دەكا، ئەوەی خۆرەو ئافەتی زمانە، لەبەرچاو نەگرتنی ڕێزمانی راستەقینەو یەكگرتووە.

ئا: سابات



# مەلهەکانی جەنگ

عبدالستار احمد باغەمرەیی

جەستەم گەرمە
هەم لەگەرمی بەرەکانی شەڕو
هەم لە گەرمی ئەونامانە دەچێ
کەسەربازەکان بەر لەکوشتنیان دەینووسن
ئایینده:
پەڕینەوە لەگەڵ ئەوجەنگاوەرانەی
لەدەریای خوێن مەلەدەکەن
دەهۆڵی ئەوسرودانەیە
کە لەناو جەنگدا وەك ڕەشەبا هەڵدەکەن
کوشتنی ئەو کۆترانەیە
کە لەسەر بەرماڵی سپی نوێژ دەکەن..!؟
کە ژیان سەرتاپای جەنگ بێ
چەند بێ نرخە جوانی گوڵ
کە لەژێر تیر بارانی ڕقدا عەشق بکەین
چەند بەتاڵە جانتای دڵ

که لەژێر سێبەری مرۆڤدا زەوی ڕەشدەچێ
چەند ئارامیە خەوی ژێرگڵ...؟!

نائومیدیم ونکردنی تەعریفە بۆ ئایندە
نێوانی دوو ڕووباری یەئسە
بورانەوەیە لەبەردەم قاقای قەهر
بوونە هەڵمە بەدەم سەرابی ڕاستگۆ
ڕژانی فرمێسکە بەدەم گریانی درۆ
هەڵوەرینە بەدەم ڕەشەبای برینەوە
زەوی بەربوونەوەم ئاشکراکە ئەی جەنگ ..؟

شاخەکان فێری جەنگمان دەکەن
دۆڵەکان فێری بەرزبوونەوە و
درەختەکان فێری دروستکردنی سێدارە و
دووپشکەکان فێری چەك هەڵگرتن.
دەبین بە جەنگاوەر
تەنها بەجەنگ ڕەگی بەردەکان ئاو دەدەین
تەنها بەجەنگ دەنگی مێینەکان کپ دەکەین
که دەبینین مێرولەیەك هەنگاو بۆ پەیامی ژیان دەنێت
لەسەر دەنکە گەنمەکان ژەهر دەڕێژین
لەو کاتەی باڵندەیەك لەزەوی گوێبیستی هەرەشەکانی ئێمە دەبێت
دەیەوێ لە فەزا بمرێ
ماسیەك که بەڕاوچییەتی دەمانبینێت
پەلاماری کەنار دەدات
دەریایەك که بە بەربەستەکان دەخنکێندرێ
شەپۆلەکانی لە باسکە مەلە دەکەون
گەڵایەك که بەسەوزی هەڵدەورێ
نیگایەك نیە بەمەزلوومیەتی تەماشاکات.

ڕاستگۆیی ئێستامان پێدەڵێ:
کرێکارێك ترس لە تەوقەکردن دەکات
نەبادا قڵیشی دەستی ئازارمان دا
زستان بەفری سپی لەبیرچۆتەوە
نەبادا کەزی سپی ئازارەکان ئازاد بکەین
شاعیرێك گۆشەگیرە تەنها دەژی
نەبادا نەرمی قسەکانی جەنگمان لەبیرببەنەوە

لەچك لەسەردەکەین ئینجا بەرەو مەلهەکانی جەنگ دەڕۆین
دەستەوانە لەدەست دەکەین ئینجا دەست لە عەورەتی تفەنگەکان دەدەین
گۆرەوی لە قاچەکانمان هەڵدەکێشین ئینجا بەسەر تەرمەکان ڕادەکەین

لەنوێژدا دوعا بەرز دەکەینەوە
لەبەرزاییدا کۆتر دەکوژین
لەشەڕدا شمشێر هەڵدەکێشین
لە هودنەدا بوختانی پێدا هەڵ دەبەستین
لەزینداندا لە ئازادی دەدوێین
لەئازادیدا زیندان دروست دەکەین

گومڕایە ڕۆژ، تیشك بارانمان دەکات
شەریفە شەو، جەردەو پیاو کوژان لەباوەش دەگرێ
گومڕایە بولبول، بە چڵەکانەوە بۆمان دەخوێنێ
شەریفە درەخت، سێدارەو قەفەس دەگرێ

گیانەوەری گچکەمان خۆش دەوێ
کەچی غەدریان لێ دەکەین
ڕقمان لە دڕندەو شێرو پڵنگە

کەچی بەئازایەتیان هەڵدەلێین
مێروولەیەك دەکوژین
چاوەڕوانی تۆڵە نین
کەدڕندەیەك لە خەو دەکەین
کەچی هێما قەدەغە کراوەکان دادەکوتین
پاسەوان بەچوار دەورمان دەگرین

پێش ئەوەی منالێك پێکەنین بناسێ
یان دەبێ ئاسمان پێکەنین قوتدا
یان دەبێ زەوی هەڵیمژێ
پێش ئەوەی دەریا فرمێسك وشك کا
دەبێ لە لوولەی تفەنگەکانەوە گریان بکوژرێ
پێش ئەوەی جەنگ هەڵگیرسێ
دەبێ ببین بە قوربانی
پێش ئەوەی جەهەنەم داگیرسێندرێ
دەبێ ببین بەسوتەمەنی
پێش ئەوەی ئاگر گڕمان تێبەردا
دەبێ ببین بە خۆڵە مێش
پێش ئەوەی عەشق بکەین
دەبێ بەڕەبەنی بمرین
پێش ئەوەی مردنمان بمانکوژێ
دەبێ بە مردویی بکوژرێین
پێش ئەوەی بماننێنە قەبر
دەبێ قەبر هەڵکەنین
دەبێ مردوەکان هەڵبستنەوە
کفنە سپیەکانیان هەڵکەن بۆتەسلیم بوونەوە بە
(جەنگ)


# منم شاعیری ژنانی چاوەڕوان

**یوونس ڕەزایی**

**پیاوتر لە دار... بە ریشاژۆی پەنجەرەتدا... ڕووناك**
**راكشاوتر لە شەقام...بە ئاژاوەی چاوت دا...تاریك**
**عاشق تر لە هەور... بە تەنیاییت دا.**

**منم پیاوی عاشقی راكشاو...لەو دێرەدا كە شیعرە**
**منم پەنجەرەی ئاژاوە...لەو عیشقەدا كە تەنیا**
**منم شاعیری تەنیایی هەور...**
**لەو ئاژاوەی شەقامەدا...كە ڕووناك**

**بخوێنەوە سێ شێعری من كە پێكەوە هەورانە بە سەرتانا...**
**بنووسنەوە سێ دێری دوایی ئەوین... كە سپی سپی چاوەڕوان**
**ئێوەن پیاوانی راكشاو لە سێ شێعری ناتەواوی عاشقێك دا...**
**١**
**شین تر لە جوامێری باران**
**بەهارانە لە ئامێزم دا دارستان**
**ئەی شێعری سەرەتای ئاژاوە**
**بنووسرێوە بە رووحمدا**



تەنانەت ئەگەر سەروایەك بۆ تەنیاییم
دێرێك بۆ سەرەتام.
بارانی جوامێری ئامێزم
سەروایەك بۆ سەرەتات
دێرێك بۆ هەمووت
ئەی ناتەواوتر شێعر / ماڵئاوا
٢
سپی تر لە جەسارەتی ئاو
کە هەور
چیها گەلا ئەچرێ بۆ چرکەیەك تەمەن
تا ناتەواوی جوامێری سەروایەك
کە تەمەنی جەسارەتی شەقام...
منم شاعیری ژنانی چاوەڕوان.
٣
سوورتر لە میهرەبانی ئاژاوە
چۆڕانەوەی تەنیایی وشەی تاریکیم
وەك سەوای بولێلی ترس.
ریشاژۆی پیاوێك بە تەنیایی دا بچرە
راکشاوتر لە وشە... تا ئاژاوە..
-------------------.
کتێبەکان جوانیت بوەڕن یا رووناك
سەگەکان پاکیت بوەڕن یا بەهار
پاسەوانەکان _ بوەستنەوە بە چرا راهنومای چاوی ڕەشتەوە..
بە لەشتەوە
شووشەکان ساتێ ناسکتر بە چاوەوە
جیهان زەمانێ لە چکۆلە بوونەوەدا.



پاسەوانەکان دەوەڕن بە شووشەکانی _پاك
کە هەر ئەودیوی جوانییان
لە هەناودا خەزانە

سەگەکان جوانیت دەوەڕن بە تەنیا
کە تێر نابێ زەمانێ لە خودایەك
کە بەردەوام بە موعجیزەی جوانی یەوە
یەزدان و
سەما...

کتێبەکان بە لەشتەوە دەستپێدەکەن و
نووسراو
کە خوێندنەوەی کتێبێك لە هەمیشە
هەمیشە هەر تێنوێتیم دنە دەدا و
سووتان
سەگەکانم بە کتێبی پاسەوانێکەوە دەمرێنم
کە شووشەکانی چاوت ترساوە
لە_ وەڕینی دژواریم.

# ڕۆشنایی قەدەرێکی نامۆ

عەلی مستەفا نجم الدین

قەدەر شەڕابی شەقبووی
لەودیو پەڕەکانی گوڵ، بۆنی خۆشەویستی دێ
لەگەڵ یەکەم وەرینی پەڕەکانی گوڵ،
قەدەر شەڕابی خەمی پێبەخشیم.
پەنجەکانم ئالأندە دار عەسای پیرێکی نوورانی،
سەرم هەڵگرت بۆ ماڵی خوا،
دڵۆپە دەسنوێژەکانی وشك نابنەوە.
چ ڕۆژگارێکی نامۆیە!
هەر پەپوولەکانی ئەوینن
شیعر لە گەلأڕێزانییەکان دەهۆننەوە،
ماچیان لە غوربەت گەرەکە.
پەپوولەکانی ئەوینن
بە سەهۆڵبەندی تەمەنم پێدەکەنن و
شیعری سەمای لێ دەنووسنەوە.
ئەی خودا
لێرەم لەنێو شەپۆڵەکانی حەزین و
ساتەکان بە مەرگم پێکەنینیان دێ.
ئەی خودا
کزێك لە شێنەیی شنەی ئارامی و ئاسوودەییم دەرێ
ئەی خودا
کە سەر بۆتە ماکی تەمەن و



برینی نامۆیی چەندین ساڵەی حەسرەتییەکانی تەمەن قوڵتر دەکات.
ئەی خودا
خەونەکانم گەلێك بوونەو
زەڕەیەکیش بۆم نەهاتوونەتە بەر چەتری حەزو ئازارەکانم.
بەهار وەرزی بەختەوەری ئەودیو ئازارەکانی من،
ئاگام لێتە
شنەت بەسەر کۆشك و ساباتە مەستەکان دا
کەروێشکە دەکات و
بەختەوەرییان بەتینتر دەبێ.
چەند ئازارێکی گەورەیە
کە ساتەکانی ئازار لە ئازار هەڵدەکێشرێن و
بۆتە تەسبیحەکەی خاڵە سۆفی
دانە بەدوای دانە دەدات.
چەند ئازارێکی وەیشوومە
کە لێرەم و
بە ڕەنگی ئەرخەوانی لەنێو کۆڕی یاران دا گوزەر دەکەم.
ئەی خودا
دەبا هەڵبێ خۆری بەختەوەری ودانە بە دانەی ئازارەکانیش بپچڕێنەوە
ئەی خودا....

.٢٠٠٣ ئارمەوان.

# لە ژێر قەراوێڵەکەمدا پیاسە دەکەم

## کورتەی بەسەرهات و چەند شیعرێکی شاعیری گەورەی بەرەچەڵەك کوردی تورکیا ئەحمەد عارف ١٩٢٧- ١٩٩١)

**عەلی دەسماڵی**

**وەرگێرانی ئەم شیعرانە بۆ ئەو بەفرەی کە نامەویٚ بتوێتەوە.**

یەکەم جارکە گوێم لە شریتی شیعرەکانی " ئەحمەد عارف" گرت و دەنگی ئەو شاعیرە ئازار چەشتووەم هاتە بەرگویٚ، سەرەڕای ئەوەی هێشتا زاڵبوونێکی وام بەسەر زمانی تورکیدا نەبوو، ئەوەندە هەستم بە سەمیمەت و ئاشنایی کرد، وەك بڵێن گوێم لە قسەی پیرە پیاوێکی کورد گرتبیٚ، یان سۆفییەکی لادیٚ نشین کە لە ژێر لێفی خۆرەتاودانیشتبیٚ و بە تەزبیحەکەی یاری بکات وبەسەرهاتی جەحێڵی خۆی بۆ منی لاو بگێڕێتەوە. دواتر کە توانیم زۆرتر بچمە ناخی شیعرەکانییەوە، دیتم بەراستی"ئەحمەد" شیعری تورکی بە زمانی کوردی نووسیوە.!

دیارەئەم پرسە بابەتێکی هەستیارو بەربلاوە و پیاو ناتوانیٚ بە هاسانی خۆی لێبدات، نەدەکریٚ بەسادەیی کەسێك تاوانبار بکەین بەوەی کە بۆچی بە زمانی زگماکی خۆی نەینووسیوە، نە دەشتوانین پاکانە بۆ کەس بکەین کە مافی خۆیەتی بە زمانێکی تر بنوسیٚ یان نا. رەنگە هەر ئەوباسە بیٚ کە پێشتر بۆ سەلیم بەرەکات و محەمەدی قازی و ئیبراهیم یوونسی و یاشار کەمال هاتۆتە ئاراوە. لێرەدا بە بیٚ ئەوەی بە پێویستی بزانم پۆ بەو باسەوە بدەم دەمەویٚ ئاماژە بەو ڕاستییە بکەم کە بەراستی خۆی لە خۆیدا ئاگاداریی ئێمە وەك نووسەر و خوێنەر سەبارەت بە هەلٚ و مەرجی ژیانی کۆمەلایەتی و چاندی تورکیا و کوردستانی ئەویٚ لەو ڕادەیە

نییە کە بتوانین بە سانایی نوسەرانی ئەوێ بەوە تاوانبار بکەین کە بۆچی بە کوردی نەیاننوسی؟ بۆ خۆم پێم خۆشە زۆرتر لە روانگەو وێستگەیەکی جوانیناسانەوە نزیکی بابەتەکە ببمەوەو بیر لەوە بکەمەوە کە ئەگەر ئەم شیعرانە جێگەیەکی قورس و قایمیان لە ئەدەبی هاوچەرخی تورکیدا هەیەو هەتا ئێستا زیاتر لە ٣٠ جار وەك کتێب و نامیلکە لە چاپدراون، شیاوی ئەوەش هیە کە بەرامەکەی لێرەشدا هەست پێبکرێت، تەنانەت ئەگەر بە وەرگێران و بە هەڵبژێردراوی بێت.

ئەحمەد عارف، شاعیری مەزن لە ساڵی ١٩٢٧ ی زایینی لە گوندێکی سەر بە دیاربەکر یان بە وتەی کوردەکان" ئامەد" ناوەندی کوردستانی تورکیا هاتۆتە دنیاوە. لە ئەنقەرە بەشی زمان و جوغرافیا و مێژووی تەواو کردووە و لە چالاکترین خوێندکارانی زانکۆکانی ئەو کاتەی ئەنقەرە بووە کە لە ژێر کاریگەری بزاڤی خوێندکارانی ئەوروپاییدا وەك شەپۆلێکی رەخنەگر لەبەرامبەر زۆرداری سیاسەتی رژێمدا رادەوەستان و خەباتیان دەکرد. هەر لەو دارو بارەدا ئەحمەد دژ بە یاسای ١٤١ کە بزاڤی خوێندکاری سەرکوت دەکرد و بەرامبەری سنوورە سەپێنراوەکانی دەزگای سیخوڕی "میت" ی دەکردنەوەو راوەستاو خرایە زیندان. دوای دوو ساڵ ئازاد کرا و هەر لە یەکەم رۆژی بەربوونیدا دەستی بە خەبات کردەوە، رژێم جارێکی تر دەسگیری کرد و ئەمجارە بۆ ٤ ساڵ خرایە زیندان. دوای ئازادبوون لە ئەنقەرە چالاکانە دەستی بە خەباتی رۆژنامەگەری و شاعیری کرد. ئەحمەد عارف تەنیا یەك کۆمەڵە شیعری هەیە بەناوی" لە حەسرەتی تۆدا..." کە هەتا ئێستا زیاتر لە ٣٠ جار لە چاپدراوەتەوەو کۆمەڵە شیعرەکانی تافی لاویەتی تا ١٩٦٨ لەخۆدەگرێت. دوای ئەوە ناوبراو شیعری بڵاونەکردەوەو کەس نازانێ تا ساڵی ١٩٩١ کە کۆچی دوایی کرد شیعری تازەی نووسی یان نەء



**ئێوارە زوو دادێ بەسەر بەندیخانەدا**



ئێوارە زوو دادێ،

بەسەر بەندیخانەدا.

ئەگەر ئەژدیهاش بیت سوودی نییە.

چەندە شەڕکەر بیت،

چەندە بوێر و جەرگ هەڵدڕ،

دیسان بێ سوودە گیانە،

هێور هێور

لە دەروونەوە داتدەگرێ،

دەتبا بەرەو تامەزرۆ.

ئێوارە زوو دادێ

بەسەر بەندیخانەدا،

لە حەوت دەرگاوە

بە حەوت باسکی پۆڵاوە دێ.

باخچەی نێو حەسار

گریاناوی دەبێ لەناکاو.

روو بە ڕووت،

لە بن دیواردا

سێ لقی سەفای شەوگار،

سێ بەرامەی هەراج کراوی گوڵ.

ئەوانیش لەم ئەوینە ترسبارەدان،

هەوری ئاسمان و

لقی دار شێلانە.

دەرس دەکەن بە حەبس کردن.

بێتاقەتی لە تاریکیدا.

کابرایەك، گۆرانیی" بووکی کوردان" دەڵێ،

ئەمن بەڵام لەژێر قەراوێڵەکەمدا، خەریکی پیاسەم!

هەر لە خەیاڵی مەحاڵەکاندام.

ئەو شتانەی کە قەت نایەنەدی.

پێکەنین، منداڵانە، گێلانە

پێیاندەڵێم:

" رووت و قووت لە بازنەی شەڕێکدا

بە دۆستی یان بە دوژمنی

گەر لێ بدرێم، گەر بکوژرێم،

دەمەوێ پیاوانە بمرم."

کەچی ئەوەشم چنگ ناکەوێت.

هەموو شتێ لە زاری چەکدا دەرباز ئەبێ.

یاساوڵی شەو

دەست بە گەڕان دەکەن.

بە تامەزرۆ دایدەگیرسێنم شقارتەکەم.

ئەوەڵ نەفەس سیگارەکەم هەڵدەبێ.

مژێکی وای لێدەدەم، خۆ کوژانە

دەزانم دەڵێی:"تۆ

بەڵام بڕوا بکە ئێوارە زوو دادێ

بوسور بەندیخانەدا

کەچی لەو لای میلەکان، بەهارێك ڕاوەستاوە

ژیکەڵانە، خوێنگەرم

خۆشم دەوێی

شێتانە، شێتانە.

عەشقت....

عەشقت بە جێینەهێشتم،

برسی مامەوە،

بێ ئاو مامەوە

لە تاریکایی خائینی شەودا.

گیان غەریب،

ئازای ئەنام بێدەنگ

جەستە ئە نجن،

دەس بە کەلەبچە،

بێ خەو

بێ توتون مامەوە،

عەشقت بەلاّم

بە جێی نەهێشتم.

ئەوەی لە بیرم نەکردووی!

لە تەنیاییم دا،

ئەتۆ دەکرایەوە،

شین و سەوز

دەکرایەوە،

خوێنی کەروێشك ڕوون و خەناوی،

ئازارەکان دەدۆڕاند،

ڕۆیشتن،

لە چاوانی تۆدا

نووستن بە حە پس کراوی،

لە کوێن چاوەکانت

" هەبوون یا نەبوون" نییە،

گەورە ئازار،

بێچارەیی مانە لە بەرامبەر تێگەیشتن

هەرەسێك وا کەس ڕایناوەستێنێ،

هاتنی بێ بڕانەوە.

نۆشین،

لە چاوانی تۆدا

نۆشینەوەی رووناکی مانگت.

هەبوون،

لە چاوانی تۆدا هەبوون لە کاتی ئاویلکەدا،

لە کوێن چاوەکانت

لە شاراوەیی گیانم ئەتۆش گیانێك بووی

کە خوێن نەبوو عەشقەکەمان

دەنا دەڕژایە نێو شەوگارەوە.

کە جەللاد کەمەند توند دەکات.

بیستن،

لە چاوانی تۆدا بیستنی سێدارەکان.

بێدەنگی،

لە چاوانی تۆدا بێدەنگ بوون

بە وێنەی ئوستوورەیەك

لە کوێن چاوەکانت؟

بێدەنگ

بێدەنگ،

با کەس نەزانێ، دەمرم ها.

راچڵەکام لە نیوە شەوا

دوای بارانێکی سەوز، ...

سەوز دادەبارێ.

لە هەرە دووردا،

لەو ئەستێرە بێ ناو و بێکەس و هەڵدڕاوانەدا، دەژنەڤی

ئوستورەیەك دادەبەزێ خۆی لە خۆیدا

پێدەشتێك، مەزرایەك، پردێکی سەوز.

سەرەتا دەڵێ من بووم و پاشان

دەڵێ منم...

بێ مەرگ، جوان و خۆراگر

شهودەکەی دێ و تەواوی کەون

لێوانلێو دەکا

بێکاری زانراو و نەزانراو

ئێستاکە گیانی من وتۆڤەکانی من لە ئامێز ئەگرێت

بــه زریانەکانیــەوە ســەوز ســەوز لــه بــاوەش
ئەگرێت

خەون, تەواوی ئەو شتانەی ئازاریانم دیتوە

خەون, کینی من

خەون, زیندان

دیتت چلۆن ساڵەکانی دۆزییەوە

ماجەرام بە قەت شیعرێکە،

ئێمەی نەزان چلۆن یەکترمان دۆزییەوە

چلۆن فێرە خۆشەویستی بووین؟

دوو پل حەسرەت

دوو پل گیان،

هەڵدڕا ئەو جەرگەی کە دەبوایە هەڵدڕێ

لە فێنکایی پەلکە زێڕینەدا دەگری.

لە شڵەقاندنی ئاوێکی خنکاودا،

سەوز سەوزدەگری.

لـــــــه خوارەکانیـــــــــدا گـــــــوڵی ســـــــــەوز بـــــــــه هـــــــــەوادا چـــــــووە

زاری هەموو چەکێك بێدەنگە...

چیا بێدەنگە...

زەریا بێدەنگە...

دونیا هێور هێور

خەونەکان قووڵ

مار ئاو دەهێنێ بە بێچووەکانی.

ژنی قسر ، کچێکی مەویستی هێناوە دونیا.

مەکەکانی بە پیت و فینکن

سەوز دەنوێنن سەوز،

بە نیوە شەو ڕاچڵەکام،

" نیرۆن" روومەتێکی گڵاو لە کتێبی منداڵان و

" سەرزار" یش وێرانەی ناوێکە،

بەڵام خە نجەر هێشتاکە شەڕ خوازا

لە کوێیە تەواوی گۆگردەکە پێی دا پۆشرابووی

.( بەشێك لە شیعرێکی درێژ)

# منالە کوێرەکە

**شیعری: کولی سیبەر**

**و: زیوەر ئەنوەر**

**ئاخ**
**دە پێم بلێن**
**ئەو شتەی من**
**لێی بێ بەشم چییە؟**
**ڕوناکی**
**بینین**
**داوای منالێکی کوێری**
**داماوە**
**بینراوەکانی بۆ باس بکەن.**
**ڕاستە خۆر**
**بە ڕۆناکی و تیشك هەڵدێ**
**هەست بە گەرمییەکەی دەکەم**
**چۆن دەتوانی شەو و ڕۆژ**
**دروست بکا؟**
**من شەو و ڕۆژ دروست دەکەم**
**شەو کاتی نوستن**
**رۆژ کاتی یاریی**

**ئەگەر توانیم هەر بێدار بم**
**تەنیا ڕۆژم دەناسی**

**کاتێك بەزەییتان بە بەدبەختیم دێتەوە**
**خەمبار دەبم**
**ئارام دەگرم**
**لەو ژیانەی هەرگیز نازانم چۆنە**
**داوای مەحاڵم بۆ مەکەن**
**هەرچەندە مناڵێکی هەژاری کوێرم**
**گۆرانی دەڵێم**
**من پاشامە.**

**سەرچاوە:**
**مئة قصيدة من الشعر الانكليزي**
**ترجمة: د. رزوق فرج**
**بغداد ١٩٧٨**

**كچە چیرۆكنووسی عێراقی**

**ئامینە ئەلزەهەبی:**



# دژی ڕەوتی نووسینی سووریالیم كە سیمایەكی دیاری نووسەرانی نەوەی منە.

*** چۆن بوو خۆت لە نێو كورتە چیرۆك دۆزییەوە؟**

كورتە چیرۆك هاوشێوەی منە، یان راستتر من هاوشێوەی ئەوم، نازانم كاممان بەوی تر دەچین، بەلاّم هەردووكمان ئافرەتین، لە كاتێكدا هیچ شوێنێك بۆ ئافرەت نییە، خۆشم دەوێت، نەك لەبەر ئەوەی كورتە، بەڵكو وەك رۆژگارمان خێرایە، وەك شادییەكانمان. خۆم لەر چیرۆكێك دەدۆزمەوە كە دەینوسم و هەر جارەی بیخوێنمەوە، لە خوێندنەوەكەی پێشووترم جیاوازە و هەر رۆژێكیش هەمان چیرۆك لەو ڕۆژەی پێشوو بە جیاواز دەبینم. وەك خۆم نازانم من نوێگەرم یان رارام ، یاخود وەك هەڵوێستە گۆڕاوەكانی دەورووبەرم. سالاّنێك تێپەڕی من هەر بۆ خۆم دەنووسی، حەزم نەدەكرد كەسی تر بیخوێنێتەوە، لەبەر ئەوەی هەستم دەكرد ئەم چیرۆكانە بەشێكن لە جەستەم و لە ژیانی رۆژانەم، چیرۆك خۆی

**چیرۆك شێوازێكی عەرەبییە، بەڵام كورتە چیرۆك شێوازێكی رۆژئاواییە، بە هەموو وردەكارییەوە**

لە خۆیدا بۆ من ژیانی تایبەتیمە، نازانم چی وای لە من كرد، لە تاوێك بیخەمە بەردەم خەڵك، كە چیرۆكی – قەڵەمی رەساس– م بڵاوكردەوە، وام هەستكرد وەك ئەو كەسەی لە بەردەم خەڵك خۆی ڕووت دەكات، بەڵام ماوەیەكی تر واملێهات كەوا نەنووسم تەنیا بۆ ئەوە نەبێت كە خەڵك بیخوێنێتەوە، چوون من دڵنەواییەكم لە خوێنەران بەدی كرد كە چیرۆكەكانم دەخوێننەوە لە ئێش و ئازاری نێوەڕكەكانیان دەگەن.

*** مەبەستت لە( پرد) چییە، كە لە چیرۆكەكانت زۆر دوبارە دەبنەوە؟**

– پەیوەندی نێوان ناوەڕۆك و وشەكان تەواو دەبێت لە دوای ئەوەی نووسەر لەسەر كاغەزی تۆمار دەكات وكاتێكیش بۆ یەكەم جار خوێنەر چاوی پێدەكەوێت بە تەواوی پەیوەندی لێ دەپچڕێت . من مافم داوەتە خوێنەر كە لە وشەكانم بگات و بە ویستی خۆی لێكی بداتەوە و



یاخود ئەو حوكمەی لەسەری دەردەچێت و بەسەر چیرۆكەكانم دەیسەپێنێ. سەرەڕای ئەوەش شتێكت سەبارەت بە پرد ەكە پێڕادەگەیەنم: جارێكیان ئەو پردە وەك خوێنەر یا وەك نووسەر دەبینم ، كاتێك ئەو پردە بەسەر زمانم دا دێت هەستدەكەم ئەو پردە لە نێوان هەست و بەرجەستە بوون دایە، بەڵام كاتێك دەینووسم پردی ( جمهوریە و رەسافیە) ئەو دوو پردە عێراقییەی كە رۆژانە لە ژێر نمە بارانی زستانی بەغداد لە سەری دەپەرمەوە ، خۆشم دەوێن وەك دایكم و داپیرەم و خۆشەویستم... هەر كە لە پردەكە دەپەڕمەوە هەستدەكەم ئەو خۆشەویستیم لەگەڵ دەكات و كاتێك كەوتە ژێر پێی

بێگانان هەستم کرد ئەو داوای فریاکەوتن دەکات.

کاکە ئاخر دەزانی کەوا پردەکان هەست و سۆزیان هەیە، هەندێك پیَ‌ی خۆشدەوێت و ڕقی لە پێی تر دەبێت،!! تەنیا پردەکان توانایان بۆ خۆشەویستی و ناسینی پێیەکان هەیە، هەندیَ خەسڵەتی هاوبەشم لەگەڵ پرد هەیە، وەك ئەوەی هەردووکمان توانای ئارامگرتنمان هەیە بۆ ئەوەی لە ژێر باران بین، خەسڵەتەکانی تر بۆ خوێنەران جێدێڵم.... بەڵام تۆ بە منت نەگوت کاتێك لەسەر پرد دەپەڕیتەوە هەست بە چی ناکەیت؟!! بەڵام یەکەمجار تۆ پێم بلیَ هەست بە چی دەکەیت کاتێك لە پرد دەپەڕیتەوە؟؟ ئەگەر ئەوە ئەنجام دەدەیت ئەوا تەحەدات دەکەم کە لەسەر پردێك جارێك یا دوو جار یا دەیان جار بپەڕیتەوە، بە بیَ ئەوەی پەیوەستییەکت هەبێت بە پرد بتبەستێتەوە.

*** هۆکاری ئەو ڕەشبینییەت چییە لە سەرجەمی چیرۆکەکانت؟**

ڕەشبینی؟!! سەیرە ئەو ڕەشبینییەت لە کویَ هێنا؟ ئەگەر ئەو خەمانەی نێو چیرۆکەکانم بە ڕەشبینی ناو بنێیت ئەوا کارەساتە... هەموو ئەوانەی ڕەخنەیان لە سەر چیرۆکەکانم نووسیوە، وەك د. حسین سەرمك و کریم گەیلانی و د. عقیل مهدی بە پێچەوانەی ئەوە ئاماژەیان کردووە. ئەو کۆمەڵە چیرۆکەی کە مۆرکی خەمناکی پێوە دیارە، ئەوا لە هەناوی ڕووداوێك و ئەزموونێکە کە پڕە لە خەم، ئاخر چۆن شادی دێت شەقامەکان و پردەکانمان لەژێر زنجیر دارەکان دەناڵێن و دەیانەوێت یادگاری منداڵیمان لە ناو ببەن و درەختەکان لە باخەکانی ژوانگەی دڵداران دەبڕن تا نەبێتە مۆڵگەیەك بۆ تیرۆریستان، چۆن خەمناك نابم ڕۆژانە بە مردنی خۆشەویستێك رادەچڵەکێم، کە ژمارەی خۆشەویستانم ڕۆژ بە ڕۆژ ڕووی لە کەمبوون دەکات، ئەوەی نەشکوژرێت ئەوا ترس و تۆقین گەماڕۆی داوە... دەربازبوون لەم خەمە چۆنە، لە هەر شەش لا گەماڕۆی داوین و بە تێلدڕ ئەو ناوەیان تەنیوە، ناتوانم لەسەر ئەم خەمانە بم، بەڵام دەبێت دەربازبوونێك هەبێت کە لەم چیرۆکانەم دۆزییەوە، بەڵام ڕەشبینی ڕێگای بۆ من

**بیرم لەوە نەکردۆتەوە کە واز لە نووسینەوەی خەم بێنم**

نەدۆزیتەوە، ئەگەر لە كونی دەرگا لێم بێتە ژوورەوە، ئەوا كۆتایی بە ژیانی خۆم دێنم هەرچەندە من تەواو دڵنیام كە دەرگاكانم دەزانن چۆن بەرگری رەشبینی دەكەن.

*** وەك گەنجێك توانیت ئێش و ئازار و داواكاری نەوەت بگەیەنێتە كەسانی تر؟**

– كێ دەڵێت من گەنجم؟ تەمەنی من ئێستا سەدو بیست ساڵە، داپیرەم كاتێك كۆچی دوایی كرد تەمەنی نەوەد ساڵ بوو منیش سی ساڵ، ئەو تەمەنەی بەخشی بە من كە ئەمەش بە مانای چەندین ساڵان لە خەم و خەفەت دێت، كە خەم وەك چیا لە لام كەڵەكە بووە!!! بۆیە هیچ چیرۆكێك دەدۆزییەوە كە هەڵگری ئەو هەموو خەم و خەفەت و ئازارە بێت كە قابیلی دابەشبوون نەبێت تەنیا وەك میراتێكی یەك بەشی كە بۆ من گواستراوەتەوە! بەرامبەریش چ نەوەیەكە كە چیرۆكی بگاتێ؟ لەبەر ئەوەی خۆیان چیرۆكن؟ لە جەنگێك بۆ جەنگێك لە خەمێك بۆ خەمێكی تر ، كەمن هەوڵ دەدەم بەڵام هەندێ جار سەردەكەوم و هەندێ جاریش هەرەس دێنم، بەڵام بیرم لەوە نەكردۆتەوە كە واز لە نووسینەوەی خەم بێنم. دەزانی ئەو گۆرانییانەی كە ئاوازو ناوەڕۆكیان خەمناكییە ئەوانیش نەوەیەكن.... گوێبیستی نابم، لەبەرئەوەی ئێمە لە نێو خەم دەژین و دەینووسینەوەو دەخوێنین و دواتر گوێبیستی دەبین، بۆچی دەژین؟ دەبێت بە دوای شادی بگەڕێین، دەبێت بەرد بتاشین و شادی لە نێویدا دەربخەین، ئەگەر سەرابێكیش بوو ئەوا ڕۆژگاری خۆمان پێ دەستنیشان دەكەین.

*** ئایا سیمای تایبەت لە نێوان چیرۆكی لاوان و پێشەنگەكان هەیەو ئەو جیاوازییانەی نێوانیان چین؟**

– بێگومان وەك ئاماژەم پێدا چیرۆك رەنگدانەوەی قۆناغێكە خاڵی لێكچوونیشی بە لێكچونی قۆناغەكانی چیانی ئێمەی عێراقی دەچێت كە وایكردوە نەوەكانی نووسەر و رۆماننوس بگرە شاعیرانیش لێكبچێت بە ڕادەیەك كە جیاوازی لە ڕێگاكانی دەربڕین و هەڵبژاردنی زاراوەكان بەدەر دەكەوێت، نەوەی حەفتاكان مەبەستم ئەوانەی لە حەفتاكان نووسینیان هەبووە، لە زەمەنێك دا ژیاون كە زاراوەی جوان و شێوازی ڕۆمانسی و شێوازی چیرۆكخوان زاڵ بووە بە سەریان و بەڵام ئەمڕۆ لەوانەیە قوتابخانەی فەلسەفی لەسەر گوفتار و هەڵسوكەوتمان

> **من و كورتە چیرۆك هاوشێوەی یەكترین و هەردووكمان ئافرەتین.**

**زاڵبێت، ئەمەش لە دەرەنجامی ئەو داگیرکارییە ڕۆشنبیرییی کە وایکردوە نووسەران بکەونە ژێر کاریگەری ئەدەبی ڕۆژئاوا و وەرگێڕانیش ڕێگا خۆشکەر بوو بۆ ئەو ڕەوتەو گرنگیدانی نووسەرانیش بە زمانە ئەدەبییەکان و لەوانەشە تێکەڵاوبوونیان بە کۆمەڵگای ڕۆژئاوا.**

**هەرچەندە چیرۆك شێوازێکی عەرەبییە ئەمەش لە کەس شاراوە نییە، لە دورگەی عەرەبی لە دایك بووەو بە قورئانی پیرۆز بەهێز بوو کە بە شەقڵێکی چیرۆکی هاتە نێو ژیانی عەرەبان، بەڵام کورتە چیرۆك شێوازێکی ڕۆژئاواییە، بە هەموو وردەکارییەوە، کە ژیانی ئەوان شەقڵێکی خێراو پەلەکردنێکی پێوە دیارە، بەڵام ئێمەی ڕۆژهەڵاتیش داهێنانی خۆمان بۆی زیادکرد، من وەکو ڕایەکی خۆم دژی ڕەوتی نووسینی سووریالیم، کە شەقڵ و سیمایەکی دیاری نووسەرانی نەوەی منە، وەك لە یەکەم کۆمەڵە چیرۆکی خۆم دیارمکرد، کە خوێنەران بگەڕێنمەوە بۆ بە مرۆڤکردنی کەلوپەلەکان و زەمەنی چیرۆکخوان و ئەو چیرۆکانەی کە داپیرەم لە هزرو مێشکم وەك میرات بۆی جێهێشتم، بەڵام لە کۆمەڵەی دووەم تێکهەڵکێشێك لە نێوان هەردوو نەوە بەدیدەکرێت.**

**تێبینی: ئەم چاوپێکەوتنە لە ڕێگای پۆستی ئەلیکترۆنییەوە تایبەت بە گۆڤاری سابات ئەنجام دراوە .**

**ئامینە ئەلزەهەبی لە چەند دێڕێکدا:**

**کچە ڕۆژنامە نووس و چیرۆکنووس لە دایك بووی ساڵی ١٩٧٦ ی بەغدادە.**

**بەکالۆریۆسی کۆلێژی ڕاگەیاندنی هەیە.**

**ڕۆژنامەوان و بێژەر لە چەند کەناڵی ناوخۆ و عەرەبی.**

**ئێستا خەریکی ئامادەکردنی تێزی دکتۆرایە لە سیاسەتی نێو دەوڵەتی.**

**دوو کۆمەڵە چیرۆکی لە چاپداوە و دوو بەرهەمیشی لە ژێر چاپە، یەکێکیان ڕۆمانێکە بە ناوی( عودە الله نیرو).**

**ئامەدەکردن: یوسف هەولێری**

# لینگە جزمەیەكی سوور



**فەرهاد عەزیز خۆشناو**

ترسام. لەسەر پشت كەوتبوو جەمەدانیەكەی لە ملی هاڵاندبوو. پێدەچوو دوایین كەسیان بێت. هەركەسێكت كە دەبێنی بیٚ جوولە وشك هەڵگەڕابوو و كەتبووە سەرزەوی، هەندێك منداڵیان لەباوەشدابوو و هەندێك لەژێر سێبەری دیواری مزگەوت دانیشتبوون و هەندێكی تر لەبەردەم دەرگا پشتیان بەدیوارەكەوە نابوو و سارد و بێدەنگ كەوتبوون. كۆمەڵە منداڵێك هەربەدەم یاریەوە وشكببوون. بەڵام ئەمەیان دەستی دەجولاوە. لێی نزیك كەوتمەوە و دەستم خستەژێر سەری و جەمەدانیەكەم لە ئەوكی كردەوە. زۆر بەئاستەنگی هەناسەی دەردەكرد. سینگی خڕەخڕی لێوە دەهات. گەنج بوو بەڵام جۆری هەناسەی لە پیرەمێردێكی ١٠٠ ساڵی دەچوو. لێم پرسی بۆوا كەوتووی ئەمانە چیان بەسەرهاتووە؟ وەڵامی نەدامەوە. كە لێیوردبوومەوە، زانیم ئەو هەناسە قورسەشی بڕاوە. بە هەر دوو دەستم سینگیم پاڵدا، بەڵكو هەناسەی بێتەوە بەر، بەڵام درەنگبوو. هەرگیز لە ژیانم دا دیمەنی وا سامناك و كارەساتبارم نەبینیبوو. جەمەدانیەكەم لەمل كردەوە و بەسەرم دادا. هەستامەوە بەڵام شتێك سەرنجی ڕاكێشام. لینگە جزمەیەكی سووری منداڵانی لەدەست دابوو، توندی گرتبوو. لەدەستە وشكبووەكانی دەرمهێنا.

***

زۆر شار و دێ و وڵاتی سەیرو سەمەرم بینی، زۆر دیمەن و پێشهاتی جوان و ناشرینم بینی و بە فڵچە و جوولەی دەستەکانم خستمە سەر پەردەی تابلۆوە. بەڵام هەرگیز دیمەنی مەرگم نەبینیبوو و نەمکێشابۆوە. بەڕاستی کاتێ هەست بە گەورەیی و نرخی هونەر دەکرێت کە ڕاستەوخۆ لە شتە هەستپێکراوەکانەوە هەڵقوڵابێ.

دووکەڵێکی خەست لەناو کۆڵانەکانی ئەم شارە پڕلە مردووە دا دەخولاوە. گەرووم وشکببوو. دەستم بەکێشانەوەی دیمەنی مەرگ کرد. لەخۆشیان ئاگام لەخۆم نەمابوو لەپێش چاوم بوو کە لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و لەپێش چاوی ملیۆنها کەس خەڵاتی گەورەترین هونەرمەندی جیهانیان پێشکەشدەکردم. بەڵام ئەم دیمەنە دڵتەزێنانە سڵیان دەکردمەوە. مەرگی منداڵێك لەباوەشی دایکی لەکاتی خواردنی شیر، مەرگی پیرێکی چەماوە لەبن دیواری مزگەوت، مەرگی منداڵان لەکاتی بازدان و یاریدا. مەرگی مامۆستا ڕووبەقوتابیانی مردوو. مەرگی چۆلەکە و مەڕوماڵات.

نازانم بۆ هەناسەم سواربووە. هەستدەکەم دەستەکانم سست و بێ توانابوونە، دڵم دەلەرزێ. هەنگاوەکانم قورس و بێ هێزبوونە، کەل و پەلی نیگارکێشیم لەخۆ هەڵداوە و بەدوای دیمەنی مەرگێکی تردا دەگەڕێم. ئەم جزمە سوورە،... ئەم لینگە جزمە سوورە ئازارم دەدا. نازانم هی کام یەك لەو منداڵانەیە؟ چاوم بە هەرمناڵێك بکەوێ زوو سەیری قاچەکانی دەکەم نەوەك تاکە جزمە سوورەکەی تری لە پێدابێت.

***

ماندوو تینوو بەدوای ئاو دەگەڕێم. هەستدەکەم چاوەکانم شێلوو بوونە، بەئاستەنگی هەناسە دەخۆمەوە. جەمەدانیەکەم لە دەم و لووت و ملم ئاڵاند، ئەم دووکەڵە خەستە زۆر بەئازارە، جەرگ بڕێنە. کارلە خانەکانی لەشی مرۆڤ دەکات. لەوانەیە لەژێر ئەو ئەسپیندارانەی خوارەوە کانیاوێك یان ئاوبەندێك یان هەرنەبێ شێرەیەکی ئاو هەبێت. چەند قەڵەڕەشێك لەسەر ئەسپیندارەکان هەڵنیشتوونە و دەنگیان دەرنایێ. شێرەیەکی ئاوی لێیە، ئاوبەندێکی بۆ کراوە بەڵام ئاوی ناو ئاوبەندەکە وەکوو چاوەکانی من شێلوو و لێلبووە. دوو قەڵەڕەش لەسەر لێواری ئاوبەندەکە کەوتوونە و وشك هەڵگەڕاون، ئاوی شێرە وشکبووە و منیش تینووم، گەرووم وشك هەڵگەڕاوە، لەدەوروبەری سینگ و ئەوکم هەست بە ئازارێکی یەکجار زۆر دەکەم.

دەستم کردە ناو ئاوە شێلووەکەی ناو ئاوبەندەکە و مستێکم بەرەو دەمم هێنا. بۆنێکی یەکجار توند و ناخۆشی لێدەهات بەڵام تینوومە و بەرگەناگرم، خواردمەوە. چاوەکانم نوقاند و

خواردمـــەوە. لـــەو ئـــاوە بۆگەنـــە تێرئـــاوبووم. تاریـــك و ڕۆن داهـــاتبوو كزەبایـــەك جەمەدانیەكەمی دەهەژاندەوە، لەخۆمم پێچاوە. لە دوورەوە چاوم بەشتێكی سـەیركەوت، هـەمان ئەوشتەی كە بە دوایەوە بووم. لەسەر لێوی تەختـە بـەردێك لـە نزیـك ئاوبەندەكە منـاڵێك ئـاوەژوو ببوو و كەوتبوو و تاكە جزمەیەكی سووری لە پێدابوو.

سەیری لینگە جزمـە سوورەكەی نـاو دەسـتمم كـرد و زانـیم تاكەكـەی تـری لـە پێـی ئـەم مناڵـە دای، هـەوڵم دا بـەرەو لای بـڕۆم بـەڵام هـەنگاوەكانم بەیـەكجاری لەكاركـەوتبوون و هێـز و توانایـان تێدانـەمابوو. چاوەكانم تاریك و بـێ سـۆ ببـوون و بەزەحمـەت پـێش خـۆم دەبینـی، پـێم خۆشـبوو ئـەم دیمەنـە بكـەم بـە تابلۆیـەك و پێشكەشـی كۆمەڵـەی مـافی منـداڵپارێزی بكـەم بـەڵام دەستەكانم و چاوەكانم دەرفەتیان پێنەدەدام.

لەناو دووكەڵی خەست و ئاسمانی تـەمگرتوو و مانگـە شـەوێكی مانـدوو، بـێ هیوایانـە كەوتمە سەرپشت و وردەوردە هەناسەكانم قورستر و بێ هێزتر دەبوون.

شەقڵاوە _ ٢٧٠٦/٧/٦

دوو چیرۆکی کورت

# پیاوە هەژارەکە



دڵشاد کاوانی

لەوەتەی ڕووی کردۆتە شار بۆ ماوەی سێ ساڵی ڕابردوو هەموو ئێواران کاتی لە چایخانەی بایز بەسەر دەبات، لەگەڵ هاوڕێکانی دادەنیشێت ئەو ڕۆژە ئێوارەیەکی زوو وەك ڕۆژان ئاسا ڕووی لەوێ کرد، لە چاوەڕوانی دۆستانی دابوو، گوێیەکانی هەڵخستبوو بۆ کێشمە کێشمی خەڵکی ناو چایخانەکە.

" دەڵێن ئەمجارەش خەرمانە گەنم زۆر سوتاون...؟!"

نا کاکە گیان شەڕ دوورە!! گەر وانەبێ بە شکانی ئێمەیە..!

ناوە ناوەش گرمەیەك ئەم ناوەی دەهەژاند،

ئەویش لە دڵی خۆیدا دەیگوت:

شەڕ دوورە....؟!

" لە کۆڵمان نابنەوە تا سەری خۆیان نەخۆن!"

کەچی لەچاو ڕۆژان شەقام چۆڵ دێتە بەر چاوم.

بەڵام ئەمجارەیان نیگای چاوەکانی سەرنجیان بۆ لای ئەم پیاوە لەڕو لاوازە ڕاکێشا، کە پاڵی بەدیوارەکەی بەردەمی دابوو، سەری خستبوە نێو ئەژنۆکانی جامانە شڕەکەی ڕاخستبوو، سێ چوار دیناری ئاسنی لەسەر کەوتبوو.

# دێیەکی خاپوورکراو

کوڕە لەوێوە سەر گردە بەرزەکە کەوت، بە دڵێکی فراوانەوە هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا:

" ئۆخەی وا جارێکی تر گەڕامەوە بۆ زێدی باو و باپیرانم"

سەیری دۆڵە فراوانەکەی کرد، وەلێ بە حەپەسانێکەوە بەری چاوی تاریکبوو، زمانی لاڵ بوو، ئەژنۆکانی هێزی وەستانیان نەما:

"ئە...ئەم..ئەمە..بۆ؟؟"

بۆ خوارەوە ژوور داگەڕا، جانتاکەی بەدواوەی خۆی داکێشا، تا بەردەم دار تووە بەرزە وشکەکە چوو، ناڕەزایی لە قەدی دارەکە دەبینی، کە کەوتبوە سەر ئەو کانیاوەی چەندین تاشەبەرد سەریان بەیەکەوە نابوو:

" سەیرە لاو و پیرەکانی دێ گشتیان لێرە کۆدەبوونەوە، ئەمجارەیان تەنیا گەڵای هەڵوەراوی پیرە دارەکە ڕیزیان بەستووە."

لەوێشەوە تێپەڕی خانووی دارماو، پاشماوەی گوللەکان، سەنگەرە بچوک بچوکەکانی دەبینی، روەو رۆژئاوای دێیەکە ڕێی گرتەبەر، ڕوو گرژی ڕۆژو ڕقی خاك، ئەم کارەساتە دڵتەزێنە تەواوی ڕێڕەوی هەنگاوەکانیان گۆڕی، هەرچۆنێك بێت خۆی گەیاندە گۆڕستانە تازەکە، پاڵی بە یەکێك لە کێڵەکان دا، دوای کەمێك حەسانەوە، گۆڕێکی بینی دوو کێڵەکانی زۆر بەزەقی کەوتە بەرچاوان، نووسینێکی لەسەر هەڵکەندرابوو، لەگەڵ سێ چوارێکی بچوك تەلبەند کرابوون، بەدەم هاواری( دایکە) دوا هێزی لێبڕا...

١٩٩٧

# گەڕانەوە

**پێت هامیل**

**لە ئینگلیزیەوە: هێرش هاشمی**

سێ کوڕو سێ کچ بوون. لەناو پاسێکدا لە شاری نیویۆرکەوە بەرەو فلۆریدا دەڕۆیشتن. لەناو کۆڵەپشتیەکانیاندا ساندویچ و بوتڵی شەرابی تێدا بوو. ڕێگا گەلێك دوور بوو. بەڵام قەی چ دەکا، گەنجیەتی و مەستی! بە حەزێکی زۆرەوە لەگەڵ یەك دەدوان و خەونیان بە قەراغە ئاڵتونیاوەکانی ئێوارانی دەریاوە دەبینی.

کاتێك بەناو شاری نیوجێرسیدا تێپەڕین، هەستیان بەوە کرد کە فینگۆ تەنانەت بۆ جارێکیش بێت لە جێگای خۆی نەبزواوە. ئەو لە پێشەوە دانیشتبوو. روخساری تۆزاوی، تەمەنی شاردبۆوە. جل و بەرگێکی لەبەر دابوو کەپێی نەدەخوارد. بەهۆی سیگار کێشانی زۆرەوە پەنجەکانی زەرد هەڵگەڕابوون. بەردەوام خەریکی جوینی لێوی بوو. تاقە ووشەیەك چییە نەیدەدرکاند.

شەو درەنگان پاسەکە لە کافەیێکی قەراغ جادە لایدا. جگە لە فینگۆ، هەر هەموویان دابەزین. لاوەکان دەستیان کرد بە قسەکردن لەبارەی فینگۆوە. هەوڵیان دا لە ژیانی تێبگەن و بیهێننە پێش چاوی خۆیان.

رەنگە دەریاوان بێت. رەنگە لەدەست ژنەکەی هەڵاتبێت. یان سەربازێکی پیر. کە دەیەوێت بچێتەوە بۆماڵ.

یان رەنگە قەسابێکی تەنیا بێت.

کاتێك بۆ ناو پاسەکە گەڕانەوە، یەکێك لە کچەکان لە تەنیشت فینگۆوە دانیشت و خۆی ناساند.

_ئێمە بۆ فلۆریدا دەچین.

کچەکە کتوپڕ دنیای خەیاڵی شێواندبوو.

_ تۆ بۆ کوێ دەچی؟

فینگۆ بەبێ مەیلی وەڵامی دایەوە:

_نازانم!

_من قەت لەوێ نەبووم. کچەکە وتی. بیستومە دەڵێن زۆر خۆشە.

_راستە وایە!

هەرچەندە هەندێ بیرەوەری ئازاری دەدا، بەلاّم فینگۆ هێشتا پێی وابوو کە فلۆریدا جێگایەکی خۆشە.

_تۆ لەوێ دەژی؟

_من لەوێ لە هێزی دەریاییدا بووم.

کچەکە گوتی:

_شەراب دەخۆیەوە؟

بە زەردەخەنەیەکەوە بوتڵە شەرابەکەی لێ وەرگرت و پاش ئەوەی قومێکی لێدا بە ئارامی دایەوە دەستی کچەکە. پاشان سوپاسی کردوو گەڕایەوە ناو دنیای بێدەنگی خۆی.

لە بەرە بەیاندا پاسەکە لای کافەیێکی تر لایدایەوە. ئەمجارەیان فینگۆ چووە خوارەوە. کچە گەنجەکە داوای لێکرد لەگەڵ ئەوان دانیشێت. ئەو زۆر شەرمن دیاربوو. قاوەیەکی تۆخی داواکردوو و بەدڵە ڕاوکێوە خەریکی سیگار کێشان بوو. لاوەکانیش بە خۆشحاڵیەوە باسی خەوتنی شەوانەی قەراخ دەریای فلۆریدایان دەکرد.

کاتێك چوونەوە ناو پاسەکە، کچەکە لە تەنیشت فینگۆوە دانیشتەوە، زۆری حەز دەکرد سەبارەت بە فینگۆوە شتی زیاتر بزانێ. دوای ساتە کەمێك فینگۆ بە هێواشی و ئازارەوە دەستی بە گێڕانەوەی چیرۆکی

خۆی کرد. لەم چوار ساڵەی دواییدا لە زیندانی نییویۆرك بووەو ئێستاش دەیویست بەرەو ماڵەوە بگەڕێتەوە.

_ژنت هەیە؟

_نازانم.

_نازانیت!؟

کچەکە بە سەرسوڕمانەوە لێی ڕوانی. فینگۆ درێژەی بە قسەکانی دایەوە:
_کاتێك کەلەناو زیندان دابووم، نامەیەکم بۆ خێزانم نووسی و پێم گووت کەمن حاڵی دەبم و تێدەگەم کە ئەگەر نایهەوێت چیتر وەك هاوسەری من بمێنێتەوە. لە نامەکەدا بۆم نووسی کە من بۆ ماوەیەکی زۆر لەناو زیندان دا دەبم، ئەگەر ئەو ناتوانێت ئەوەندە چاوەڕوان بێت، ئەگەر منداڵەکان بەردەوام دەربارەی من پرسیاری لێ دەکەن و ئەمەش ئازاری دەدا، دەتوانێ من لەبیر بکات و شوو بکاتەوە. هەروەها بۆم نووسی کە ئەو پێویست ناکات نامەم بۆ بنووسێت و لێم بپرسێت. جا ئەوە ماوەی سێ ساڵ و نیوە نە لێی پرسیوم و نە نامەی بۆ نووسیوم.

_ ئێستا تۆ دەڕۆیەوە ماڵ بێ ئەوەی هیچ شتێك سەبارەت بە ماڵ و منداڵت بزانی؟
بە حاڵەتێکی گاڵتەوە گووتی:
_بەڵێ !
_ بەڵام حەفتەی پێشوو کاتێك کە زانیم لە زیندان دێمە دەرێ نامەیەکم بۆ نووسی. لە نامەکەدا بۆم نووسی کە ئەگەر ئەو مێردی هەیە من تێدەگەم. بەڵام ئەگەر ئەو مێردی نییەو ئامادەیە من وەرگرێتەوە،
پێویستە من ئاگادار بکاتەوە. پێش زیندان ئەوکات ئێمە لە شاری برونوەیك دەژیاین. لەوێ لە دەرەوە پێش
ئەوەی بچیتە ناو شار، دارێکی گەورەی لێیە. بۆم نووسی کە ئەگەر ئەو حەز دەکات من بچمەوە لای، دەسماڵێکی زەرد بە دارەکەوە هەڵواسێ. ئەو کات من ئیتر دەچمەوە لایان، ئەگەریش منی ناوێت ئەوکات هیچ دەسماڵێکی زەرد بە دارەکەوە نابێت و ئیتر من لە سەفەرەکەی خۆم بەردەوام دەبم.
_ئاووا. چ داستانێك!

کچەکە بەسەرهاتەکەی بۆ ئەوانی تر گێڕایەوەو پاشان ئەوانی تریش هاتن لەلای فینگۆ دانیشتن و سەیری وێنەی ژن و منالەکەیان کرد.

کاتێـك پاسـەکە بیسـت میلـی مـابوو بـۆ برۆنسـویك، کـوڕو کچـە لاوەکـان چـونە لای دەسـتی ڕاسـتی پاسـەکەوەو لـەلای پەنجەرەکانـەوە دانیشـتن و چـاوەڕێی دەرکـەوتنی دارە گەورەکـە بوون.

فینگۆ لە تەماشاکردن ڕاوەستاو ڕوخساری گرژ هەڵگەڕاوی چاوەڕوانی بەدبەختیەکی تری دەکرد.

دە میل... پاشان پێنج میل... فینگۆ دەستیکرد بە لەرزین. دەنگ و هـەرای نـاو پاسـەکە وردە وردە کەم دەبۆوەو بەو ڕادەیەش پاسەکە ئارامتر دەڕۆیشت. کتو پڕ لاوەکـان لـە جێگـای خۆیـان ڕاپـەڕین و دەسـتیان کـرد بـە هـات و هـاوار، هەنـدێکیان فرمێسـك لـە چاویان دەهاتـە خـوارو هەنـدێکی کـەیان دەسـتیان کـرد بـە سـەماو هەڵپـەڕکێ و پلکـە لێدان. بـەڵام فینگـۆ بـە پێچەوانـەی ئەوانـەوە لـە جێگـای خـۆی دانیشـتبوو وسـەیری دارەکـەی دەکـرد. دارەکـە بـە دەسماڵی زەرد داپۆشرا بوو. دارەکە وەك نیشـانەیەکی بەخەبەرهاتنـەوە راوەسـتابوو و بـەدەم باوە دەشەکایەوە. کاتێك لاوەکان بێدەنگ بوون، فینگۆ بە هێواشی لە جێگـای خـۆی هەسـتاو شتەکانی خۆی کۆکردەوە. ئێستا ئیتر بەڕاستی بۆ ماڵی خۆی دەگەڕایەوە.

# داوود پشت کووڕ

**چیرۆکی: صادقی هیدایەت**

**و: ف. ع**

**((نا، نا، هەرگیز بەدوای ئەم کارە ناکەوم. دەبێ بەیەکجاری لەبیر خۆمی بەرم. بۆ خەڵکی تر خۆشی دێنێت کەچی بۆ من ناخۆشی و ئازاری بەدواوەیە. هەرگیز هەرگیز...)). داوود ئەمانەی لەگەڵ خۆیدا دەگووت و گۆچانی دەکوتا و بەدژواری بەڕێدا دەڕۆیشت. بەملاو ئەولادا دەکەوت. چرچاوە گەورە و نەشازەکەی لەسەر سینگە دەرپەڕیوەکەی کەوتبوە نێوان شانە لاوازەکانی. لەپێشەوە سیمایەکی ناشیرین و ناڕێکی هەبوو: لێوی باریک و لێکڕاکشاو، برۆی کەوانی و باریک، برژانگی هەڵوەریو، سیمای زەرد ڕەنگ، کوڵمێکی ئێسکانی و ئامساو. کاتێك لەدوورەوە سەیرت دەکرد بە جلە هاوینی و پشتە دەرپەڕیوەکەی، دەستی درێژو ناڕێك، و ئەو کڵاوە گەورەی کە دەیخستە بان سەری، بەتایبەتیش کاتێك کە شێوازێکی زۆر جدی بەخۆیەوە دەگرت و گۆچانەکەی کە بەتوندی لەزەوی دەدا، زۆرتر سیمایەکی گاڵتەجارانەی پێدەدا.**

**دەمەو ئێوارەبوو لەشەقامی (پەهلەوی) دەرچوو، بەرەو دەرەوەی شار و دەروازەی (دەوڵەت) بەڕێکەوت، هەوا کەمێك گەرم بوو. لەلای چەپ لەژێر ڕووناکایی کزی دوایین ساتەکانی ڕۆژئاوابوون، دیوارە کاگڵی و دەرزە خشتەییەکان لەناو خامۆشیدا بۆ ئاسمان هەڵکشابوون. لەلای ڕاستی ئەو خەندەکەی کە لە چواردەوری شار هەڵکەنرابوو ڕیزە خانوویەکی ناتەواوی خشتەیی دەبینران. ئێرە تاڕادەیەك چۆلە هەندێجار ئۆتۆمبێل یان کەژاوەیەك پێیدا تێدەپەڕی لەگەڵ ئەوەش کە ئاوپڕژێن کرابوو کەمێك تەپ وتۆز ساز دەبوو. لەوبەر و ئەوبەری شەقام لەلێواری جۆگەڵەی ئاو، دار و نەمامیان ڕواندبوو.**

**بیری دەکردەوە، دەیدیت کە لە سەرەتای منداڵیەوە تاکوو ئێستا لەلایەن خەڵکەوە یان گاڵتەی پێکراوە یان بەزەییان پێداهاتۆتەوە. بیری هاتەوە یەکەمینجار کە مامۆستا لە کاتی وانەی مێژوو گووتی خەڵکی (ئیسپاڕتا) منداڵانی مەنگۆل و پەککەوتەیان دەکوشت، هەموو**

قوتابیـان گەڕانـەوە و سـەیری ئـەویان کـرد، حاڵـەتێکی نـامۆ و ناخۆشـبوو. بـەڵام ئێسـتا ئاواتەخوازبوو کە ئەم یاسایە لەهەموو جیهان پەیڕەو کرابا و یان هەرنەبێ وەکوو زۆربەی وڵاتان قەدەغە کرابایە کە مرۆڤی پەککەوتە و ئەوانەی نەخۆشی جەستەییان هەیە ژیانی هاوسەری پێکبێنن. چونکە دەیزانی ئەمانە گشتی تاوانی باوکیەتی. سیمای ڕەنگ ڕۆیشتوو، کوڵمی ئامساو، ژێر چاوی قووڵ و ڕەش هەڵگەڕاو، دەمی نیوە کراوە و شێوەی مەرگی باوکی هەر بەوجۆرەی کە بینیبووی بەخێرایی لەپێش چاوی تێپەڕی. باوکە سندان لێدراو و بەساڵاچووی کە ژنێکی گەنجی هێنابوو گشت منداڵەکانی کوێر و کەم ئەندام بوون. یەکێك لە براکانی کە زیندوو مابۆوە لاڵ و گەمژە بوو کە دوو ساڵ پێش مرد. لەگەڵ خۆیدا دەیووت:((لەوانەیە ئەوان بەختەوەر و کامەران بوونە!)).

بەڵام داوود زیندوو مابۆوە، لە خۆی و لە گشت خەڵکی بێزاربیوو. گشت خەڵکیش لێی دوورکەوتبوونەوە. بەڵام تاڕادەیەك لەوە ڕاهاتبوو کە هەمیشە ژیانێکی جیاوازی هەبێ. لەمناڵیەوە لە خوێندنگە لە وەرزش، گاڵتە کردن، یاری تۆپ و یاریەکانی تر و گشت ئەو شتانەی کە دەبونە هۆی دڵخۆشی هاوتەمەنانی بێ بەهرە مابۆوە. لەکاتی یاری کردن مات دەبوو، لە گۆشەی حەساری خوێندنگە کتێبی لەپێش چاوی ڕادەگرت و لەبنەوە بەدزی سەیری مناڵانی دەکرد. بەڵام کۆششێکی زۆری دەکرد و دەیویست لەڕێی خوێندنەوە پێش ئەوانی تر بکەوێ. ڕۆژ و شەو دەیخوێند، هەرلەبەرئەوە دوو قوتابی تەمبەڵ لەگەڵی ببوونە هاوڕێ ئەویش لەبەر ئەوە تاکو لەسەر شیکردنەوەکانی بیرکاری ئەو بنووسنەوە. بەڵام بەخۆی دەیزانی کە هاوڕێتی ئەوان ساختەکارانە و بەرژەوەندی خوازانەیە. لەلایەکی ترەوە دەیدی (حەسەن) شۆخ وشەنگ، ڕێك وپێك و جلی جوانی لەبەردەکرد و زۆرتری قوتابیان هەوڵیان دەدا کە لەگەڵ ئەودا ببنە هاوڕێ. تەنیا هەندێ لە مامۆستایان ڕەچاوی ئەویان دەکرد ئەویش لەبەر کۆشش و ژیریەکەی نەبوو بەڵکوو بەزەییان پێیدا دەهاتەوە. بەڵام دواتر لەگەڵ ئەوەشدا کە قوتابیەکی ژیر و بەتوانابوو نەیتوانی لەسەر خوێندن بەردەوام بێت.

ئێستا بێکەس مابۆوە، هەموو لێی دووردەکەوتنەوە. ژنان پێیان دەووت:((سەیری چەماوە بکەن!))، ئەمە زۆرتر دەیڕەنجاند. چەند ساڵ لەمەوبەر دووجار چووە خوازبێنی هەر دووجار گاڵتەیان پێکرد. یەکێکیان ناوی (زیبەندە) یە ماڵی لەو نزیکانە لە (فیشێرئاوە) یە، چەندجارێك یەکتریان بینیبوو، قسەشی لەگەڵ کردبوو. ئێواران کە لە خوێندنگە دەگەڕاوە دەهاتە ئێرە تاکوو ببینێت. تەنیا ئەوەندەی لەبیرە کە خاڵێکی ڕەشی لە سەر لێوی بوو. داوود ((پوری)) بۆ خواستنی ئەم کچە ناردبوو. (زیبەندە) گاڵتەی پێکردبوو و گووتبووی: ((مەگەر

پیاو نەماوە کە من ببمە ژنی چەماوەیەك؟)). دایك و باوکی لێیاندابوو بەڵام بەقسەی نەکردبوون، گووتبووی:((مەگەر پیاو نەماوە؟)). بەڵام داوود هێشتاش خۆشیدەویست و ئەمە بە خۆشترین بەسەرهاتی ژیانی خۆی دەزانێت. ئێستاش جاربەجار بەم شوێنەدا تێدەپەڕی. بیرەوەریەکانی ڕابردوو دووبارە لەپێش چاوی گیان وەردەگرن. لەهەموو شت شکستی خواردبوو. بەتەنیایی دەگەڕا و لە خەڵکی دووردەکەوتەوە، هەر کەسێك پێکەنیبا یان بەئارامی لەگەڵ هاوڕێکەی دوابا وایدەزانی سەبارەت بەئەوە، وایدەزانی گاڵتەی پێدەکەن. بەچاوی ڕەش و دەرپەڕیوو و سیما وشك وناڕێکەکەی بەئاستەنگی گەردەن و لەشی خۆی دەسووڕاندەوە و بەتیلەی چاو بەشێوەیەکی گاڵتەجارانە سەیری خەڵکی دەکرد و تێدەپەڕی. لەڕێگادا هەموو هۆشی لای خەڵکی بوو، ملی بستێك ڕادەکشاند تاکوو بزانێ خەڵکی باسی دەکەن یان نا.

بەئەسپایی لە لێواری جۆگەی ئاو تێدەپەڕی و جارجار بەگۆچانەکەی ئاستی ئاوی هەڵدەقەڵێشی. هۆش و خەیاڵی شڵەژاو و پەریشان بوو. سەگێکی سپی و توکنی بینی کە بەهۆی دەنگی گۆچانەکەی، سەری بەرز کرد و سەیری داوودی کرد. وەك یەکێك کە نەخۆش یان لەسەرە مەرگ بێت نەیتوانی خۆی ببزوێنێ، دووبارە سەریداناوە. داوود بەدژواری خۆی خوارکردەوە، لەژێر ڕووناکایی مانگەشەودا نیگایان ئاوێتەی یەکتری بوو، خەیاڵێکی نامۆی لەلا دروستبوو. هەستی کرد ئەمە یەکەمین نیگای سادە و ڕاستبوو کە بینیبووی، هەردوویان وەك شتێکی فرێدراو، هەرەمەکی و بێ کەڵك لەکۆمەڵگای مرۆڤەکان دەرکرابوون. دەیویست لەتەك ئەم سەگە نەگبەتە کە ئازارەکانی ژیانی خۆی کشاندبوە دەرەوەی شار و لە خەڵکی شار دوورکەوتبۆوە، دابنیشێت و لەباوەشی بکات. سەری سەگەکە لەسەر سینگە دەرپەڕیووەکەی دابنێت وهەڵیکوشێت. بەڵام بیری کردەوە کە ئەگەر یەکێك بێرەدا تێپەڕێت و بەمجۆرە بیبێنێت زۆرتر لەجاران گاڵتەی پێدەکەن. درەنگانی ئێوارەبوو کە لە دەروازەی (یوسفاوە) تێپەڕی، سەیری ڕووناکایی زیووینی مانگی کرد کە لەناو بێدەنگی سەرەتای ئەم شەوە خەمناك و دڵگیرەدا لە ئاسۆوە بەدیارکەوتبوو. سەیری خانووە ناتەواوە و خشتە ڕووکراوەکانی نزیك خانووەکانی کرد. لە دیمەنی خەواڵووی شار، دارەکان، بانی خانووەکان و کێوی ڕەش داگەڕاو وردبۆوە. تارمایی پێش چاوی داگرتبوو. کەس دیارنەبوو.

لەدوورەوە بەکزی دەنگی مەقاماتی گۆرانی (ابوعتا) دەبیسترا. بەدژواری سەری بەرزکردەوە، ماندووبوو. گۆچانەکەی لەلێواری جۆگەی ئاو دانا و پەڕیەوە و لەلێواری جادە لەسەر بەردێك دانیشت. لەپڕا ژنێکی بینی کە چارشێوی لەسەربوو. ژنەکە لەوێ لەلێواری

جۆگەی ئاو دانیشتبوو. بێ ئەوەی قسەیەك بكات بەرەو ڕووی داوود گەڕاوە و بەپێكەنینەوە گووتی:((هۆشەنگ! تاكوو ئێستا لەكوێ بووی؟)).

داوود پێی سەیربوو كە بۆچی ئەم ژنە لێی نەترساوە؟. لەپرسیارەكەیەوە دیاربوو كە دەیەوێت لەگەڵی بدوێت، بەڵام لەم سات و كاتەی شەودا لێرە چیدەكرد؟ ئایا پاكداوێنە؟ لەوانەیە عاشق بێت! كێ دەزانێت!؟ هەرچۆنێكی بوو خۆی بەئاودادا و لەگەڵ خۆیدا گووتی هەرچیەك دەبێ بابێت. هەرنەبێ هاودەمێكم دۆزیوەتەوە بەڵكوو دڵی خۆیم پێدەدات! ((خانم ئێوە تەنیان؟...، منیش تەنیام. هەمیشە تەنیام! بەدرێژایی ژیانم تەنیا بوومە)).

هێشتا قسەكەی تەواو نەكردبوو، ژنەكە ڕووی تێكرد گووتی: (( تۆ كێی! وامزانی هۆشەنگی چونكە هەركات دێت گاڵتەم لەگەڵا دەكات)).

داوود لەو قسەی دوایی هیچ تێنەگەیشت. چاوەڕێش نەبوو كە تێبگات. لەمێژبوو هیچ ژنێك لەگەڵی نەدوابوو، ژنێكی جوانیش بوو. ئارەقەیەكی سارد بەلەشیدا دەچۆڕاوە. بەدژواری گووتی:((نا خاتوون من هۆشەنگ نیم. من ناوم داوده)).

ژنەكە بەپێكەنینەوە وەڵامی داوە: ((من كە ناتبێنم. چاوەكانم دێشن!،... ئاها داوود!..داوود چەماوە...ـ لێوەكانی گەستەوە ـ دەمگووت ئەم دەنگە بەگوێم نامۆ نیە. منیش زیبەندەم دەمناسی؟)).

زوڵفی لوول لوولی كە لایەكی ڕوخساری پۆشاندبوو جولاوە. داود خاڵی ڕەشی سەرلێوانی زیبەندەی بینی كزەی لە جەرگیەوە هات. دڵۆپی ئارەقە بەنێو چاوانیەوە دەتكا. سەیری دەوروپشتی خۆی كرد كەسی لێنەبوو. دەنگی مەقامی (ابوعەتا) نزیك كەوتبۆوە. دڵەكوتەی گرتبوو. دڵی وەها بەتوندی لێیدەدا كە هەناسەی سوواربببوو. بێ ئەوەی هیچ شتێك بدركێنێ بەشڵەژاوی لەشوێنی خۆی هەستاوە. هەنووسك گەرووی داگرتبوو گۆچانەكەی هەڵگرت بەهەنگاوی توند بەلار وخواری ئەو ڕێیەی گرتەبەر كە پێیداهاتبوو. بەدەنگێكی نزمەوە لەگەڵ خۆیدا دەیگووت:((ئەمە زیبەندەیە! منی نەدەدی...لەوانەیە هۆشەنگ دەسگیران یان مێردی بێت...كێ دەزانێ؟ نا...هەرگیز... دەبێ بەیەكجاری فەرامۆش بكرێت!...نا،نا من ئیتر ناتوانم...)).

خۆی گەیاندە ئەو سەگەی كە لەڕێگادا بینیبووی، دانیشت و لەباوەشی كرد. توند سەری بەسینگی دەرپەڕیوی خۆی وەنا. بەڵام ئەم سەگە مردبوو!

﴿لەكۆمەڵەی زیندە بەگۆڕ﴾

# ئافرەتێك لە مەڕمەڕ

ن: أمنة الذهبي و: یوسف هەولێری

ناسکی بەژن و بالاً بەرز، کە ڕۆژێك پێی دەگوترا پارچەیەك لە مەڕ مەڕ، کە نیشانەی دەست و پەنجەی هونەرمەندێکی بە توانا داپیۆشیوە، وا منیش خۆم لە بەرامبەر ئەو شاکارە جوانە دەدۆزمەوە بە بێ ئەوەی هیچ ژوانێك لە نێوانماندا هەبێت، ڕوو بە ڕوو بێ هیچ پەردەیەك دەیبیم. بە بێ ئاگایی خۆم نینۆکەکانم درێژ بوون، تینی گەرمای هاوین ماکیاژەکانمی بۆ نەهێشتم، لەژێر پێم تا تەوقی سەرم لە من ڕاما، وەك بڵێیت سەیری پارچەیەکی کەل و پەلی ناو ماڵ بکات!

دەستم بۆی درێژ کرد تا تەوقەی لەگەڵ بکەم، ئاخ لەو دەستە سپی و نەرم و نیانە، وەك بڵێی پیاوەکەی کارەکانی ناو ماڵ وەك قاپ شوشتن و شووشتنی و ئوتو کردن و لەبەر کردنی جلی منداڵەکان ئەنجامبدات. بەلاًم من چیم تا خۆم لە جوانی هاوتای ئەو بکەم، مەگەر بە موعجیزەیەك بێت، نا نا... نا.. ئەمە بە موعجیزەش ڕوو نادات....

بەر لەوەی دەستی لەناو دەستم بنێ، هەستم کرد لەم ململانێیەدا دۆڕاوم، ئەو جەنگەش لە پێناوی پیاوێکە، کە لەوانەیە منی خۆشبوێت.

ئەو ڕۆژەش بە بیرێکی پەرش و بلاًو، بە هەناسە تەنگی ڕوو بە ڕووی ئەو قاپ و قاچاغانە بووم! ترپەکانی دڵم وەکو ڕۆناکییەکەی ماڵم کز بوو. وام هەست دەکرد، تاریکایی کاروان..کاروان دەهاتە نێو ناخم، تا تارمایی تاریکی بە تەواوی لەسەر شوێنەکە زاڵبوو ، جگە لە منیش کەس هەستی پێناکات.....

جگە لە زمانی ئەو، هەموو ئەندامەکانی مەڕ مەڕەکە دەهاتنە ئاخاوتن... لەوانەیە پێویستم بە چەند ساڵێك هەبێت، تا لەم ڕووداوە تێبگەم، یاخود چۆن بتوانم بە شێوازێکی جوان و گونجاو ڕەتی بکەمەوە، کە لەگەڵ فیز و خۆ بەزل زانینم بگونجێ. لەوانەیە ئەگەر زەوی بوومایە، ئەوا لە خولانەوە مانم دەگر، تا نیوەی زەوی ڕووناك بێت و نیوەکەی تری تاریك بێت. تا زەوی بکەمە ڕووناکستان و تاریکستان، ئەو کاتیش دەزانم تۆ دەبیتە نیوە ڕۆناکییەکە! منیش نیوە تاریکییەکە... یان ئە... لەبەر ئەوەی من... نا .. من.. دەخولێنەوە.

# ئامۆژگارییەکانی" مەکیاڤێلی"
# بۆ کام قۆناغی مێژوو بوو

رزگار ئەمین نەژاد

ئەگەر لە سەدەکانی نێوەراستدا مەکیاڤێلیێ بە رووخسارێکی ناحەزەوە کەوتە نێو مێژووی ئەدەبیاتی سیاسی ئەو سەردەمەو بگرە ئێستاش، هۆکارەکەی لە درکاندنی واقعێکی سادەدا سەرچاوەی گرتبوو. ئەو پەردەی لە سەر واقعێکی مرۆڤایەتی هەڵدایەوە کە لە سەردەمانێکی کۆنەوە و تا بە ئێستاش وەك زاتێکی نەفسی– بەلارێم شاراوە– تەقەدووسێکی وەهمی بە " تاك" دەبەخشی. دەسەلات و چۆن وەدەستهێنانی و چۆن ە راگرتنی دەسەلات، ماکی کتێبێك بوو بە ناوی" میر" ( شەهریار) کە بە کۆمەڵێ پەندو ئامۆژگاری فۆرمەلە کراوە بۆ بەکارهێنانی تەکنیکی سیاسەتکردن.




دەستەواژەیەکی بەناوبانگ هەیە کە دەخرێتە پاڵ مەکیاڤێلی و ئێمە لە گەڵ باس و خواسی بابەتیانە یان سیاسیدا گوێبیست دەبین. ئەم دەستەواژەیە ئەگەر بە دروستی وەرمگێرابیتە سەر کوردی ئەمەیە: " ئامانج پاساودەری کەرەسەیە". ئەگەر بەشێوەیەکی سادەتر ئەم دەستەواژەیە بخوێندرێتەوە ئەم دەرەنجامە وەردەگرین کە، بۆ گەیشتن بە ئامانج کەڵك وەرگرتن لە هەر چەشنە کەرەسە یان تاکتیکێك شەرعییە.

نەریتی مرۆڤایەتی وای کردووە کە بۆ پێناسەکردنی هەر چەشنە کردارێك، حیجابێك بخولقێنیێ بۆ سەرپۆشدانان لەسەر کاردانەوەی ئاکارەکانی لە ڕوانگەی بەها ئینسانییەکاندا. ئەگەر مەکیاڤێلی بە درکاندنی سیمای راستییانەی تەکنیکی دەسەلات و هێشتنەوەی دەسەلات، ئاوا کەوتە بەر نەفرەتی سەردەمانێك، ئەمە بەو مانایە نەبوو کە ئەو درۆی لەگەڵ سەردەمی خۆی دەکرد یان بوختانی هەڵدەبەست، بەڵکو بە پێچەوانەوە ڕێك پەنجەی لەسەر واقعێك دانابوو کە

پیرۆز بوونی خودانی دەسەلاّتی دایە دەم بای گومانەوە. ئەو سەرچاوەی دەسەلاّتی گەراندەوە بۆ غەریزە نەفسی و شەهوەتییەکانی مرۆڤ و بۆ هەتا هەتایە ئەم حوکمەی شکاند کە وەچەی نویٚ پشت ببەستیٚ بە ڕزگاریدەر. بەلاّم داخوا مرۆڤ تا چ رادەیەك دەرس وەردەگریٚ لە ئەزموونی میٚژوو و سایکۆلۆژیای دەسەلاّت؟ ئەمە ئەو پرسەیە کە مرۆڤایەتی هیلاکی دەستی سەداقەتی خۆی دەکات.

ئەگەر سەدەی هەژدەم وەك سەدەیەکی رۆشنگەری ویٚستگەیەك بوو بۆ پیٚناسە کردنی مەعریفەت و دەسەلاّت، دەبینین کە خویٚندنەوەیەکی نویٚ بەرهەم هیٚندرا بۆ رۆچوونە نیٚو بناغە گشتییەکانی بەرهەمی تاك و کۆمەڵ. هەر لەم سەردەمەدا ئاوریٚکی جیاواز درایەوە لە بەرهەمە بەناوبانگەکەی مەکیاڤیٚلی واتە" میر". بەم خویٚندنەوە نویٚیە، مەکیاڤیٚلی لە تاوان دەشۆردریٚتەوە و هەموو ئەو قسەو قسەرۆکانەی کە کەوتبوونە پاڵی سپرانەوە. سپینوزا( spinoza) دەڵیٚ : " مەکیاڤیٚلی زۆر زیرەکانەو بە رواڵەت وای شیدەکاتەوە کە میریٚك ( کە جگە لە کوڵ و کۆی دەسەلاّت هیچ ئەنگیزەیەکی تری نییە) دەبیٚ پەنا بباتە بەر چ کەرەسەیەك بۆ ملکەچکردن و گویٚرایەڵکردنی مەیدانی دەسەلاّتەکەی لە پیٚناو بڕیارەکانیدا، بەلاّم زۆر بە دەگمەن دەتوانین لە مەبەستی سەرەکی ئەو(مەکیاڤیٚلی) تیٚبگەین.

رەنگە ئەو ویستویەتی بۆمان دەربخات کە مرۆڤی سەربەست و ئازاد دەبیٚ تا چ رادەیەك وشیارو ژیر بیٚت لە سپاردنی چارنووسی خۆی بەدەستی " تاك"... چونکە " تاك" بۆ رەواندنەوەی هەر چەشنە نیگەرانییەك کە ببیٚتە هۆی لەرزاندنی ئاوتۆریتیٚەکەی، هەردەم لە پلان دایە بۆ دژکردەوە ەو ئەە وادەکات کە ناچار دەبیٚ پتر خۆی سەرقاڵ بکات بە بابەتە تاکە کەسییەکانی خۆی و بەم پیٚیە خیٚرو بەرژەوەندی جەماوەر دەکاتە فیدای بەرژەوەندی خۆی و دەزگای دەسەلاّتەکەی. سەبارەت بەم پیاوە وردبین و چیرەدا، من چتر لەسەر ئەم قەناعەتەم کە ئەمە مەبەستی سەرەکی ئەو بووە. چونکە دەزانم ئەو هۆگری ئازادی

**سەدەی بیستەم هەڵگری درندانەترین و بیٚ بەزەییانە ترین چیرۆکی تاڵی هیوا جوانەمەرگەکانی مرۆڤ بووە.**

بووەو بۆ پاراستنی ئازادی دروستترین و کارامەترین ئەندەرزی بە ئێمە داوە."  بەم پێوەرە، چاخی رەوشەنگەری دەیەوێ هەڵگری چ پەیامێك بێ بۆ وەچەی دوای خۆی؟ بیگومان ئەم جیلە پابەند بووە بەم پرەنسیپە ئەخلاقییەی کە پێویستە هەر سەردەمێك بە پێوەرە تایبەتییەکانی خۆی هەڵسەنگێندرێ. وەك میتۆدێك ئەمە ئاوڕدانەوەیەکی مێژووییە و نکوڵی لێناکرێ، بەڵام وەك " تاك" هیچ پێوەرێك لە ئارادا نییە کە " تاکی دوێنێ " لە تاکی ئەمڕۆ جیا بکاتەوە. " تاك" بە گشتی سەرچاوەیەکی نەفسییە کە بۆ هێشتنەوەی خۆی یان بۆ بەئەنجام گەیاندنی " ئامانج" ئامادەیە هەردەم بکەر( فاعیل) ی سەرەکی کتێبی " میر" بێت و هەموو تەکنیکەکانی سیاسەت لە پێشچاو بگرێ. ئەم چەمکە پاڵنەرێك بوو بۆ بەرهەمهێنانی گیانی بە کۆمەڵ و تەنگ کردنەوەی مەیدانی دەسەڵاتی " تاك" لە سیاسەت و کۆمەڵگادا. ئەمە وایکرد کە هەوڵبدرێ بۆ نەهادینە کردنی کۆمارو ئەم کۆمارەش شەرعییەتی خۆی لە جیاوازی یان بە واتایەکی تر پلورالیسم وەربگرێ. لێرە بەدواوە ئەمە "تاك" نییە کە کۆمەڵگا بەرهەم دێنێ، بەڵکو ئەمە کۆمەڵگایە کە بۆ بەرهەمهێنانەوەی خۆی بە کۆمەڵێ پرۆسەی عەقڵیەتیدا تێدەپەڕێ.

گرینگترین هەنگاوی ئەم چاخە، هەوڵێك بوو بۆ ئاوێتەکردنی ئەخلاق و سیاسەت. ئەگەرچی ئەخلاق و سیاسەت دوو چەمکی جیاوازن بەڵام زەرووڕەتی نیزیك بوونەوەی ئەخلاق لە سیاسەت، دەستەبەرێك بوو بۆ ئازادی و نیشانەی بەرفراوانبوونەوەی چەمکی کۆمەڵگای مەدەنی. ئەگەرچی ئەم بابەتە وەك پراکتیك گەلێ ئەستەم بووە، بەڵام وەك ئامانج لە گیانی دادپەروەری و ئازادیدا ڕەگی قووڵی داکوتابوو. ئەمە پێوەرێکە بۆ هەڵسەنگاندنی و دەسەبەرکردنی بەها گشتییەکانی مرۆڤایەتی لە مەیدانی دەسەڵاتێکی سیاسییدا. لێرە بەدواوە جەماوەر بەرزترین و دیارترین مۆتیڤی چەمکی سیاسەتەو، تەواوی هەوڵ وتەقەللاکان دێنە خانەی پۆپۆلیسمێکی رادیکالانە و چەمکی دەسەڵات جێی خۆی دەدا بە واتای دامەزراندنی دەوڵەتی خزمەتگوزار.

هیشتا زووە ئەگەر بمانەوێ حوکم بدەین لەسەر ئەوەی کە ئەم رەوتە وایکردووە کە خودی واتای دەسەڵات بگۆڕێ. یان بە واتایەکی تر قەناعەت هێنان بەم گۆڕانکارییە لە ئەدەبیاتی سیاسەتدا گەشبینییەکی بێ ئاوزانەیە، چونکو سەدەی بیستەم هەڵگری واتایەکی ترە بۆ چەمکی سیاسەت. لەم قۆناغەدا پچرانێکی ئەوتۆ هەست پێدەکرێ لە رەوشی دیپلۆماسیدا، بەڵام بە گشتی دەکرێ بڵێین کە دیبلۆماسی کۆلۆنالیزم بە چەشنێك خۆ بەرهەم دەهێنێتەوە. لەم سەردەمەدا بەرژەوەندی گشتی وەك فاکتێك دەچێتە دەرەوەی بەهاگشتییەکانی مرۆڤایەتی و مرۆڤ دەکەوێتە بەردەم جوغزێکی بێ چارەسەر لە ئاست ویست و هیواکانی. هەر بۆیە سەدەی

بیستەم هەڵگری دڕندانەترین و بێ بەزەییانە ترین چیرۆکی تاڵی هیوا جوانەمەرگەکانی مرۆڤ بووە.

سەدەی بیستەم و ڕەوتی بزاڤە ڕزگاریخوازییەکان شایەدحاڵێکن بۆ ئیفلیجبوونی بزاڤی ڕۆشنگەری لە سۆنگەی سیاسەت و دەسەڵاتدا. ئەگەر لە چاخی ڕۆشنگەریدا ( سەدەی هەژدە) واتای دەسەڵات دەکەوێتە ژێر کاریگەری ڕەخنەی سەردەمی خۆی، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ واتایەکی ڕیشەیی سەبارەت بە یاسای مەدەنییەت و چەمکی پەیمانی کۆمەڵایەتی. لەم سەردەمەدا( سەدەی ١٨) نوخبە دەوری سەرەکی هەیە لە بەرزکردنەوەی واتای ئینسانی/ سیاسەید. سیمای وەك "ژان ژاك ڕۆسۆ"، " جۆن لاك" ،" تۆماس هۆبز"، " سپسنۆزا" و " مۆنتیسکۆ" دیارترین کەسایەتی کایەی سیاسی و مافپەروەری ئەو سەردەمە بوون. گۆڕانکاری لە کۆمەڵگاو سیستەمی بەڕێوە بردن ڕاستەوخۆ دەکەوێتە ژێر کارتێکردنی تیۆرییانەی نوخبەی سەردەمی خۆی و لێرەدا کە " فیکر" دەبێتە خاڵی وەرچەرخانی مێژوو. دیارە ئەو سەردەمەش خاوەنی سەربردەی توند و تیژی و شەڕ بووە بەڵام نە بە واتای سەدەی بیستەم.

سەرەتای سەدەی بیستەم بە پێچەوانەی چاخی ڕۆشنگەری، عەقڵیەتی سیاسەت لە نوخبە ڕا دەگوێزێتەوە بۆ سیاسەتوانی پیشەیی. لێرە بەدواوە گەڵاڵەکردنی پلانی وەك کۆمەڵگاو پەیمانی کۆمەڵایەتی لەمۆد دەکەوێ و ئەفسانەسازی سەدەی بیستەم دەبێتە گرانیگای سیاسەت و فیکر بە گشتی. ئەم وەچەیە خۆی ئامادە دەکا بۆ وەدیهێنانی خەونە ئەفسانەییەکانی. ئەم ئەفسانەسازییە دەشێ لە دوو فۆڕمی جیاوازدا دەستنیشانبکرێ.

ئەفسانەی ناسیۆنالیزم و ئەفسانەی کۆمۆنیزم. بۆ یەکەمییان دەشێ ئاماژە بدرێ بە ڕەوتە نەتەوەییەکانی بەر لەشەڕی یەکەمی جیهان لە ئەورووپای ناوەندی، کە سەرەنجامەکەی فاشیزم و نازیسمی لێکەوتەوەو سەرەنجام بوون بە هۆکاری دوو کارەساتی دڵتەزێن واتە شەڕی یەکەم و دووەمی جیهانی. ئەگەر چی شەڕی دووهەمی جیهانی بە قازانجی کۆتاییهاتنی ئەفسانەی ناسیۆنالیزم/ فاشیزم تەواو بوو، بەڵام لە ڕاستیدا بوو بە سەرەتایەك بۆ کردنەوەی بەرەیەکی نوێ کە هەمدیسان جیهانی کردە ئامانجی قەیرانێکی مرۆیی. لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا جیهان دابەشکرا لە نێوان دوو جەمسەری دژبەیەك، جەمسەری لیبرالیزم و سۆسیالیزم. ئەم دوو جەمسەرییە سەرەتایەك بوو بۆ سیناریۆی دەسەڵات لە فۆرمێکی جیاوازدا.

ئەم سیناریۆیە دوپاتبوونەوەی دەسەڵاتی مووناریشی سەدەکانی بەر لە سەدەی بیستەم نەبوون، بەڵکو لێرە بەدواوە "تاك" جێی خۆی دەدا بە "ئایدۆلۆژیا".واتە گەڵاڵەی پاراشتنی

بەرژەوەنـدی تـاك دەگوازێتـەوە بـۆ پاراسـتنی بەرژەوەنـدی ئایـدۆلۆژیا. بـەلاّم لـە راسـتیدا لـە سەرەوەی ئەم ئایدۆلۆژیایەدا " تاك" پتر بەرچاو دەكەوێ.

بەم ڕاڤەیە دەشێ بڵێین" تاك" هەر لە جێی خۆیەتی و فۆرموولەكانی" میر" بەردەوام خۆی بەرهـەم هێناوەتـەوە. "تـاك" ی ئـەم سـەردەمە كۆمـەڵێك شـێتی مێـژوویی بـوون كـە بـە جنوونەسەركێشەكانیانەوە مێژوویەكیان بۆ بەجێهێشتین، كە زۆر بەدەگمەن جیلە یەك لەدوای یەكـەكانی مرۆڤایـەتی لـە چارەنووسـیان دەربـاز دەبـن. " هیتلـەر و مووسـەلینی" كـە تراژیـدیای شـەڕی یەكـەمی جیهانیـان خولقانـد، " فرانكـۆ" و درامـای كارەسـاتە دڵتەزێنـەكانی ئیسـپانیا،" سـتالین" و شـوێن ونكردنیملیۆنـان جیـا بـیری یـەكیتی سـۆڤیەت، " مـائۆ" و كوشـتاری حـەفتا ملیـۆن لـە خـەڵكی چین، " پۆلپـۆت" و دوو ملیـۆن كوژراوی كامبوجی و.....




ئـەم واقیعـە تاڵـە وەبـیر هێنـەوەی گەمـە ناشەرعییەكانی سیاسەتن، كە چلۆن كایەی كرد بە مـرۆۋ و هیواكـانی ، یەكـەم نیهادێـك كـە بـوو بـە قوربـانی ئـەم گەمـە سیاسـیە نوێیـە، نیهادەگـەلی مەدەنی و بزاڤی ڕزگاریخوازی بوون لە سەرانسەری جیهانـدا. لـە ڕاپەڕینـەكانی وڵاتـانی ئـەمریكای لاتینەوە تا بە ڕۆژهەلاّتی نێوەڕاست و ئاسیای دوورو تەنانەت ئەورووپاش، هەر هەموویان بەرەو ڕووی نوشوست هاتن جگە لەو وڵاتانەی كە بە ڕواڵەت بەرژەوەندی ئایدۆلۆژیا لەوەدا بووە كە پشتیوانی لێبكرێ. لەم نێوەندەدا نیهادگەلی مەدەنی كە لەسەر بناغە گشتییەكانی ماف و بەها مرۆڤایەتییەكان دارێژرابوون و لە كۆنواسیۆن و جاڕنامەی مافی مرۆڤدا بەرجەستەكرابوونەوە، مەزڵوومترین یەخسیری دەستی ئەم سەردەمە بووە.

بەدوای كۆتایی پێهاتنی شەڕی سارد كە لەبەر یەك هەڵوەشاندنەوەی یەكێتی سۆڤیەت بە ڕواڵـەت هۆكارەكـەی بـووە، جیهـان بـە گشـتی و فـۆرمی دیپلۆماتیـك بەتایبـەتی پێـی خسـتە نێوقۆنـاغێكی تـر لـە كایـەی سیاسـیدا. لـەم قۆناغـەدا و لـە ئـەدەبیاتی سیاسـیدا دەوڵـەتان پـتر مولزەم دەكرێن بە لەپێشچاوگرتنی بنەما مەدەنی و ڕێسا نێو نەتەوەییەكان و پاراستنی مافی

مرۆڤ دێته خانەی سەرووی هەموو پرینسیپە گشتییەکان و هەروەها پرسی ژینگەو خەبات بۆ نەهێشتنی هەژاری بەشێکی بەرچاو بوون لەو گرێبەست وپەیمانانەی کە لە نێوان دەوڵەتاندا ئاڵوگۆڕ دەکران.

بەرەو ڕوو کردنی دەوڵەتان و بە تایبەت وڵاتانی بەهێز لە بواری ئابووریدا، لە بەرامبەر کێشە و گرفتە سەرەکییەکانی مرۆڤ ئەو هیوایەی لە دڵی هەموو کەسدا گەشاندەوە کە نەمانی سیستەمی دوو جەمسەری ڕووناکاییەکە بۆ بەرەو پیر چوون و چارەسەرکردنی ئەم کێشە سەرەکییانە کە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەم پرسە واتە هەژاری و ژینگە و چەسپاندنی مافی مرۆڤ و کێشەی کۆچبەری و کەڵەکەبوونی چەکی میکرۆبی و ئەتۆمی و نەخۆشییە کوشندەکان، بە هەڕەشەیەکی جیدی هاتە ئەژمار بۆ مرۆڤایەتی و وەچەکانی دوای ئێمە.

بە پێی سەرژمێرییە ڕەسمییەکان کە لە ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوەکانی سەر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هاتووە و دێن، ژمارەی مەرگ و ڕادەی پەرەسەندنی ئەم گرفتانە گەورەترین گەورەترین قوربانی لە سەرجەم دانیشتوانی جیهان سەندووە ودەستێنێ. بەڵام ڕووداوی یازدەی سێپتێمبەرو هەڕەشەی دیاردەی تیرۆریزم سەرپۆشی دانا لەسەر ئەم بەدواداچوونەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان. دیاردەی تیرۆرو گرنگی بەرەو ڕووبوونەوەی دەوڵەتان لە ئاست تیرۆریزمدا، دەسپێکی گەمەیەکی نوێی سیاسی بوو کە بوو بە بەرهەمهێنانی قەیرانەکانی سەرەتای سەدەی بیست و یەکەم.

ئەگەر دارمانی سیستەمی سیاسی یەکیەتی سۆڤیەت بوو بە هۆی کۆتایی هاتن بە شەڕی ساردو تەنگژەی سیاسی و ئایدۆلۆژییەکان، لە ڕاستیدا سەرەتایەك بوو بۆ نائەمن تر بوونی جیهان. شەڕی باڵەکان و هێندێ لە کۆمارەکانی یەکێتی سۆڤیەت کە تازە سەربەخۆیی خۆیان ڕاگەیاندبوو، ناوچەکەی تووشی کارەساتی مرۆیی کرد و ڕەشەکوژی و تۆڵەسەندنەوەی لە سنوور تێپەڕیوی نەتەوە جیاوازەکانی ئەو ناوچەیە سیمای مرۆڤایەتی شێواند.

بێسەرو شوێنبوونی جبەخانە ناوکییەکان و نفووزی مافیای قودرەت لەو ناوچەیە، گومان و دڵەراوکەی دروستکرد لە ئاست دەستپێڕاگەیشتنی هێندێ دەوڵەت و گرووپی تیرۆریستی بە ئەم چەکە بە کۆمەڵکوژانە. لەمەش گرینگتر ئەو بۆشاییە بوو کە کەوتۆتە نیو سیستەمی دەسەڵات و پارسەنگی هێز لە جیهاندا. سیستەمی تاك جەمسەری و بەهێز بوونی بیرۆکەی سازدانی یەکێتی و پەیمان و کۆڕو کۆمەڵی جۆراوجۆر چ لە بواری ئابووری و چ ستراتیژی و ئایینی( وەك کۆنگرەی ئیسلامی) و هتد..

هەر هەموویان نیشانەیەك بوون بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی کە کەوتبوە نێو سیستەمی دەسەلأت وهەولێکە بۆپاراستنی ئەمنییەت و مانەوەی ئەم چەشنە دەسەلأتانە. بەلأم گرینگترین هۆکاری ئەم دامەزراوە نێو نەتەوەییانە وا مەزندە دەکرێ کە تەقەللایەکە بۆ دۆزینەوەی بەرژەوەندی هاوبەش لەنێوان ئەو ولأتانەی کە بە دوای دارمانی یەکێتی سۆڤیەت گۆیا تووشی بیئاسۆیی هاتبوون. ناتۆ- بە گوێرەی بۆچوونی هێندێ خاوەن بۆچوونی سیاسی، لە هەولّی پاکانە حیساب دەبێ لەگەلّ ئەو ولأتانەی کە لە سەردەمی شەڕی سارد دا بە باج وەرگرتن لە هەردوو لایەنی شەڕی سارد، مەجالیان دەستکەوت بۆ پێکهێنانی سستەمی دیکتاتۆری و نا مەدەنیانە.

ئەم پاکانە حسێبە بە فاکتی گەشەدان بە تەرحی دیموکراتیزیسیۆن لە ناوچەدا، یەکەم ئامانجی خۆی بە گەلألەکردنی شەڕی دژە تیرۆر پێکاو ماشینی دژە تیرۆر یەکەم هەلّمەتی خۆی بردە سەر ئەو ولأتانەی کە لەسەردەمی شەڕی سارد دا بە پشوو درێژییەوە یاسا بنچینەییەکانی نێونەتەوەیی و مافی مرۆڤی پێشێل دەکرد. بەلأم داخوا ڕەوتی دیموکراتیزسیۆن پەیڕەوی لە چ بنەمایەکی عەقلّی دەکات کە هەنگاوە عەمەلییەکانی خۆی بە شەڕ هەلّێناوە؟ بێگومان ئەم ئاکسیۆنە جگە لە ئالۆزترکردنی ناوچەکەو پێکهێنانی ئاستەنگ لە بەردەم ڕەوتی دیموکراسی خوازی هیچ کاردانەوەیەکی ئەوتۆی لێ ناکەوێتەوە. ئەمری دیموکراسی موستەلزەمی کەرەسەی مەدەنییەو دیموکراسی لە خۆیدا پرۆسەیەکە کە پێویستە بە سەر ڕەیلّی لێکتێگەیشتن و تەساهول دا بچێتە پێش.بەلأم سەبارەت بە بێ بەند وباری بازاڕی بازرگانی بابەتەکە شتیکی ترە و ڕەنگە بێسوودیش نەبێ.

جێی خۆیەتی کە وەچەی ئەمڕۆ ئەم گومانەی لا دروستبێ لە ئاست بیرۆکەی نیۆلیبڕالبزم و گەلألّەی دیموکراتیزسیۆن لە ناوچە جیاوازەکانی جیهاندا. بێگومان نەبوونی سستەمی دیموکراسی لەم ناوچانە نکوّلّی لیناکرێ، بەلأم نەبوونی دیموکراسی تەنیا یەك گرفتەو گرفتە سەرەکییەکانی تری ئەم ناوچەیە بیژمارن. چەمکی دیموکراسی و زەروورەتی ئەم سیستەمە مۆدێرنە ئەو مانایە ناگەیەنێ کە دیموکراسی دەسەبەرێکە بۆ نەهێشتنی هەژاری و پاراستنی ژینگە و نەهێشتنی نەخۆشییە کوشندەکان و پرسی کۆمەلأیەتی و مافی مرۆڤ و..

ئەگەر سەرنج بدرێ بە بەشێکی زۆر لە ولأتانی دیموکراتیك کە هەتا ئێستاش لە چارەسەرکردنی ئەم گرفتانە سەرکەوتوو نەبووە وبگرە کێشەی هەژاری، ژینگە، ئابووری، گەندەلّی ئیداریو مافیای ژن و مندالّ و چەك و دەرمانی سڕکەر، کۆمەلّێکن لەو گرفتانەی کە ئەم ولأتانە دەیان سالّە لە گەلّیادا دەژین. ئەوەتا ئەمڕۆ کۆمەلّگای مرۆڤایەتی بە چاوی خۆیان

دەبینن کە لە ئەنجامی گەلاڵەی پرۆژەی دیموکراسیزاسیۆن چ جۆرە دیموکراسییەك بەرهەمهاتووە.

بێگومان هەر کەس سەرنج بدا بە دۆخی ئێستاکەی عێراق و ئەفغانستان دەبینیٚ کە پرۆژەی دیموکراسیزاسیۆن زیندووکەرەوەی قەوارەی خێڵەکی و عەشایەرین لەم ناوچانەدا. هەروەها لەگەڵ هەڵمەتی ئەم پڕۆژەیە دەبینین کە پلانەکانی ئاشتی لە ناوچە جۆراو جۆرەکانی جیهان چلۆن دەکەونە ژێر مەترسی هەڵوەشانەوە و باشترین بەڵگەش ئاڵۆزییەکانی ئەم دواییانەی فەلەستین وئیسرائیلە، ئەگەر بمانەویٚ بە تەفسیر باس لە قەیرانی ناوکی کۆماری نەکەین، هەر ئەوەندە بەسە کە ئاماژەبدریٚ بە بەستەی پێشنیارەکانی وڵاتانی ١+٥ کە ڕاشکاوانە پرسی مافی مرۆڤ فیدای ڕاگرتنی پیتاندنی ئۆرانیۆم کراوە. پرۆژەی دیموکراسیزاسیۆن بەم سەودایەی دەیەویٚ بە گەلانی ئیچران بلچیچ کە تەسلیمی چارەنووستان بن و دابینکردنی مافی مرۆڤ ڕێگایەکی دووری لەبەرە.

بە لەبەر چاو گرتنی ئەو تەنگژانەی کە ئەمڕۆ زێتر لە هەر سەردەمانێك بەرەو ڕووی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بووەتەوە، ئاورنەڕدانەوە لە گرفتە بنچینەییەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی ڕێگا خۆشکەرێکە بۆ درێژەدان بە سستەمی سیاسی سوننەتی، بەم پێیە لە خشتەبردنی چەمکی مافی مرۆڤ و هەمووارکردنی دەرفەتێکی یەکسان و لەبار بۆ گشت کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتی، دەبێتە قوربانی سیاسەت و ستراتیژیای بازاڕی ئازادو ئابوورییەکی هەوسار پساو کە ئەمڕۆ گەیشتۆتە سنووری ئیفڕات و لە کۆنترۆڵ دەرچووە.

بە سەرنجدان بە مۆنۆپۆلە زلهێزەکانی جیهانی و سیما ئاشناکانی سەرمایەداری سنوور بەزێن، دەبینین کە چەمکی " تاك" چلۆن لە سیمایەکی دیکەدا دەردەکەویٚ. بەڵام ئەم سیمایە وەك دەستێکی نادیار لە پشت پەردەی سیاسەت و مۆدێرنیزمەدا گەلاڵەی سیناریۆی پەرەستی خۆی دادەڕێژیٚ.

# سیستەمی فەرمانڕەوایی
## لە کۆلۆنییەکانی ئینگلیزدا

ئا: د. حسین علی سبتی
و: توانا ڕەشید کەریم

لەگەڵ ئەوەی کردەی کۆلۆنیالیزم colonialism لە جیهانی نوێدا لە سەر بناغەی" دەسەڵات پێدان authorization" و " بە خاوەنکردن یان موڵکاندن theowener possessive" بنیاتنراوە، بەڵام لە ڕاستیدا خودی ڕاگەیاندراو و جاڕدانی" دەسەڵات پێدان authorization" بە دانی تەواوی ئازادییەکان، مافە سیاسییەکان، پاراستەکان( الحصانات) immunities بە نیشتەجێبوونی کۆلۆنییەکانcolonist، کە خودی هاووڵاتیانی لە دایکبووی ئینگلیتەراش هەمان مافیان هەبوو، ئەوەی بە تینتر و بەهێزتر کرد.

لە ئاکامی فراوانی درێژ بۆوەی جوگرافی، چوارچێوەی ئازادییە بەدەستهاتووەکان فراوانتر بوو، کە ڕێی بە دانیشتوان دا بە بڵاوبوونەوەیان بێ ئەوەی پێویستی بە ململانێ لە پێناو مانەوە بکات، یان سەپاندنی بیرو باوەڕیان ، ئەوەش بواری لەبەردەم نیشتەجێبووەکانcolonist کردەوە بۆ گوزارشتکردن لە بیروباوەڕ و ئیمان و ئاوات و ئارەزووەکانیان، بەڵام ڕۆڵی میریش لە ڕێکخستنی ژیانی سیاسی لێرەدا ڕەتناکرێتەوە لەبەر پەیوەستبوونی بە ڕکابەری کۆلۆنیالیزمی colonialism، شوێنگەی نێو دەوڵەتی، قتزانجی ئابووری بە بەستنەوەو لکاندنی کۆلۆنییەکان بە نیشتیمانی دایکەوە بە مەبەستی دەستەبەرکردنی خۆشگوزەرانی بۆ دانیشتوانەکانی.

بەو شێوەیە دوو جۆر ڕژێمی سیاسیمان لە ناوچەی نیشتەجێکردنەکانی ئینگلیزدا هەیە:

١-ئەنجومەنەکانی یاسادانان، ئەو ئەنجوومەنانەی کە دانیشتوانی کۆلۆنییەکان هەڵدەستان بە دانان و دامەزراندنی، وەك ئەوەی لە ڤیرجینیا دامەزرا، لەساڵی ١٦١٩ لە ڤرجینیا ئەنجومەنێکیان دامەزراند و ئەم ئەنجومەنەش دەستی بە نووسین ودەرکردنی چەند یاسایەکی جیاوازی تایبەت بە ( سەپاندنی باج، مامەڵە کردن لەگەڵ سزا تاوانکارییەکان) کرد.

شیاوی باسە ئەم بارودۆخەش تا هەڵوەشاندنەوەی تازیاری" دەسەلآت پێدان authorization" ی، دراو بە کۆمپانیای ڤرجینیا، بەردەوام بوو.

هەروەها هەروەکو ئەوەی حەجاجە کۆچەرەکانی سەر کەشتی ( مایفلاوەر) لە ساڵی ١٦١٧ پێی هەڵسان، ئەمانە لەسەر ئەو کەشتییەی ئەوانی دەگواستەوە لە بەریتانیاوە، بەڵگەنامەی( مایفلاوەر) یان بلآوکردەوە، بەپێی ئەو بەڵگەنامەیە دەستەیەکی سیاسیان بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکانیان بە دوور لە ئیرادەو ویستی تەختی شاهانە لە خۆیان دروستکردو پێکهێنا، بەم شێوەیە بناغەی فەرمانڕەوایی ویست و ئیرادەی نیشتەجێبووی کۆلۆنییەکان بوو نەك ئیرادەی تەختی شاهانە. پاش دیاریکردنی( بلیموپ) وەك مەڵبەندی نیشتەجێبوونیان لە دوفر( نیو هامشیر) و، لە کەنداوی ساکو( مین) یش. هەروەکو چۆن سیستەمی جێبەجێکردن لە ( ماساشوستس) لە ١٣ کەس پێکهاتبوو، کە ( وینپروب) بۆ فەرمانڕەواییکردنی نیشتەجێبوەکان بەڕێوەیدەبردن.

ئەمەش ئەنجوومەنی یاسادانان و جێبەجێکردنی دەنواندن، زۆربەی ئەندامەکانی لە چینی خۆشگوزەران بوون، لە دەستپێکدا دەسەلآتەکانی ئەم ئەنجوومەنە بە کارگێڕی و دادوەری دەستی پێکرد، پاشان بەرە بەرە پەرەیسەندو وەرچەرخا بۆ ئەنجومەنەکانی یاسادانان بە دانانی یاساو متمانە داراییەکان financial credit و سەپاندنی باج.

٢-دانان و دامەزراندنی کارگێڕی میری لەلایەن تەختەوە، کە لە " فەرنرەوای گشتی ruler general" خۆ دەنوێنێ، ئەمەش بە شێوەیەکی تایبەتی پاش گەڕانەوەی بنەماڵەی شیورات. ئەم فەرمانڕەوایەش، پاشا دایدەمەزراند و بە دەستەیەك، یا دەزگا، یا ئەنجومەنێك council، کە لەلایەن پاشا، یان تەختەوە دادەنران، دەور دەدرا. دانانی ئەم فەرمانڕەوایەش بەمەبەستی سەرپەرشتیکردنی کاروبارە جیاوازەکانی نێو کۆلۆنییەکان بوو، فەرمانڕەواش،

ئینگلیـزی دەبـوو لـە کاتێکـدا " ئەنـدامانی ئەنجومەنـەکان" ئەمـەریکی بـوون، و بـەزۆریش نوێنەرایەتی چینی خۆشگوزەرانیان دەکرد.

لەساڵی ١٦٣٠ دەستەیەکی گەورە لە داگیرکراوەکان بریارێکیان پێشکەشی ئەم کۆمەڵە فەرمانڕەوایە کرد، تێیدا هاتبوو ئەوان ببنە ئەندامێکی ئازاد لە کۆمپانیاکەدا، واتە: ئەو ماف و ئازادییانەیان بۆ دەستەبەر بکرێ، کە ئەندامانی کۆمپانیا هەیانە. ئەوەبوو لـە ساڵی ١٦٣١ وەڵامیئەم داوایەیان درایەوەو قەبوڵکرا بەمەرجی چوونە پاڵی هەریەك لەوانە بۆ کەنیسـەیەك و تێیدا بۆ پارێزگاریکردنی ئەندامانی نوێ لەم مافانە مەرجی دانابوو کە دەبێت ڕەزامەندی ئەندامانی تر لە ڕێگای دەنگدانەوە بەدەست بهێنن .

لـە سـاڵی ١٦٣٢ هاوڵاتییـەکانی شـاری" وتـر تـاون" ڕەتیـان کـردەوە بـاج بدەن و یـاخی بـوون، جـا بـۆ ئارامکردنـەوەی ئـەم یاخیبوونـە بڕیاریـدا کـە" فـەرمانڕەوا" کۆمـەکبکرێت بـە ئەنجومـەنێکی نوێنـەران لـە هـەر شـارێك بـۆ ڕاوێـژ پێکردنیـان لـە سـەپاندنی بـاج. نموونـەی ئەوەش باری دابەشکردنی دەسەڵات بوو لە نێوان " فەرمانڕەوا" و "دانیشتوان" لە کارگێری کۆلۆنییەکاندا.

کـاتێکیش نوێنـەرانی شـارەکان کۆبوونـەوە، لـە سـاڵی ١٦٣٤ ( دەسـتە، یـا دەزگایـەکی یاسادانان) یان پێکهێناو دەستیان بەسەر جڵەوی یاسادانان گرت. دواتر چەند یاسایەکیان نووسی لە نێویدا( قبوڵکردنی ئەندامی نوێ) لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی( سوێندی دڵسۆزی) لـە خۆگرتبـوو. ئـەوەش بـوە هـۆی گەڕانـەوەی دەسـتە نوێنەرایەتییـەکان لـە کۆلۆنییـەکان و بـاروودۆخی ( ماساشوسـتس) بـە حـوکمی زاتـی( خـود موختـاری) پیوریتانـەکان تـا سـاڵی ١٦٩١ بەردەوام بوو، ئەو کات بە پێی بەڵگەنامـەی " دەسـەڵات پێدان authorization" ی نـوێ لکێنرایـەوە بـە تـەخت لەگـەڵ بـەردەوام بـوونی دابەشـبوونی دەسـەڵات لـەنێوان " تـــــــــــــــــــــــــەختCROWN" كـــــــــــــــــــــــە " فەرمانڕەوا" ی دیاری دەکرد و " گەل PEOPLE" کە پارێزگارییان لە چاودێری بەهێزی خۆیان لەسەر ( گەنجینە) کردبوو.

بەڵام ( رود ایلنـد) و ( کونییتکت) و ئازادیخوازەکانیان لـە ساڵی١٦٣٩ لـە ( هـات فـورد) کۆبونـەوە، یەکـەم( دەسـتووری نووسـراو) یـان لـە کۆلۆنییـەکانی ئینگلیـزی دانـا، تێیـدا دیاریکردنی( فەرمانڕەوا) و دەستەیەکی یاریدەدەران و چوار نوێنـەری هەڵبـژێردراو لە لایـەن گەلـەوە لـە خۆگرتبـوو، دوای گەڕانـەوەی بنەماڵـەی ( سـتیورات) بـۆ سـەر دەسـەڵات لـە سـاڵی

١٦٦٠ و پاش كۆتايی هاتنی كۆناری (كرومويل)، ( كونيكيتكت) بەڵگەنامەی " دەسەڵات پێدان authorization" ی لەساڵی ١٦٦٢ لە " تەخت" بە دەستهێنا لەگەڵ چەند دەقێكی ئازادانەتر و پێدانی مافی دەركردنی یاسا بە مەرجێك دژ نەوەستێ لەگەڵ یاساكانی ئینگلتەرا.

لە ساڵی ١٧٠٠ یش رژێمی فەرمانڕەوایی گشتی بۆ كۆڵۆنییەكان دانرا، لەگەڵ ڕەچاوكردنی ڕەوشی تایبەتی( كونيكتيكت) و ( رود ايلند) بە نیسبەتی خود موختاری لە ڕێگای دیاریكردنی گشت ( فەرمانبەرانی كارگێڕی) یەوە.

بەو شێوەیە، ژیانی سیاسی لە كۆلۆنیەكانی ئینگلیزی بە سێ شت جیا دەكرێتەوە:


١- بوونی بەڵگەنامەی نووسراو بۆ بە گرەنتی كردنی مافە سیاسییەكان.

٢- بوونی ركابەری بەردەوام لە نێوان فەرمانڕەوا بەریتانییەكان، كە بەردەوام تەقەللای سەپاندنی سیاسەت و بەرژەوەندیەكانی ئیمپراتۆرییەتی بەریتانیایان دەدا، لەگەڵ ئەنجومەنەكانی نوێنەران، كە بەرگریان لە مافەكانی گەل دەكرد.

٣- سەرپەرشتی ئەنجومەنەكانی نوێنەران لەسەر ( متمانە داراییەكان financial credit) ، ئەوەش لەگەڵ بوونی قۆرخی سیاسی لە باشوور، كە لەسەر بناغەی ڕژێمی نیمڤە دەرەبەگایەتی ڕاوەستا بوو.

سەرچاوە: سایتی **st. clement univercity**

# ئەدەب و سروشت




ئەحمەد محەمەد شێخ وەسانی

هەر لەو کاتەی کە ئادەمیزاد توانیویەتی پەیوەندییەکی دروست و ئاشنایەتییەکی پیشەیی لەگەڵ ئەو ئامراز و میکانیزمانەی دەوروبەر دروست بکات، شێوازو ستایلی ئیش لەسەرکردنی لەبەر چاو گرتوە، هەستکراوە بەوەی کە لە قۆناغی سەرەتایی بەولاوە گۆرانکارییەکان هەمە لایەنن.. بە واتایەکی دیکە مرۆڤ پەیوەستە بە جیهانێکی ئاڵۆسکاو و جوان سەرەڕای سەختی و دژواری لە پێکهاتەی کارکردنەکان، لەگەڵ ئەمەشدا بە هەند وەرگرتنی قاوغە کلاسیکییەکان، هەستکردن بە بەهاو قودسیەتی دەوروبەر، لەسەرو بەندی خۆشگوزەرانیدا، کە تێیدا گۆڕانکارییەکان کاڵبوونەوە لە بینین بەرامبەر سیاسەت و کۆمەڵایەتی و هەماهەنگی نواندن و دەستەڵات و ژیانی واقیعیانە، کەچی سروشت لێوانلێو بوو لە شوناس و هۆنینەوەی پەرچەمی ئەدەب تیایدا، ئەمە لە حاڵێکدا کە درك پێکردنی ئاشکراو رواڵەتی نەبوو، بەڵام لە ناخەوە پەرژینی سنوورەکەی بەزاندبوو... واتە نرخی ئەدەب لە کالاَیەتی زهندا بالاَیەتی خۆی دەنواند، هەرچەند دەربڕینەکان زیاتر و رەنگاڵەیی تر دیکۆرە هەمەچەشنەکانی تۆخ دەکرد.

لێرەشەوە دەمانخاتە ناو ئەو گێژاوە فیکریەی کە مرۆڤ پشتی پێدەبەستێت بۆ خۆ رزگارکردن لە کێشە دەروونی و فیکرییەکان، هەروەها لە دارمانی کەسایەتی و پاراستنی تایبەتمەندییەکانی هەڵسا بە دروستکردن و داتاشینی دەق( تێکست) ەکان، بۆ لەدایك بوونی دەقێکی زیندوو، ئەویش بە شێوەیەکی شێتانەو ئیحا بەخشی پڕ لە عیشق و جوانی

و خـەیاڵ بـۆ زامنکردنـی یـان بەدەسـتهێنانی زەمـەنێکی لەزەتبـەخش، کـە لـە نێـو گیـان و مەوهیبـەکانی دڵ و دەروون و هـزری حەشـاردراوی گۆشـەنیگای ئـەدەبی خـۆی دەبینیـەوە... بۆشایی نێوان ریتمە بنچینەییەکانی ئەدەب و نەزەریەو وردبوونەوەی ئەوان پەی پێبراوە، کە لە پێکهاتەو راڤەکردنەکان تەکەزی لەسەر کراوە، لەوەوە دەردەکەوێت کە هونـەری هەڵکەندن و بە نموونـە کردن و بـە توانایی و سـەلیقە لـە دەرخسـتنی کـەل و پـەلی کـارپێکراو، هـەروەها رێچکە ئەدەبییەکانی شیعرو دەستەڵاتەکانی چیرۆك و پەخشانیش سەرچاوە دەگرێ.

تا ئێستا ئەم دەقانە مێژووی بەردەوامیان هەیە و پەرش و بڵاو بوونە، لەهەمان کاتدا دەبینین کە مرۆڤ لەگەڵ دەوروبەردا جۆرێك لە کارتێکردنی هەیە وەکو جیاکردنـەوەی لایەنـە مەترسـی و چێژو خۆشی بەخشەکان، بۆ وێنە دەنگە خـۆش و ناخۆشـەکان ئـەمیش بـەهۆی فسـیۆلۆژی گوێیەکان.. کەواتە لێرە دەقە سروشتییەکان لە مرۆڤی سەرەتایی دەستی پێکرد، ئـەویش بـۆ ئـارامگری دەروونـی و خاوبوونـەوەی گـرژی دەمـاری، کـە هـەوڵی لاسـایی دەنگـە خۆشـەکانی دەکردەوە... کە لە رۆژگاری ئەمڕۆدا زەقتر لە ژەنینی ئالەتە مۆسیقییەکان دەردەکەوێت.

مـەهامێکی گەورەیـە گـەر لـەوە تێبگـەین لـە راسـتیدا زانسـتی هونـەری ئـەدەبی وەك میتۆدێکی دەربڕین لە زانستێکی دیاریکراوەوە خۆی دەنوێنێ، چونکە لـەو شـوێنەوە دەسـت پێدەکات کـە مـرۆڤ تێیـدا بـە ڕوئیایـەکی تـر شـتەکان دەبینـێ و تێفکرینـی تێـدەکات، ئەمـەش هەستی ئیستاتیکای تێدا دەبزوێنێ کە شتێکی ئەزەلییە.

راسـتە کـە هەنـدێ تایبەتمەنـدی هەیـە لـە چوارچێوەیەکی دیـاریکراوی کـرداری دەق بـەو لاوە پەیوەندی بە خود لە مومارەسەکردنی ژیان بەرامبەر بە رەمزەکان هەیە، ئاوێتەیـە لەگـەڵ رۆح و وجـودی عـەقڵی ئێمـە، بـەڵام هاوکـات لەگـەڵ ئەمـەش بـە خوێندنەوەیـەکی تـری کەشفکردنی مەوداکانی کە خۆی لە خۆیدا لایەنە نادیار و شادراوەکانی جیا لـە دەرککردنـی عـەقلی و زەینـی ئاشـکرا دەکـات، بـەوەی کـە خـودی خـۆی جوانـەو جوانیەکـە هەیـە نـەك بـە لێکدانەوەی عەقڵی ئێمە بە دەربڕینێکی تر ئەو فۆرمـەی کـە ئـەو جوانیـەی وەرگرتـوە، هـەر هەبوەو هەیە، هەتا وەکو گەر عەقڵی ئێمەش دەرکی پێنەکات..

بەڵام هەوڵێکی دەوێ تاوەکو لە ڕێـی کەناڵێکەوە چاکتر بدرێ بـەگوێی کەسـەکان و یـاخود وەك فیلمێکـی تەلـەفزیۆنی زیـاتر ئـاوەڵا بکـرێ، لێرەشـەوە زیـاتر گوشـار دەخاتـە سـەر پەردەپۆشـی و هەسـتە وردبینییـەکانی خـود تـاوەکو بـە دوای دەقێکـی کامـڵ و گونجـاو تـر بگـەڕێت، کـە لـە بـارە پەشـێوی و قـەیران و موعاناتـە دەروونییـەکان رزگـاری بێـت، کـە بـە

شێوەیەکی جیا جیا لە سەرجەمی ئەو حاڵەتە جیاوازانەی لە ناوەوەی هەریەك لە ئێمەدا هەیە، بەم هەوڵەش تا لە کلاّو ڕۆژنەیەکی جوانتر و بە ئیدیایەکی قوڵتر لە هەمبەر ژیارەکان سەیری ژیان بکەین، لەم پانتاییەشەوە بەیانی ئەمە کراوە کە مرۆڤ پێکهاتەیەکی ( سایکۆ- سۆسیۆلۆژییە) بۆیە بەردەوام تا بۆی بلوێ لە ململانێدایە، بۆ گەڕان بە دوای دۆزینەوەی شتی جوان وەکو( داهێنانی چاك، دەقی نایاب، شیعری بەهرەداتر، پەخشانی بەسۆز، مۆسیقای بە جۆش، تابلۆی جوان...) بەلاّم چۆن هەست بە بوونی شتە بالاّکان دەکەین، بە هەمان شێوەش شتی نابەجێ و ناشیرینیش هەیە، بەلاّم لەم حاڵەتە دا زیاتر هەستی پێدەکرێ کە شتە بالاّکان( جوانەکان) وجودی هەیە، مەرجیش نییە دەقەکان هەمووی جوان بن کە مرۆڤ پێیان راحەت بێت، چونکە جوانی دەق وەك توێژەرەکان دەریدەخەن زیاتر بەوە دیاری دەکرێت، کە کاراکتەرێکی سەرەکی بێت بۆ کارکردن لە عەقڵ و ویژدانی مرۆڤ .

ئەوەمان لە بیر نەچێت کە من نامەوێت لێکدانەوەیەکی سایکۆلۆژی بۆ دەقە هونەری و ئەدەبییەکان بکەم، بەلاّم وەك دەڵێن ئاشکراکردنی دەقەکان، هەڵگری ئەو شتە شاراوانەن لە ناخیدا .. ئەمە بڕستێکە تا دەگاتە سەدەکانی ناوەڕاست و ئێستاشی لەگەڵدا بێت، بزواندنی ئەم دەقە ژانرەییە بە ڕادەیەك پەرەی سەندوە بۆتە تەوژمی گۆرانکارییەکان کە حەتمییەتی خۆی سەلماندوە.

دیارە کوردیش وەك هەموو نەتەوەکانی تر ئەنتۆلۆژیای ئەم دەقانەی تیادا خولقاوە، هێور هێور تێزەکان تێیدا فراوان بوونە.. هەر بۆیە بەرهەمی زەمانێك گوزارشت لە ستراکتۆر و دەرهاویشتەو سروشتی زەمەنەکە تایبەت بە خۆی دەکات، واتە ئێمەش بێبەش نین وەکو توراس و کەلتور لەم بەها جوانە، بەلاّم پێویستە ڕەچاوی ئامادەیی ترسی بەرهەمهێنەر وەك کارکردن لە ناو بونیادی نوێداو هەروەها نا ئامادەیی خوێنەر لەناو بازنەی پێویستی بوون وەك هێزێکی وەرگر، هاوکات لەگەڵ سەرهەڵدانی تێکستەکەدا، بە هەردووکیان زەمینەکە لەبار دەبەن..

# نامەیەکی د. فازڵ قەفتان

**برای خۆشەویستم کاکە د. کەمال مەعروف پێشکەشە....پاش گەرمی هەواڵ... هیوام خۆشی و سەرکەوتنتانە...**

**برام، نامەکەی ١٩٩٥/٨/١٦...ناردبووتان پێم گەیشت خۆشحاڵ بووم... و پێش چەند رۆژێك بیرم لەوە دەکردەوە وتم : لە مانگی (٧) ەوە بەلایەنی کەمەوە دەبێ د. کمال گەیشتبێتە سوید!! و هیچ نامەیەکی بۆ نەناردم!! وا ئەمرۆ نامەکەتم پێگەیشت و بۆچوونەکەم لە واقیەکەوە نزیك بوو، بە هەر حاڵ هیوادارم خۆشحاڵ بن لە وڵاتی سوید و لەناو دۆست و برادەرەکانتانا خۆش بەسەری بەرن...**




**نازانم لە چیەوە دەست پێبکەم؟ دەشێ لێتان بپرسم باری زانکۆ ئەمرۆ دەبێ لە چیدا بێت؟ و کە هاتن چۆن بوو بێ، بێگومان کاتێ هاتن مومکینە بارودۆخەکە هێوەر تر بۆتەوە و دەبێ ئەم ڕیککەوتنانەی ئەم دواییە ( دبلن_ ئیرلەندە) کارێك بە ئەنجام بدات و خەڵکی ئیتر بە ئارامی ژیانێکی سادەی خۆیان ببەنە سەر...**

**بە داخەوە.. د. حەمە صالح قەدەرێك ناساغەو حەزم دەکرد هەردەم ساغ و سەلامەت بێ و زۆر ڕێزو خۆشەویستیم بۆیان هەیە، چونکە پیاوێکی ساغڵەم و هەمیشە دڵسۆزە بۆ میللەتەکەی... بەداخەوە نازانم چی بکرێت بۆ کاك یوسف حەمە صالح... ئەزانم وەزعی لەو بارودۆخەدا هەرگیز باش نییە... بەڵام خۆ خۆت دەزانی من کابرایەکی پەنابەرم ئەوی ئەمدەنێ هەر بەشی خواردنی ئەو مانگەمان دەکات و مەجالی لادانی نییە.. واتە( پاشەکەوت) تا بتوانم یارمەتی یوسفی پێبدەم و هاتنی ئەو( رەقەمەکەی) دیارو وازحە هاتن بۆ وڵاتێکی وەك سوید یان ئەڵمانیا کەمتر نییە لە ٤٥٠٠- ٥٠٠٠ دۆلار.. جا دەشێ من بتوانم ئەو پارەیەی بۆ کۆکەمەوە و ئەو لە( استانبۆل/ ئەنقەرەوە) بهێنم بۆ ئێرە. خۆزگە بمبوایە یارمەتیم ئەدا بێ وەستان... بەڵام نازانم تۆ رات چییە ئەو ئەڵێت لەگەڵ د. کەمال هەوڵم بۆ بدەن... نازانم ئەو هەوڵە لەگەڵ ئێوەدا دەبێ چی بێت خۆزگە پێشنیارت بۆ دەکردم تا بە عەمەلی بۆی خەریك بین... خۆ بە نسبەت (دەعوەتی) خۆت دەزانی من لێرە پەنابەرم و مافی دەعوەتیم نییە**

بۆ کەسیی بکەم، دەبیٚ یەکێك وەك ئێوە پاسپۆرتی ئەو وڵاتەی هەبێت ئینجا دەتوانیٚ دەعوەتی بکات خۆ من گەر ٦ شەش ساڵی کە لێرە بم ئینجا پاسپۆرتم ئەدەنیٚ یان نەء؟! بەهەر حاڵ.. خۆزگە زیاترت بۆ دەنووسیم لەو بارەیەوە..

کاکە دکتۆر کەمال نازانم سەبارەت بە نامیلکەکەمانەوە پرۆژەی بە کوردی کردنی زانست چی بەسەر هات، دەبیٚ چاپ بووبیٚ و گەر پارەکەیشمان پێبگات چاکە بۆ ئەم بیٚ پارەییەی ئێستام، چونکە خۆت دەزانی ساڵێکم دەوێت تا وەزعم چەسپ دەبیٚ چونکە زۆر شتم نوقصانە... ئومێدم وایە پارەکەیم پێبگات لەسەر ئیتفاقی پێشوومان و بە پێی ئەو ئیتیفاقەی بەسراوە لەگەڵ ئەو دەزگایەدا.. من زۆر پرۆژەم بەدەستەوەیە جاریٚ باسی ناکەم تا کاتێکی بزانین چۆن دەبیٚ... من لە زۆر رووە خەریکم جگە لە دوو کتێب بەدەستمەوەیە لە ماوەی ٦ مانگی داهاتوودا نیمچە تەواوی دەکەم و ئێستا بەشێکی دەنێرم بۆ گۆڤاری ڕابوون یان شوێنێکی کە و پاش ماوەیەکی کە توانام زیادتر دەبیٚ مومکینە هەر لێرە ئەو کتێبانەم چاپ بکەم.. بە هەر حاڵ بیر و فیکر و پرۆژە زۆرە بەڵام بێگومان هەردەم پارەو توانای دارایی گەرەکە.. ئومێدم وایە لە نامەی داهاتووتاندا زۆر شتی کە باس بکەین.. نازانم ئێستا کیٚ مودیری چاپخانەی زانکۆ یە پاشی من کیٚ هات و ئێستا کێیە؟؟.

د. کاوس عەزیز فەرەج/ تەربییە لە چیدایە؟ د. عزالدین رەسول؟ لە چ وەزعێکدایە؟ و مامۆستا دلشاد وتیان بوە بە عەمیدی مەعهەد لە سلێمانی. د. کەمال فوئاد لە چیدایە و ئەی د. کەمال خۆشناو ئێستا ئەم لە ماڵەکەی مندایە پیرۆز بیٚ.. کاك یوسف هاتۆتە دێی زانکۆ هیوادارم بە دڵی بێت. ئەبیٚ ژنتان هێشتا هەر نەهێنا بیٚ؟ ئومێد دەکەم پەلە بکەن و باشتر وایە و ماڵ و حاڵ پێویستە.. بە هەر شێوەیەك بیٚ پیرۆزە و هەردەم سەرکەوتوو بن.

کاکی برای.. ئێمە وا تازە وردە وردە ئیستقرار دەکەین و خانوومان گرتووە سەری مانگ دەچینە ماڵەکەوە و ناونیشانم هەر هەمان ناونیشانە ماڵی نەوزادی برام، چونکە گشت کات ئێمە پێکەوەین ئەو ناونیشانەم سابتە.. ئیتر هیوادارم نامەی دوەمتان خەست و خوڵتر بێت و زۆر شت روون بکەینەوە و لەیەك تێبگەین لە زۆر خاڵ و شتی پێویستەوە.. و مەوزوعی ( جەریدە) کە هەر کە(فکرە) بەردەوامەو کارمان بۆ کردوە و مومکینە یەك دوو مانگیکە پێبگات، چونکە موشکیلەی (فەنی) مان هەیە لە رووی ( تەنزید) واتە نوسینە کۆمپیوتەرییەکەی ئەویش حەل دەکەین و مومکینە ( دوو هەفتە) جارێك دەریبکەین. و گەشبینین لەو رووە.. گەر مەقالاتت هەبوو بۆم بنێرە بە مەرجێك ( مەقالەکە) تا چەند مانگێکی کەش بشیٚ و گەر لەسەر ئەدەبی کوردی بنوسن لەسەر ئەو شێوە هاوچەرخەی خۆتان سایی چاکە!! تا کاتێکی کە و چاوەڕێی دەنگوباستم.

خواتان لەگەڵ براتان د. فازڵ

١٩٩٥/٨/١٩

دوا وێستگە

# کەی کار بۆ نووسینەوەی مێژووی ئەدەبی هاوچەرخی کوردی دەکریٚ؟

هێمن عومەر خۆشناو

مێژووی ئەدەبی کوردی بریتییە لەو ئەدەبەی کە لە سەرەتاوە لە باباتاهیری هەمەدانیەوە بە پچڕ پچڕی و لەسەر بنەمای دۆزینەوەی دەقەکانەوە لە لایەن مێژوونووسانی ئەدەبەوە تۆمارکراون، کە دواترینیان تا سالآنی حەفتای سەدەی بیستەمی گرتۆتە خۆو بە هەموویان کەلێنێکی باشیان لەچاو مێژووی نادیاری ئەدەبەکەمان پڕ کردۆتەوە .

باروودۆخی ئەدەب لە دوای ئەم قۆناغەی کە تۆمارکراوە رەورەوەیەکی دیکە دەگرێتە بەر کە خۆی لە چەند قوتابخانەی جیاواز دەبینیٚ و ئەدەب و ژانرە ئەدەبییەکان پێشکەوتنێکی بەرچاو بەخۆیان دەبینن و لەملاو لەولا بەکۆمەڵ بەرهەمی ئەدەبی چاپ و بڵاو دەکرێنەوە، بەڕادەیەك رەنگە ئاماری هەموویان کارێکی زەحمەت بێت بەتایبەتی کە دەگاتە سەردەمی راپەرین و دەیەی نەوەتەکان.

ئەگەر تاکە پێودانی گرنگی نوسینەوەی مێژووی ئەدەبی کوردی لە رابردوودا دۆزینەوەی تێکستەکان و ساغکردنەوەوو تۆمارکردنیان بووبێت ئەوا ئەم پێودانە رەنگە بۆ نووسینەوەی مێژووی ئەدەبی چارەگی کۆتایی سەدەی بیستەم لەبەر زۆری و بۆری بڵاوکردنەوە ناراست دەربچیٚ و هەموویان جێیان نەبێتەوە لە جوگرافیای دەوڵەتی مێژووی ئەدەبی هاوچەرخی کوردی، چونکە نووسینەوەی مێژووی نوێی کوردی رەنگە لە زۆر رووەوە وەکو هەڵکەوتەکەی سانا تربیٚ بۆ نووسینەوەو سۆراغکردنی بەلآم لە دوو سیٚ سەرەوە سەختە وەك لە بێژینگ دان وهەڵبژاردنی نموونەی رەسەن و پڕ داهێنان لەو دەقە ئەدەبییانەو فرێدانی هەندێکی دیکە لەو شەپۆڵە ئەدەبییەی کە کوردستانی هەموو کردۆتە دەریایەکی ئەدەبی تێکەڵ و پێکەڵ..ماندووبوونێکی ئێجگار زۆری دەویٚ .

کاری نوسینەوەی ئەم مێژووەش بە تەنیا تاقە کەسێك ئەستەمەو بۆ ئەوەی نەکەوێتە داوی سۆزو هەستی ئایدۆلۆژییانەی ئەم دوو سیٚ دەیەیە، پێویستە لیژنەیەکی چەند کەسی پسپۆڕ لەو بوارەدا پێکبێت و مێژوویەك لەسەر بنەمایەکی رەخنەیی و تیۆری دابڕێژرێت، تا لە داهاتوو مێژووی ئەم چارێگە سەدەیە بە ناتەواوی و نالەباری بە بەبەر بەژنی ئەدەبیاتی کوردی دانەبڕیٚ. بە ئومێدی ئەوەی مێژووییەکی هەمەلایەن و لە سەر بنەمایەکی رەخنەیی و تێوری و شیکاری ئەدەبی هاوچەرخی کوردی بەتایبەت هەردوو دەیەی هەشتاو نۆهەتەکان بنووسرێتەوە و ببێتە تۆمارێك بۆ دەرخستنی نموونەی ئەدەبی هاوچەرخی کوردی.

# سوپاس و پێزانین

زۆر سوپاس بۆ ئەم بەڕێزانەی خوارەوە کە بۆ ئەم ژمارەیە هاوکاری چاپکردنیان کردین:

- بەڕێز د. محەمەد سدیق محەمەد
  سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین
- بەڕێزان:
- ئاسۆ مامزادە
- ڕەفیق تۆفیق
- بارزان عبدالرحمان
- ئاسۆ حەسەن ئەحمەد